# عەلمانییەت و ئسووڵییەت

عەفیف ئەخزەر

# عەلمانییەت و ئسوولییەت

وەرگێڕانی:

شوان ئەحمەد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

عەفیف ئەخزەر
عەلمانییەت و ئسووڵییەت
وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٨٧
چاپی دووەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦٥٦ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

ژپنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-56-0

## پێڕست


پێشەکی ............ 7
دەربارەی عەلمانییەت ............ 11
عـەلمانـیـیـەت چـیـیـە؟ ............ 13
عەلمانییـەت لە چ کاتێکدا هاتە ناو جیـهانی عەرەبی و... ............ 19
ئاخۆ ئەوەی شکستی بە عەلمانییەت هێنا لە جیهانی عەرەبیدا... ............ 22
ئایە عـەلمانـیـیـەت دژ بەئاینە؟ ............ 23
ئایا عـەلمانیـیـەت دەبێـتـە مـایەی دروسـتـبـوونی دابـڕان لەگەڵ... ............ 26
بۆچی دەوڵەتی ئاینی لەگەڵ دەوڵەتی عەلمانیدا ناگونجێت؟ ............ 32
بۆچی ئیسـلامیستەکـان عەلمانییەت بە ئیلحـاد دەدەنە قەڵەم؟ ............ 33
ئایا عەلمانییەت بۆ کۆمەڵگە عەرەبییەکان پێویستە؟ ............ 38
ئایا دیموکراسی بەبێ عەلمانییەت دەبێت؟ ............ 48
بۆچی ئیدارەی ئەمەریکی ڕێگە دەدات وڵاتانێک سـەرلەبەر ببنە... ............ 51
عەلمانییەتی فرەنسی دژ بە ئاین نییە ............ 53
تیرۆر لەژێر پەردەی ئایندا ............ 65
وشککردنی سـەرچاوەکانی کولتووری جیهاد و شەهیدبوون ............ 75
هـەژاری و توندڕۆیی ئاینی ............ 87
ئیسـلامییـەکان و ڕۆشنبیران ............ 65

## پێشەکی

بۆ یەکەم جار لە ڕێی کەناڵی (الحرة)وە پیاوێکم بینی کە دەمێ بوو لە ڕێی نووسینەکانییەوە ناسیبووم.. لە ڕێی نووسینەکانییەوە شت فێربووم و خۆشم ویست.. ئەو پیاوە ڕۆشنبیری گەورەی توونسی "عەفیف ئەخزەر" بوو، بەڵام ئەو بینینە سەرەتا چەند مایەی دڵخۆشی بوو، کۆتاییەکەی پڕ حەسرەت و دڵگرانی بوو. دڵگرانی لەوەی دەست و قاچی ئیفلیج بوون و قودرەتی نووسینی نەمابوو، هەر ئەمەش وای لێ کرد بەپێشکێشکاری بەرنامەکە بڵێت: (گەر هەروا بمێنمەوە و نەتوانم بنووسم و ببم بە بار بەسەر خزم و هاوڕێکانمەوە، ئەوا خۆم دەکوژم. خۆم دەکوژم، گەر تا ئەو کاتە ئیسلامییە توندڕۆکان نەمکوژن).

"عەفیف ئەخزەر" یەکێکە لەو ڕۆشنبیرە ڕەخنەگرە دەگمەنانەی عەرەب کە سەردەمانێکی زۆرە سەرقاڵی ڕەخنەگرتنە لە ترادیسیۆنی ئیسلامی و سیستەمی پاتریارکی و ئەقڵییەتی ئسووڵی.. پیاوێکە بە درێژاییی تەمەنی خۆی، خەریکی خۆ نوێکردنەوە و تازەکردنەوەی فیکر و ئەو کەرەستە مەعریفی و مەنهەجییانە بووە کە کاری پێ کردوون. لە قۆناغێکدا کە مارکسیست بوو، مارکسیستێکی فزووڵی و ڕەخنەگر و پڕ پرسیار بوو، نەک وەک زۆربەی زۆری هاوتەمەنەکانی مارکسیستێکی حوجرەیی و دۆگما و ئایدیۆلۆجی.. سەروەختێکیش بوو بە کەسێکی لیبراڵی، نەفەسی ڕەخنەگرانەی درێژتر بوو.

"عەفیف ئەخزەر" جگە لە وەرگێڕانی (مانیفێست) خاوەنی چەندین کتێب و سەدان وتار و لێکۆڵینەوەیە، بەشێکی زۆری پڕۆژە ڕەخنەییەکەی تەرخانە

بۆ خستنه ڕووی ئەو کولتووره دیسپۆتیزمی و مەرگدۆستەی له کۆمەڵگه ئیسلامییەکاندا باڵادەستە و ڕێگره لەوەی ئەم کۆمەڵگانه تێکەڵ بەپڕۆژەی مۆدێرنه بن و فەزای سەدەکانی ناوەڕاست جێ بهێڵن.. ماوەیەکی زۆر ئەم وتاره ڕەخنەییانەی لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (الحیاة) بلاو کردەوە، بەڵام سەرپەرشتیارانی (الحیاة) لەو ڕەخنانەی جاڕس بوون و ڕێگەی نووسینیان لەو ڕۆژنامەیەدا لێ گرت.. پاش ئەوە له سایتی (ئیلاف)دا لەسەر هەمان ڕەوتی خۆی درێژەی بەنووسینەکانی دا، تا ئەو کاتەی دەردی ئیفلیجی پەنجەکانی له گۆ خست و له نووسین کەوت.

شەڕی گەورەی ئەم پیاوه له ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، شەڕ بووە له دژی تیرۆر و توندڕۆیی و ڕەفتار و ئایدۆلۆجیای ژیانکوژیی گرووپە ئیسلامییه ئسووڵییەکان.. له بەرامبەر ئەم هەڵوێستەشیدا، کەوته بەر شالاو و تەشەرلێدانی زۆر لەو قەڵەمه کۆنەپەرست و شۆڤێنییانەی کە تۆمەتگەلێکی وەک کافر و گومڕا و بەکرێگیراو ونەسرانی و زایۆنییان دایەپاڵی. پاش هەموو ئەو کۆششه فیکری و بەرهەمه مەعریفی و ڕەخنەییانەی ئەنجامی دان، ئێستا ئەم بیریاره بەتەنیا پیریەتی و ئیفلیجی و هەڕەشەی تیرۆریستان گەمارۆیان داوە. له هەمووی ئەستەمتر ئەوەیه ئیفلیجی، پەنجەکانی ئەم پیاوەی له قەڵەم و له نووسین کرد. خەمی گەورەش لێرەدایه کە"عەفیف ئەخزەر" لەو دیمانەیەی کەناڵی (الحرة)دا بڵێت: (گەر هەروابم، خۆم دەکوژم!).

لەپای ئەم هەواڵه ناخۆشەدا، "د. خالد منتصر" ڕۆژی شەموو ١٥/٥/٢٠٠٤ له سایتی ئیلافدا وتارێکی له ژێر سەردێری (عفیف الروح واخضر القلب... لاتنتحر فنحن نحتاجك) نووسی و له بەشێکیدا دەڵێت: (گەر تۆ خۆت بکوژیت، لەگەڵتدا هەموو مانا جوانەکان خۆیان دەکوژن و هەرچی گوڵه یاسەمینەکانیشه دەمرن و ئێمەش هەرگیز لەخۆمان نابوورین).

***

له خوێندنەوەی وتار و کتێبەکانی ئەم پیاوەوه تێگەیشتم بیر و

بۆچوونەکانی لەمەڕ مەسەلەگەلێکی وەک: (عەلمانییەت و فێندەمێنتالیزم و تیرۆر و توندڕۆیی و مۆدێرنیزاسیۆن)، چ بایەخ و گرینگییەکی گەورەیان بۆ دنیای ئەمڕۆمان هەیە. بۆچوونەکانی ئەو لەم دنیا سیخناخە بەتیرۆر و تۆقاندن، چۆن دەتوانێت چاوێکی ترمان بداتێ بۆ بینین و دەرفەتێکی ترمان پێ ببەخشێت بۆ بیرکردنەوە لە واقیعی حاڵی خۆمان. تیۆریزەکردنی ئەو بۆ واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و فەرهەنگیی جیهانی ئیسلامی، ئەو چەکەمان دەداتێ تا دەستنیشانی کەلێن و برین و قەیرانەکانی پێ بکەین و لە هەوڵی گۆڕینی مێژوویەکدا بین، کە شەبەنگ و تارماییەکانی تا هەنوکەش بەدوامانەوەیە.

لە رۆشنبیریی عەرەبیدا کەم هەن بەڕۆشنبیری گەورە و ناسراو ناوزەد بکرێن، ئەڵبەتە "عەفیف ئەخزەر" لە ریزی پێشەوەی ئەو ژمارە کەمەی رۆشنبیرە گەورە و بەناوبانگەی جیهانی عەرەبیدایە. لەناو ژاوەژاوی فەتوای ژەهراوی و تیرۆر و کوشتن و تۆقاندنی ئیسلامییەکاندا، فیکری ئەم پیاوە بە ویقارە دێت و بەوپەڕی بوێرییەوە قسەی خۆی دەکات. هیچ شتێکیش هێندەی قسەکانی ئەم، گرووپە تیرۆریستەکانی ئیسلامی سیاسی سەغڵەت ناکات. فەتواکەی "راشد غەنووشی" لەم ماوەیەی دواییدا بۆ تیرۆرکردنی "عەفیف ئەخزەر" لەسەر جێی مردن، چاکترین نموونەیە.

ئەم چەند وتارەی لێرەدا وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، مشتێکە لە خەرواری ئەو نووسینە زۆر و زەوەندانەی ئەم پیاوە بوێر و بیرتیژە بە درێژایی چل ساڵی رابردوو نووسیویەتی. بەو ئومێدەی ئەمە دەسپێک و سەرەتایەک بێت بۆ وەرگێڕانی وتار و لێکۆڵینەوەکانی تری، چونکە ئێمە دەتوانین زۆر شت لەم پیاوە فێر بین: (راستگۆیی و بوێری و سەرکێشکردنی فیکری لە پێناو دڕدان بە تاریکی و فەراهەمکردنی ژیانێک کە شایستەی مرۆڤ بێت).

شوان ئەحمەد – ٢٠٠٦/٤/١٥

# دەربارەی عەلمانییەت

## عەلمانییەت چییە؟

فەرهەنگی (ڕۆبێر) عەلمانییەت بەوە پێناسە دەکات کە: (چەمکێکی سیاسییە و دەخوازێت کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵگەی سیاسی جیا بکاتەوە، بە جۆرێک دەوڵەت هیچ دەسەڵاتێکی ئاینی نەبێت و کڵێساش خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی نەبێت). ئەم پێناسەکردنەی عەلمانییەت، "محەمەد عەبدە" لە وتە بەناوبانگەکەیدا بەم جۆرە فۆرمەلەی دەکات: (نە لە سیاسەتدا ئاین هەیە و نە لە ئاینیشدا سیاسەت). "سەعد زەغلوول"یش لە ڕستە بەناوبانگەکەیدا بەم شێوەیە قسەی لێ دەکات: (ئاین بۆ یەزدان و نیشتمانیش بۆ هەمووان).

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر دەڵێم، سێ جۆر دەوڵەت هەیە:

١-دەوڵەتی ئاینی.

٢-دەوڵەتی عەلمانی.

٣-دەوڵەتێک کە لە قۆناغی گواستنەوەدایە (لە ئاینەوە بەرەو عەلمانی).

دەوڵەتی ئاینی ئەو فۆرمەیە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبووە و لە ساتەوەختی ئەمڕۆدا، جگە لە دەوڵەتی ڤاتیکان لەسەر زەمینی مەسیحییەت و لەسەر زەمینی ئیسلامیش جگە لە کۆماری ئیسلامی ئێران و دەوڵەتی عەرەبستانی سعوودی و سوودان و دەوڵەتی تالیبان کە لە ساڵی ٢٠٠٢دا ڕووخا، ئاسەواری نەماوە. بەڵام دەوڵەتی عەلمانی لەمڕۆدا دەوڵەتی باڵادەستە، بە تایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتوودا. هەرچی ئەو دەوڵەتەشە کە لە قۆناغی گواستنەوەدایە لە دەوڵەتی ئاینییەوە بۆ دەوڵەتی عەلمانی، ئەو نموونەیە کە ئێستا لە فەزای عەرەبی ئیسلامیدا هەیە.

بابزانین مـــەبەست لـه دەوڵەتـی ئاینـی واته theocratique (کــە لە زمــانە ئەوروپاییـیـەکاندا وای پێ دەڵێن)، چییـە؟ مێـژوونووسی یەهوودی Flavius Joseph بـەم جـــۆرە باسـی لـێ دەکـــات: (دامـــەزرێنـەری دەوڵـەتـی ئـاینـی، مووسایە. ئەوە کە هێز و دەسەڵات دەخاتە دەستی یەزدان، واتە بڕیار دەدات حــاکــمـیــیــەت بۆ یـەزدانە و ئەمـــەش خــاڵێکی جــەوهـەرییــە لـە پڕۆژەی ئیسلامییـەکاندا). دەوڵەتی ئاینی بەپێی پێناسەی مێژوونووسی یەهوودی "فـلافـیـۆس یوسـف" بریتـیـیـە (لـەو دەوڵەتەی شـەریعـەتی ئاسـمـانـی پەیڕەو دەکــات، نەک ئەو یاســا و ڕێســایانـەی مـرۆڤ دایڕشـتـووە). ئەی دەوڵـەتی عەلمانی کامەیە؟ ئەو دەوڵەتەیە کە خۆی لە کاروباری ئاینی هەڵناقورتێنێت و ڕێگەش بە پیاوانی ئاینی نادات دەست وەربدەنە ناو کاروباری سیاسی. ئەم دەوڵەتە تـەنیـا کـار بە یاسـای وەزعی دەکـات نەک بە شـەریعـەت.. ئەی ئەو دەوڵەتە چییـە کە لە قـۆناغی گواسـتنەوەدایە لە تیـۆکـراتییـەوە بۆ عـەلمانی؟ دەتوانـین بڵـێـین ئەو دەوڵەتەیـە کـە لە دەســتـوورەکــەیدا هاتـووە شــەریعــەت سەرچاوەی یەکەمی یاسادانانە و ژن و پیاو، موسڵمان و غـەیرە موسڵمان، لە ماف و ئەرکی هاووڵاتیبووندا وەک یەک نین.

لەم دەوڵەتەدا ژن و کـەسـانی غـەیرە مـوسـڵـمـان یان کـەمـتـر لە هاووڵاتی سـەیر دەکرێن، یـان هـیـچ حیسابێکیـان بۆ ناکرێت، چونکە بۆ نموونە ژن بۆی نییـە خـۆی بۆ پۆسـتی سـەرەک دەوڵەت یان بۆ ئەو پۆسـتـانەی لەوە خـوارترن بپاڵێوێت. لەبەرئەوەی تا هـەنووکەش لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا، ژن وەک بوونەوەرێک سـەیر دەکرێت کـە نەفـامـە و ئیـمـانی دامـەزراو نیـیـە. هـەروەها هـاووڵاتی غەیرە مـوسڵـمانیش تا ئێسـتاش وەک (ذمي) سـەیر دەکرێت و هیچ مـافێکی هـاووڵاتی نییـە. ئەم دەوڵەتە لە هەندێ بواردا کـار بە یاسـای وەزعی دەکـات و لە هـەندێ بواری تریشدا شـەریعـەت جێبەجێ دەکات. پێم وایە ئەو دەوڵەتە تێکەڵەی (نیـوەی ئـاینی و نیـوەی عـەلمانی)یە و ئەمـڕۆ لە جـیـهـانی عـەرەبی و ئیسـلامـیدا لە ئارادایە، دەوڵەتێکی ئینتیـقالییـە، واتە لە قـۆناغی

گواستنەوەدایە لە دەوڵەتێکی ئاینییەوە بۆ دەوڵەتێکی عەلمانی.

مێژوو فێرمان دەکات ئەو عەلمانییەتەی لە جیهاندا هەیە لە سنووری جیهانی عەرەبی ئیسلامیدا ڕاناوەستێت، چونکە جیهانی ئیسلامی لە دەرەوەی مێژووی مرۆڤایەتی هیچ داهاتوویەکی نابێت. لە مێژودا کولتوورێکمان نییە توانیبێتی تاسەر خۆی لە بەرامبەر ئاقارێکی مێژوویدا ڕابگرێت کە لە قۆناغێکدا کارا بووبێت و ڕەواجی هەبووبێت. کەواتە موسڵمانان وەک تێکڕای مرۆڤایەتی، ناچارن بەوەی پەیڕەوی مۆدێرنە و لەگەڵیشیدا پەیڕەوی عەلمانییەت بکەن. زۆربەی زۆری وڵاتانی دنیا ئاینیان کورت کردووەتەوە بۆ کایەی شەخسی و بواری سیاسیشیان داوەتە دەست دەوڵەت، ئەو دەوڵەتەی دەزگا و یاسا و زانست و بەهاکانی بەپێی عەقڵی ئینسانەکان دەچێتە ڕێوە. ئەمە لە کاتێکدا دەوڵەتی ئاینی بۆ دانانی پلانە دنیاییەکانی (وەک ئابووری و سیاسەت)، ڕاوێژ بە پیاوانی ئاینی دەکات، لە حاڵەتێکدا ئەگەر پیاوانی ئاینی بۆ خۆیان لەسەر کورسی حوکمڕانی نەبوون. بەڵام دەوڵەتی عەلمانی لە کاروباری ڕۆژانەدا کە تاکە بواری پسپۆڕی ئەوە، ڕاوێژ بە شارەزایان دەکات.

لێرەدا پرسیارێکی گرینگ دێتە پێشێ، ئەویش ئەوەیە بۆچی تەنیا لە سەردەمە نوێیەکاندا دەوڵەتی عەلمانی هاتە ئارا؟ لەبەرئەوەی لەگەڵ مۆدێرنەدا، لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتی ئاینی دەبێتە جێگەی قسە و باس و کایەی ئاینی لە کایەی دنیای جیا دەکرێتەوە، ئەو دوو کایەیە هەریەکەیان بکەری کۆمەڵایەتی خۆیانیان هەیە: ئاین بڕوادار و فەقیهەکان، دنیایش هاووڵاتیان و پسپۆڕان.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەوڵەتی ئاینی خۆی لە هەموو شتێک هەڵدەقورتاند، لەبەرئەوەی هەموو شتێک ئاینی بوو. ئەم پرۆسەیەش بۆ سەردەمی نوێ دەست نادات و لەگەڵ دنیای تازەدا ناگونجێت. ماوەی پێنج

سەدەیە لە ڕۆئاوادا، ئەقڵی ئینسانی توانیویەتی ئەقڵی تیۆلۆجی کەنارگیر بکات. بەم جۆرە زانستی پۆزەتڤستی بەشێوەیەکی شێلگیرانە و دوای خەباتێکی تاقەتپڕووکێن کە هەندێک جار گەیشتووەتە سووتاندن و مێخکێشانی زانایان، توانی خۆی لە زانستی ئاینی قوتار بکات. "گالیلۆ" لە سەروەختی دادگاییکردنەکەیدا بە تاوانی کوفر و ئیلحاد، لەبەرئەوەی بە پێچەوانەی ئینجیلەوە وتبووی: (زەوی خڕە و بە دەوری خۆردا دەسوورێتەوە، نەک چەقی گەردوون بێت). بەدادوەرەکانی دەڵێت: (کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت چۆن بەرەو ئاسمان بڕۆین، بەڵام فێرمان ناکات ئاسمان چۆن دەگەڕێت). بەم جۆرە زانست سەربەخۆی وەرگرت و دوای ئەویش کایەی ئەدەبی و هونەری کەوتنەخۆ تا لە ئینجیل جیا ببنەوە، لێرە بەدواوە کتێبی پیرۆز لەوە کەوت ئینسیکلۆپیدیایەکی پزیشکی و فیزیک و ئەدەبی و هونەری و.. هتد، بێت. دواجار پاپا "ژان پۆڵی دووەم" ئیعتیباری بۆ هەریەک لە "گالیلۆگالی" و "چارلزداروِن" گێڕایەوە. بەڵام لای ئێمە تا ئێستاش قورئان هەر ئینسیکلۆپیدیایەکی زانستی و پزیشکی و جوگرافی و ئەدەبی و هونەری و تەکنۆلۆجییە و وەی بە حاڵی ئەو زانایانەشی، پڕکێشی ئەوە بکەن حەقیقەتێکی زانستی بسەلمێنن پێچەوانەی ئایەتە (زانستییەکانی) ناو قورئان بێت!. ناکۆکی زۆری نێوان ئەقڵی زانستی و ئەقڵی ئاینی، جیاوازی نێوان مافەکانی مرۆڤ (ئازادییەکانی) لەگەڵ مافەکانی یەزدان بەسەر مرۆڤەوە (گوێڕایەڵیکردنی و فەرمان و سنووربەندییەکانی)، توانییان ڕۆئاوا و پاشانیش هەموو جیهان بەرەو عەلمانییەت واتە بەرەو جیاکردنەوەی کایەی ئاینی لە کایەی دنیایی بەرن. ئەم هەنگاوە مەرجی سەرەکییە بۆ بەرەوپێشچوونی شارستانییەتی مرۆڤایەتی. جگە لە عەلمانییەت ڕێگایەکی تر لەبەردەم موسڵمانانیدا نییە تا بەو کاروانی شارستانییەتە ڕابگەن، گەر وانەکەن ئەوا دەبێت لە دەرەوەی مێژوودا بژین.

جیاکردنەوەی موقەدەس لە شتی ڕۆژانە، بەرهەمی مۆدێرنەیە.. گەر

بگەڕێینەوە بۆ مێژوو دەبینین جیاکردنەوەی ئەو دووکایە لە یەکتر، بە دەگمەن ڕووی داوە و ئەوەی هەبووە تێکەڵکردنی ئەو دووانە بووە بەیەکتری و لای هۆزە سەرەتاییەکان دەگاتە ترۆپک. چونکە لای ئەوان هەموو شتێک موقەدەسە، هەر لە مێژووی خێڵەوە تا پێشینان و سرووتەکانی ئاوسبوون و جووتبوون و منداڵ بینین و ڕاووشکار و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەندامەکانی، هەر هەمووی پیرۆز و موقەدەسن. تێکڕای ژیانی کۆمەڵایەتی خێڵی سەرەتایی، پابەندی ڕستێک سرووتی ئیرۆتیکیانەیە و هەر پێشێلکردنێکی موقەدەسیش، سزاکەی کوشتنە،.. بەڵام بۆچی سزاکەی کوشتنە؟ لەبەرئەوەی چەمکی ڕێژەگەرایی موقەدەس شتێکە، تەنیا عەقڵێکی پێشکەوتوو قبووڵی دەکات. بەڵام ئەقڵییەتی سەرەتاییەکان بەپێی پێویست گەشەیەکی وای نەکردووە، تا بتوانێت ڕێژەگەرایی ڕەهای ئاینی قبووڵ بکات و ئەولەویەتی ئەقڵی ئینسانی بەسەر ئەقڵی ئیلاهیدا پێ پەسەند بێت.

لێرەدا پێشنیاز دەکەم بۆ لێکۆڵیاران، لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری بکەن لە نێوان بۆچوونی سەرەتاییەکان سەبارەت بە پێوەندیی نێوان شتە ئاینی و دنیاییەکان، لەگەڵ تێڕوانینی ئیسلامییە هاوچەرخەکان بۆ هەمان مەسەلە. گەر ئەوە بکەن ئەوا لە بەرەنجامدا دەگەنە ئەوەی لێکچوونێکی گەورە لە نێوانیاندا بدۆزنەوە، بە تایبەت لەبارەی پەرستنی مردووان و پێشینان و لە قەڵەمدانی هەموو شتێک بە ئاینی و پابەندبوون بە سرووت و ڕەها ئاینییەکانەوە بەشێوەیەکی سایکۆباتی، لەگەڵ تەکفیرکردنی ڕێژەگەرایی و هۆکاریێتی و گۆڕان و بەرەو پێشچوون و داهاتووخوازی. لێرەدا خێڵە سەرەتاییەکان بەهانەی خۆیانیان هەیە، لەبەر ئەوە بەشێوەیەکی ڕەها لە ژێر جەبری سروشتدا بوون.. بۆ ئەوان کۆنترۆڵکردنی سروشت لەلایەن ئەقڵی مرۆڤایەتییەوە (واتە لە ڕێی زانست و تەکنۆلۆجیاوە) بۆ گۆڕینی بەشارستانییەت، بە پێشێلکردنی پەرستنی پێشینان دادەنرێت کە بەبێ سزا و تۆڵەکردنەوە تێناپەڕێت. مرۆڤی سەرەتایی لە ڕووی دەروونییەوە

هێندە کۆیلەی پێشینان و باوانییەتی، ناتوانێت بەشێوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ بیر بکاتەوە و ئەقڵی بەگەڕ بخات. ئەم حاڵەتەش لای ئیسلامییەکان دەبینین و ئەوانیش بەهۆی کۆیلایەتی دەروونیان بۆ پێغەمبەر و ئەسحابەکان و پیاوچاکانەوە، ئەقڵیان ئیفلیج بووە و توانای تێفکرینیان لە دەست داوە. لای ئیسلامییەکان ئەقڵی ئیلاهی کە پێشینان هێناویانە بۆمان هەموو شتێکە، بەڵام ئەقڵی مرۆڤ، ئەو ئەقڵەی بەرهەمی مێشکی خۆمانە هیچ نییە. لەم بارەیەوە "ئەبوئەعلای مەودوودی" سوننە مەزهەب دەڵێت: (مرۆڤ وەکو پێی وایە، هەرگیز چانسی ئەوەی نییە حوکمڕانێتی بکات.. تەواوی موسڵمانان ئەگەر هەموویان پشت و پەنای یەکتریش بن، ناتوانن تاکە یەک یاسا دابنێن.. حکوومەتەکان شایستەی ئەوە نین خەڵک گوێڕایەڵییان بکات، تەنیا ئەو کاتە نەبێت حوکم بە قورئان بکەن و بەرنامەی خوا لەسەر زەوی جێبەجێ بکەن). هەر لەم بارەیەوە "خومەینی"ی شیعە مەزهەب دەڵێت: (خەڵکی ئەو مافەیان نییە ئیمام هەڵبژێرن یان دەستنیشانی بکەن، چونکە ئەو کەسەی لە باریدا بێت ئەرکی ئیمامی بگرێتە ئەستۆ و هیدایەتی تێکڕای مرۆڤایەتی بدات بۆ سەر ڕێگەی ڕاست، ئەوە نابێت جگە لە یەزدان کەسی تر دایبنێت و دەستنیشانی بکات. کەواتە خەڵک بۆی نییە قسە لە شتێکدا بکات کە خوا خۆی بڕیاری لێ دابێت). بۆچوونی ئەم دوو تیۆرسینە سوونە مەزهەب و شیعە مەزهەب، چاکترین پێناسەیە بۆ ئەو دەوڵەتە ئاینییە ئیسلامییە هاوچەرخەی، هەنووکە لە سوودان و ئێراندا باڵا دەستە و پێ دەچێت لە وڵاتانی تریشدا بێتە ئارا.

## عەلمانییەت لە چ کاتێکدا هاتە ناو جیهانی عەرەبی و پێشەنگەکانی کێ بوون؟

یەکەمین کەس کە وتەزای Laicite بە عەلمانییەت تەرجەمە کرد، یەکێک لە وەرگێڕەکانی ناو لەشکرەکەی "ناپلیۆن پۆناپارت" بوو، لە کاتی هێرشی فرەنساییەکان بۆسەر میسر بەناوی "لويس بقطر المصري". ئەمەش لەو فەرهەنگە فرەنسی – عەرەبییەدا هات کە بۆ یەکەم جار لە مانگی مارتی ١٨٢٨دا چاپ کرا، پاشان کۆڕی زمانی عەرەبی لە قاهیرە ساڵی ١٩٦٠ لە فەرهەنگی (الوسيط)دا، ئەم چەمکەی پەسند کرد و بڕیاری لەسەر دا.

عەلمانییەت وەک سیستەمێکی هەمەلایەن و پرۆژەیەکی سیاسی، هەرگیز پێی نەناوەتە ناو جیهانی عەرەبی. دوای بەریەککەوتنی جیهانی عەرەبی بە ئەوروپا، لە ڕێی کۆلۆنیالیزمەوە وڵاتانی عەرەبی ئیسلامی، دەستبەرداری هەندێک شتی ناجۆری ناو دەوڵەتی ئاینی بوون، وەک: (بیرازکردنی مەی خۆر و بڕینی دەستی ئەوانەی دزی دەکەن، لەگەڵ بەرد بارانکردنی ئەو کەسانەی پێوەندی ناشەرعی دەکەن و سەرانەسەندن لەوانەی موسڵمان نین و سەر بە ئاین و مەزهەبی ترن). تا ئێستاش لە وڵاتێکی وەک عەرەبستانی سعوودیەدا، ئەم سزایانە کاریان پێ دەکرێت و ماون. بۆ نموونە دوو هەفتە پێش ئێستا حوکمێکی شەرعی درا بەسەر نووسەرێکی ئەو وڵاتەدا کە بە داخەوە هەنووکە ناوەکەیم بیر نایەتەوە، حوکمەکەشی زیندانیکردن و لێدانی ٢٠٠ قامچی بوو! هۆکاری بەردەوامبوونی ئەو سزایانەش لە سعوودیەدا تا ساتەوەختی ئەمڕۆ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە کۆلۆنیالیزمی نەناسیوە و بەم پێیەش لە تروسکایی و ڕۆشنایی مۆدێرنە بێبەری بووە. هەرچی

وڵاتی سوودانە، ئەوا کۆلۆنیالیزمی بەخۆیەوە بینیوە و لە سایەی ئەوەشدا وازی لە یاسای کۆیلایەتی و سزا ئاینییەکان هێنا، بەڵام ئەو دەوڵەتە ئیسلامییەی "حەسەن تورابی" بە کودێتای سەربازی دروستی کرد، سەرلەنوێ کۆیلایەتی و سزا ئاینییەکانی گەڕاندەوە ئەو وڵاتە!.

پێشەنگەکانی فیکری عەلمانی لە جیهانی عەرەبیدا، زۆر و زەوەندن. لانی کەم تەواوی ئەو ڕۆشنبیرانەی سەر بە کەمینە ئاینییەکانی ناو جیهانی عەرەبین، وەک یەهوودی و مەسیحییەکان و بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆهەڵاتی عەرەبیدا عەلمانی بوون. لە میسر و وڵاتی شام وەکو نموونە، دەتوانین ناوی ئەمانە بێنین: (جورجی زێدان و شبلی شومێل و یەعقووب سەڕوف و میخائیل نەعیمە و جوبران خەلیل جوبران و فەرەح ئەنتوان و سەللامە موسا و... هتد). بەڵام لەمڕۆدا ئەوانەی داوای عەلمانییەت دەکەون یەک و دووان نین، بگرە خواستێکی دەستەجەمعییە و بەکۆ داوای دەکەن. لێرەوە ئیعترافکردن بەکەمایەتییە ئاینی و ئەتنییەکانی ناو وڵاتانی عەرەبی و دەستەبەرکردنی تەواوی مافەکانی هاووڵاتیبوون بۆیان، دەبێتە سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ مۆدێرنیزەبوونی سیاسی، واتە بۆ عەلمانییەت و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ. بۆ نموونە شیعەکانی عەرەبستانی سعوودیە داوای عەلمانییەت دەکەن، بۆ ئەوەی لە دێوەزمەی وەهابییەت ڕزگاریان بێت کە وەک کافر مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. ئەی "ئیبن تەیمیە"ی سەرچاوەی یەکەمی وەهابییەت نالێت: (ئەوەی گومان لە کافریی شیعە بکات، کفر دەکات)!. هەروەها نەتەوەی کورد لە عێراقدا پاسەوانێکی وریا و چاوکراوەیە کە ناهێڵێت، دەوڵەتێکی تیۆکراتی شیعە مەزهەب لەو وڵاتەدا بێتە ئارا. لەم بارەیەوە سەرکۆماری عێراق "جەلال تاڵەبانی" وشیاری دا لەبارەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاینی لە عێراقدا. سەرکردەی شیعەکانی عێراق لەناویشیاندا سەرەک وەزیران بە ئاشکرا ڕایان گەیاند، ئەوان وەکی عێراقی نەک وەک شیعە حوکمی عێراق دەکەن، ئەمەش بۆ خۆی کرۆکی

عەلمانییەتە. هەرچی پێشەنگەکانی مۆدێرنەشە لە جیهانی ئیسلامیدا ئەوا ڕێژەیان زۆرە، گەر بێتو لە تێکڕای وڵاتانی عەرەبی ئیسلامیدا بکەوینە سەرژمێرکردنیان. بەڵام ئەژمارکردنیان لەم باسە کورتەدا و بەم خێراییە، کارێکی گرانە. لێرەدا هەر هێندە دەتوانین ناوی ژمارەیەک لەوانە بێنین کە کاریگەرییان لەسەر دەستەبژێریی ئاینی هەبووە لە وڵاتانی عەرەبیدا، وەک: (ڕەفاعە تەهتاوی، محەمەد عەبدە، قاسم ئەمین، لوتفی سەید، تەها حسێن، عەلی عەبدولرازق، کامل گەیلانی، ئیسماعیل مەزهەر، ئەحمەد ئەمین). هەروەها نابێت "فەرەج فۆدە"ش لە یاد کەین ئەگەرچی لە پێشەنگانی عەلمانییەت نەبوو، بەڵام لە یەکەمین شەهیدەکانی ئەو ڕێبازە بوو. هاوکات نابێت "تاهر حەداد"مان لە وڵاتی توونس لە یاد بچێت کە توانی فیقهی سەدەکانی ناوەڕاست بکاتە عەلمانی، بەتایبەت کە توانی ڕێ لە فرەژنی بگرێت و نایەکسانی لە میراتیدا لە نێوان ژن و پیاودا نەهێڵێت.

"حەبیب بۆرقێبە"ش یەکێکە لەوانە و توانی ئەو خواست و داواکارییانەی "تاهیر حەداد" جێبەجێ بکات، بەڵام لەبەردەم هەڕەشەکانی شا "فەیسەڵ"دا کشایەوە.. شا "فەیسەڵ" هەڕەشەی ئەوەی لە "بۆرقێبە" کرد گەر بێتو یاسای چونیەکی ژن و پیاو لە میراتدا دەربکات، ئەوا سعودیە پێوەندییە دیپلۆماتییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتی توونسدا دەپچڕێنێت و فەقیهەکانی جیهانی ئیسلامیش هان دەدات بۆ ئەوەی تەکفیری بکەن.

## ئاخۆ ئەوەی شکستی بە عەلمانییەت هێنا لە جیهانی عەرەبیدا، بەرخوردی ئیسلام بوو یاخۆ لاوازیی گوتاری عەلمانی بوو؟

تا هەنووکە عەلمانییەت سەرکەوتوو نەبووە لەوەی لە جیهانی عەرەبیدا شوێن پێی خۆی بکاتەوە، هۆکاری سەرەکیش لەمەدا ئەوەبووە ئیسلام ئەو ڕیفۆرمە پێویستەی تێدا نەکراوە کە لە ئاینی مەسیحی و یەهوودی و ئەوروپاییدا کرا، ئەو چاکسازییە ئاینییەی لە ئەوروپادا کرا ئاینی قایل کرد بەوەی کایە و بوارە جۆراوجۆرەکان لە یەکتر جیا بکرێنەوە. واتە ئاین ڕازی بوو بەوەی تەنیا خەریکی مەسەلەی ئاینی بێت و مەسەلەی ژیانی ڕۆژانەش جێ بهێڵێت بۆ دەوڵەت، چونکە ئەوە شوێنکاری دەوڵەتە. دووەمین هۆکاری شکستی عەلمانییەت لە جیهانی عەرەبیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ترسنۆکی نوخبەی سیاسی. لە تورکیا ڕیفۆرمی ئاینی لە ئیسلامدا نەکراو بۆرجوازییەتیش چینێکی لاواز و بێ دەسەڵات بوو، هەروەها جووتیاران ڕێژەی ٩٠٪ دانیشتوانی وڵاتیانی پێک دەهێنا، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردەیەکی موسڵمانی وەک "کەمال ئەتاتورک" توانی دەوڵەتی تیۆکراتی عوسمانی (واتە خەلافەت)، کۆتایی پێ بێنێت و لەسەر دار و پەردووی ئەویش دەوڵەتێکی عەلمانی بنیات بنێت کە شەرم لە شوناسی عەلمانیبوونی خۆی ناکات.

## ئایە عەلمانییەت دژ بەئاینە؟

وەک لە پێناسـەکـردنەکـەی فـەرهـەنگی (رۆبێـر)دا بینیـمـان، عـەلمانـیـیـەت جیاکردنەوەی دەوڵەتە لە کڵێسا، واتە تەنیا برێتییە لە جیاکردنەوەی کایەی ئاینی لە کایەی دنیایی.. بەریتانیا وەکو فرەنسا دەوڵەتێکی تەواو عەلمانییە، بەڵام شاژنی بەریتانیا نازناوی (پارێزەری کڵێسای) هەڵگرتووە. شانشینی وڵاتی مەراکیشیش دەتوانێت عەلمانی بێت و پادشاکەشی نازناوی (امیر المؤمنین)ی هەبێت، هەروەها توونس دەتوانێت عەلمانی بێت و سەرۆکەکەشی وەک (پارێزەری ئیسلام) بناسرێت. دەبێت مرۆڤ بێ ئاگابێت لە چەمکی عەلمانییەت، وەکو ئەوەی لە فەرهەنگە ئەوروپاییەکاندا هەیە، لەبەرئەوەی ئەوروپا واری عەلمانییەتە، یاخۆ وەکی زۆربەی سەرکردەکانی ئیسلامی سیاسی بەدگومان بێت، تابەعەلمانییەت بڵێت پرۆسەیەکە دژ بەئاین. بەتایبەت کە عەلمانییەت لەمڕۆدا و لە وڵاتانی تەواو عەلمانی وەک فرەنسادا، بووەتە عەلمانییەتێکی کراوە بەسەر زۆر لایەنی ژیاندا و هیچ زیانێکیش بەمافی هاووڵاتیبوونی مۆدێرن ناگەیەنێت. ئەو هاوڵاتیبوونەی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو و ئیماندار و بێ ئیماندا دەستەبەر دەکات. بێلایەنی دەوڵەتی عەلمانی فرەنسی بەرامبەر بەئاین، دەستی نەگرت لەوەی ساڵی ١٩٢١ لە پارەی باجدەران مزگەوتی بەناوبانگی پاریس دروست بکات، وەک رێزلێنانێک لە گیانی ئەو سەربازە موسڵمانە مەراکیشیانەی لە شەڕەکانی جەنگی جیهانی یەکەمدا و لە پێناو بەرگریکردن لە فرەنسادا تێداچوون. هەروەها نەبووە رێگر لەوەی "دۆمینیک دۆڤلپان" ی وەزیری ناوخۆی فرەنسا و لێپرسراوی کاروباری ئاینی، دەزگایەکی خێرخوازی ئیسلامی

دابمەزرێنێت بۆ کـۆکـردنەوەی کـۆمـەک لە خـێـرخـوازان، بەمـەبەسـتی دروسـتکردنی مـزگـەوت و پێـدانی خـەرجی بەو زانکۆ و پەیمـانگا ئیسلامییانەی لە قۆناغی بیناکردندان. ئەم دەزگا خێرخوازییە دەستبەجێ و لەگـەڵ دامـەزراندنیـدا، ٨٠٠ ملیـۆن یۆرۆی لەلایەن کـەسـانێکی کـۆمـەک بەخشەوە پێ گەیشت کە ناوی خۆیان ئاشکرا نەکرد.

کەواتە ئەو وڵاتە عەرەبییانەی لە داهاتوودا دەبنە عەلمانی، عەلمانیبوونیان رێی ئەوەیان لێ ناگرێت بەیەکسـانی یارمـەتی ئاین و ئاینزای سـەرجەم هـاووڵاتیـان بدەن. لە داهاتووشـدا ئەم مـۆدێلی عـەلمانییـەتە لەسـەر زەمـینی ئیسـلامـدا بەرقـەرار دەبێت. وەکی تورکیـای عـەلمانییـەت کـە دەسـتوورەکەی رێگەی پێ دەدات شـوێنی خـواپـەرسـتی بۆ تەواوی هـاووڵاتیـانی بکاتەوە، سـەرەڕای جیاوازی ئاینییـان. ئیـتر بۆچی نابێت دەوڵەتی عـەلمانی خوێندنی ئاینی لە ژێر دەستی خۆیدا بێت، بەمـەرجێک هـەوڵ بدات بیکاتە خوێندنێکی ئاینی چاکسازی مـۆدێرن، بۆ ئەوەی هـاووڵاتییـانی سبـەینێ دروست بکات. ئەو هـاووڵاتیـیـانەی بەهاووڵاتیـبـوونی مـۆدێرن ئاشنا دەبن و لە مـافی هاووڵاتیبووندا هەڵاوێرد لە نێوان پیاو و ژن، موسڵمـان و غەیرە موسڵماندا ناکـەن و بێ هیچ دوودڵیکردن و هـەسـتکردن بـەتاوانێک ددان بەو مـافـانەدا دەنێن.

بۆ ئەوەی خوێندنی ئاینی خوێندنێکی چاکسازی و مۆدێرن بێت، پێویستە خـوێندکاران بەیـارمەتی زانسـتە مۆدێرنەکانی وەک: (مـێژووی بەراوردکاری ئاینەکان و سۆسیـۆلۆجیای ئاین و پیسکۆلۆجیا و ئەنسـرۆپۆلۆجیای ئاینی و زمـانەوانی و هێرمـۆنۆتیکا و فـەلسـەفـە)، ئاین بخـوێنن. بۆ ئەوەی گـەنجـان و نەوەکانـی داهاتوو، ببنە خاوەن فیکرێکی رەخنەیی. لە توونس خوێنـدکارانی کۆلیـجی ئاینی بەدرێژایی چوارسـاڵ فـەلسـەفـەی ئیـسـلامی و فـەلسـەفـەی مۆدێرن دەخوێنن. هیچ شتێک وەک فەلسەفە و زانستە مرۆڤایەتییەکان نییە، بۆ ئـەوەی ئەقـڵی مـرۆڤـەکـان لـە پڕوپاگـەندە ئاینی و سـیـاسـیـیـەکـانی

ئیسلامیستەکان بپارێزێت. ئەم جۆرە خوێندنەوە ئاینییە ریفۆرمی و مۆدێرنە، پێویستە دەوڵەتی عەلمانی لە فەزای عەرەبی و ئیسلامیدا بیسەلمێنێت و کاری پێ بکات. بۆ سەرلەنوێ فۆرمەلەکردنەوەی هوشیاریی تەقلیدی ئیسلامی و مکۆمکردنی هوشیاری نەوەی نوێ، دژ بەدەمارگیری و توندڕۆیی تیرۆر و جیاوازیی ئاینی، واتە دژ بەخود ئەڤینی ئاینی کە ڕەوایەتی بەچەوسانەوە و سڕینەوەی تێکڕای ئاینەکانی تر لەلایەن ئاینێکی ترەوە دەدات.

## ئایا عەلمانییەت دەبێتە مایەی دروستبوونی دابڕان لەگەڵ ڕەگوڕیشەی ئیسلامیماندا؟

عەلمانییەت دابڕانە لەگەڵ دەوڵەتی ئۆتۆکراسی و تیۆکراسی، واتە لەگەڵ دەوڵەتی ئاینی و ستەمکاری، لەگەڵ دەوڵەتی خەلیفە کە تەنیا مەگەر بەمردن و کوفری ئاشکرا لەسەر کار لا بچێت. دابڕانە لەگەڵ دەوڵەتی بیرازکردنی مەی خۆر و بڕینی دەستی ئەوەی دزی دەکات و بەردبارانکردنی ئەوانەی پێوەندی ناشەرعەی دەکەن تامردن و حەڵاڵکردنی خوێنی بیریارە ئازادیخوازەکان بەناوی هەڵگەڕانەوە لە ئاین. دابڕانە لەو دەوڵەتەی بەناوی شەریعەتەوە، مافی ژنان پێشێل دەکات و هاوولاتی غەیرە موسڵمان دەچەوسێنێتەوە. بەناوی یاسای سەدەکانی ناوەڕاستەوە، گرافیک و وێنەکێشان و شیعر و گۆرانی و توێژینەوەی زانستی قەدەغە دەکات. دابڕانە لەگەڵ ئەو کولتوورەی رشتنی خوێنی خەڵکی بێتاوان حەلاڵ دەکات و کوشتنی کۆرپەڵە لە سکی ژنانی جوولەکەدا بەڕەوا دەزانێت، وەک "یوسف قەرزاوی" لە فەتوایەکیدا دەڵێت. یاخۆ تیرۆرکردنی "ئەنوەر سادات"و تەواوی فەرمانڕەوایانی ولاتانی ئیسلامی، بەناوی جیهادەوە بەئەرکێکی ئاینی دەزانێت، "راشد غەنووشی" لەم بارەیەوە وا دەڵێت. ئەم شتە دزێوانە بەشێکن لە کولتووری ئێمە و پێویستە بیان سڕینەوە و پێوەندییان لەگەڵدا ببڕین.. لەلایەکی ترەوە عەلمانییەت دەتوانێت بەهەموو ئەو رووبەرە گەشانەمان ئاشنا بکاتەوە کە لە کولتووری ئیسلامیدا هەیە، وەک ئەقڵی فەلسەفی و موعتەزیلەکان کە توانییان لێکدانەوەی ئەقڵی بۆ قورئان بکەن، هەروەها عەلمانییەت لەبارێدایە ئیعتبار بگێڕێتەوە بۆ عیرفانی ئیسلامی.

بێگومـان عـەلمانیـیـەت بەو پێیـەی یەکێکە لە دەسکەوتەکانی مـۆدێرنە، لە دەوڵەتـی سـەدەکـانـی ناوەڕاسـتـدا نموونەی نـەبووە، لەبـەرئەوەی دەوڵەتـی سـەدەکـانی نـاوەڕاست لەبنەڕەتدا دەوڵەتێکی ئـاینی بووە و عـەلمانیـیـەت لە لیستی ئەو بیر و باوەڕانەدا بووە کە بیری لێ نەکراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ترادسـیـۆنی ئیـسلامـی، هەندێک خـەسڵـەتی عـەلمانی تێدا بووە بۆ نموونە ڕۆژێک پێـغـەمبـەر(د.خ) بەلای چەند باخـەوانێکی خـورمادا تێپـەڕ دەبێت و دەبینێت خـەریکی مـوتـوربەکـردنی دارخـورمـاکـانن، پێـیـان دەڵێت: (ئەگـەر وازیان لێ بێـنن و مـوتوربەیان نـەکـەن چاکـترە). ئامـۆژگـارییـەکەی لـە گوێ دەگـرن، بـەڵام پاش مـاوەیـەک دەبینن بەر نـادات و دەچنە لای پێـغـەمـبـەر و دەکـەونە گلـەیی و گـازندە. ئـەویش وەڵامـیـان دەداتـەوە و دەڵێت: (وەی بەحـاڵتـان، مـن پێغـەمبـەری ئێـوەم لە کـاروبـاری ئاینـدا، بەڵام لە کـاروباری دنیادا من و ئێوە وەکو یەکین).

واتە پێـغـەمـبـەری ئیـسـلام ددانی بەوەدا نـاوە کـە دەبێت ئاین لە کشتوکاڵکردن جیا بکرێتەوە. لە جەنگی بەدردا پێغەمبەر دەیەوێت سوپاکەی لە شـوێنێکدا هەڵ بدات کـە ئەم پێی وایە شـوێنێکی قـایم و تۆکمـەیە، بەڵام شـارەزایـەکی بـواری سـەربازی لـە ئەنسـارەکـان لێی دەپرسـێت: (ئەی پێـغـەمبـەری خـوا ئەمـە وەحیت بۆ هـاتووەتە خـوار یان شـەڕ و تەڵەکـەیە؟). پێغەمبەریش بەو ڕاستگۆیییەی کـە پێی ناسرابوو وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: (نەخێر، شـەڕ و تەڵەکەیە).

لێـرەدا ئەو شـارەزایەی بواری سـەربازی پێی دەڵێت: (کـەواتە ئەم شـوێنە گـونجـاو نیـیـە و بـا وا بکەین بیـرە ئـاوەکـە بکەوێتـە پشـتـمـانـەوە، بۆ ئەوەی خـۆمان لێی بخـۆینەوە و ئەوان نەتوانن دەسـتیـان پێ بگات و لێی بخـۆنەوە). بەفـیـعلی وەهـاش دەرچوو، تینـوویەتی قـوڕەیش بوو بـە گرینگتـرین هـۆکـاری دۆڕاندنیان لەو جەنگەدا. لێرەشدا پێغـەمبەر ددان بەوەدا دەنێت کە پێویستە جیاوازی لە نێوان ئاین و ستراتیجییەتی سەربازیدا بکرێت.

وەکو دەشزانرێت "ئیمامی عەلی" بەپشتبەستن بەم سونەتانەی پێغەمبەر کە کایەی دنیایی لە کایەی ئاینی جیا دەکاتەوە، سەروەختێک "ئیبن عەباس"ی راسپارد لەگەڵ خەوارجەکاندا بکەوێتە مشتومڕ و گفتوگۆوە، داوای لێ کرد لەگەڵیاندا سوننەتی پێغەمبەر بەکار بهێنێت نەک ئایەتەکانی قورئان، لەبەرئەوەی قورئان وەکی "ئیمامی عەلی" خۆی دەڵێت (حمال اوجە)، واتە چەندین لێکدانەوە هەڵ دەگرێت، لەبەر بوونی ئایەتگەلێکی لەیەکچوو (واتە ڕوون نییە و تەمومژ لە ماناکەیدایە)، چونکە ئەو ئایەتانەی روون و ئاشکران تەنیا ڕێژەی ٦٪ی قورئان پێک دێنن.

مێژوونووسی میسری "حسێن مونس" دەڵێت: (ئەو ئەسحابانەی ئامادە نەبوون بەشداری شەڕی نێوان عەلی کوڕی ئەبی تالیب و معاویەی کوڕی ئەبو سفیان بکەن، خۆیان ناونابوو ئەو کەسانەی لەسەر چۆک دادەنیشن. لەوانە عەبدوڵلای کوڕی عومەر و ئەبوهورەیرە). "ئەبو هورەیرە" ئەو وتەیەی دراوەتە پاڵ کە دەڵێت: (لە پشت عەلییەوە نوێژ دەکەم، چونکە نوێژکردن لە دوای عەلییەوە باشترە. لەسەر خوانی مەعاویەش نان دەخۆم، چونکە خواردن لەسەر سفرەی مەعاوییە لەبارترە. لەسەر چۆکیش دادەنیشم، چونکە دانیشتن لەسەر چۆک چاکترە). ئەمانە دوای کوشتنی "عەلی" پەیمانیان بە "مەعاویە"دا و وەک مەرجێک بۆ موبایەعەکە پێیان وت: (ئێمە کاروباری ئاینی خەڵک بەڕێ دەکەین، تۆش کاروباری دنیاییان بۆ بەڕێوەبەرە).

ئەم دابەشکردنی کارە لە نێوان خولەفاکان و فەقیهەکاندا، دەستپێکی عەلمانییەت بوو کە تاهەنووکەش نەگەشتووەتە ئاستی پێویست. "مەعاویە" خۆشی سەرەتاکانی ئەم عەلمانییەتەی داڕشت، کاتێک وازی لەوە هێنا پێشنوێژی بەخەڵک بکات و لەبری خۆی پێشنوێژێکی دیاری کرد، بۆ ئەوەی نوێژ بەخەڵک و خوا بکات. ئەم دابەشکارییە لە نێوان رێبەرایەتیکردنی دەوڵەت و پێشنوێژیکردندا، پڕۆژەی دەوڵەتێکی عەلمانییە و تائێستاش تەواو

نەبووە. دوای "مەعاویەی کوڕی ئەبوسفیان"، خەلیفەکانی ئیسلام وازیان لەوە هێنا پێشنوێژی بۆ خەڵک بکەن، بەڵام سەرانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران تاهەنووکە پێشنوێژیی خەڵک دەکەن. ئەڵبەتە ئەمەش لەبەرئەوەیە ئێران کۆمارێکی ئایینییە و نایەوێت ددان بەوەدا بنێت کە جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت، پرۆسەیەکی پێویستە و دەبێت ئەنجام بدرێت.

دابەشکردنی کار لەنێوان فەقیهەکان کە کاروباری ئاینی خەڵک و خوا رادەپەڕێنن، لەگەڵ خەلیفەکاندا کە کاروباری رۆژانەی خەڵک بەئەنجام دەگەیەنن، بەدرێژایی چوار سەدە بەتایبەت لە رۆژهەڵاتدا بەردەوام بوو. خەلیفە کەم تازۆر حوکمڕانێکی دنیایی بووە، بەڵام بەشەریعەتێکی ئاینییەوە: شەرعییەتی عولەمای ئەهلی سوننە و جەماعەت و هەروەها شەرعییەتی نزا بۆکردن لە نوێژی هەینیدا، هەموو شتە تازەکانیشی (واتە ئەو شتانەی دەیانکات وەک تازەگەرییەک لە ئایندا)، دەچێتە بواری (المصالح المرسلة) بابێکە لە فیقهی ئیسلامیدا باس لەو شتانە دەکات کە لە بەرژەوەندی ئەهلی ئیسلامە، وەک حەڵاڵکردنی حەرام. بە لاساییکردنەوەی "عومەری کوڕی خەتاب" کە (نکاحی متعە مارە بڕینی بۆ چێژوەرگرتن واتە بۆ کاتێکی دیاریکراو نەک هەتا هەتایی حەرام کرد)، لە کاتێکدا بە وتەی پێغەمبەر لە ئیمامی (مسلم و بخاری) گێڕاویانەتەوە و لە ئایەتی (٢٤ – نساء)دا هاتووە حەڵاڵە، (فما استمتعتم به منهن فأتوهن أجورهن). ئەم ئایەتە لە نوسخەی (قورئانە نووسراو و کۆکراوەکەی) "ئیبن عەباس"دا هاتووە و "عوسمانی کوڕی عەفان" لەگەڵ هەندێ نوسخەی تردا سووتاندنی. لەم بارەیەوە "طەبەری" دەگێڕێتەوە کە "عەلی" سەبارەت بە نیکاحی موتعە وتوویەتی: (ئەگەر عومەر حەرامی نەکردایە، ئەوا تەنیا مرۆڤی لاسار زینای دەکرد، چونکە هەموو کەسێک نیکاحی موتعەی دەکرد و بوارەکە فراوان بوو). هەروەها "عومەر" ئەوەشی حەرام کرد کە ئەو موسڵمانانە (جەنگاوەرانەی) دەچوونە وڵاتی فارس، ژنانی فارس بهێنن، (ئەڵبەتە

عـەرەبەکـان پۆل پۆل مـارەیان دەکـردن)، بۆ ئـەوەی کـچـە عـەرەبەکـان بە قەیرەیی نەمێننەوە.

بەگشتی خواست و داواکاریی پیاوانی ئاینی لە خەلیفەکان، تایبەت بوو بەکـاروباری ئاینی و مـۆراڵی وەک: (چاوکـراوە بن بۆ جـێـبـەجـێکردنی شـەریعـەت یاخۆ بە بەزەیی بن لەگەڵ ئەوانەی مـوسـڵـمـان نین، بەڵام لە دار ئیسلامدان)، هـەروەکو ئەبویوسفی هاوڕێی ئەبوحەنیفە کردی لە کتێبی الخـراج، باج-داو زۆر بە وردی باسـی لەو بارە قـورس و حـاڵەتە نالەبارە بۆ هاروونە رەشـید کـرد کە لە وەرگـرتنی باجـدا دیار دەکەوێت و هەندێ جار دەگەیشتە ٩٠٪ی بەروبوومەکانیان.

زۆرێک لە پیاوانی ئاینی سوننە مەزهەب پێیان وایە، شـورا بەتەنیا ئەرکی مۆجیاری و ئامۆژگاریکردنە و خـەلیفـەش بۆی هەیە کـار بەو ئامـۆژگاری و رێنوێنییانە نەکات، ئـەمەش بۆخۆی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئیعترافکردنە بەوەی کـایەی سـیـاسـی لە کـایەی ئاینی جـیـاوازە، تەنانـەت پیاوانی ئاینیی سـوننە رێگەیان بەخۆیان نەداوە قـەرەی کاروباری سـیاسـی بکەون، ئەویش بەپشـتـبـەسـتن بەو رێسـایـەی دەڵێت: (ئەو کـەسـەی داوای دەسـەڵات بکات، نابێت بە زانا).

ئەم رێسـایەش بوو بەکۆسپێک لەبەردەم ئەوەی حکوومـەتی پیـاوانی ئاینی لە ئیسلامدا دروست بێت، بە تایبـەتیش لە وڵاتانی ڕۆهـەڵاتی عەرەبیدا. تەنیا کەسێکیش کە لـەم ڕێسایە لایدا و کاری بەو دابەشکارییـە نەکرد لە نێوان خـەلیفە و پیاوانی ئاینیدا کە لە سـەردەمی "مـەعاوییـەوە" لە ئارادایە، تەنیـا مەزهەبی وەهابی بوو کە دژی خەلافەتی عوسـمانی ڕاپەڕی، ئەویش بە ناوی فیـقـهێکی تۆتالیـتاری دەمارگیرەوە کە هیچ ئیعـترافێک بە جیاکردنەوەی نێوان کایەی ئاینی و کایەی سـیاسـی ناکات. ئەم ئیسـلامـە وەهابییـە بووە هاوپەیمانی بنەمـاڵەی "آل سعود" بۆ دروسـتکردنی شـانشـینی عەرەبسـتـانی

سـعوودی، بەڵام ئەمـڕۆ ئەو باڵە ڕیفۆرمـییـەی کـە "شازادە عـەبدوڵڵا" و "تەلاڵ بن عــەبدولعــەزیـز" ڕابەرایەتی دەکــەن، دەیانەوێت خــۆیان لە کــۆت و بەندی وەهـابییـەت قـوتار کەن و سـیسـتـەمی پەروەردە نویّ بکەنەوە و لەو شـتـانەش خـۆیان ڕزگار بکەن کـە ناهێڵن موسـڵمـانان لە هیچ شـتێکدا لاسـایی ڕۆئـاوا بکەنەوە. لەم ڕووەوە موفتی سعوودیە "آل الشیخ" سـاڵی ٢٠٠٤ فەتوایەکی دا کە ڕۆژنامـەی "الاحداث المغربية" بڵاوی کردەوە تێیدا گوڵفـرۆشـەکانی بە کافر دابووە قـەڵەم، لـەبەرئەوەی لەم کـارەیاندا خـۆیان بە کـافرەکـان دەشـوبهێنن. هـەروەهـا پـیـاوانی ئـاینی وەهـابی مــەزهــەب بە هـاوکـاری "یـوسف قــەرزاوی"، ئـاهـەنـگگێـڕانیـان بەبۆنەی لـەدایکبـوونی پێـغـەمـبـەرەوە حـەرام کـردووە کـە تەواوی وڵاتـانـی جـیـهـانی ئیـسـلامی جگە لە سـعـوودیە و قـەتـەری وەهـابی مــەزهـەب، سـاڵانە یادی دەکـەنـەوە. بەناوی چییـەوە ئەمـە قـەدەغـە دەکـەن؟ بەناوی ئەوەوە کـە ئاهـەنگگێڕان بە بۆنەی لەدایکبوونـی پێغـەمبـەرەوە نەریتی بێـبـاوەڕانە، وەک "قـەرزاوی" دەڵێت. هـەروەهـا دژایەتیکـردنی جیـاکـردنەوەی دین لە دەوڵەت لە سـەردەمی نوێدا، ئیـسلامی سیاسی بە ڕابەرایەتـی ئیخوان موسلمین دەسـتی دایە. دروسـتکردنی حـیزبێکی ئاینی سـیاسـی کـە ئامانجی دروسـتـکردنی حـوکـمـەتێکی ئـاینیی و گـێـڕانەوەی خـەلافـەتە، بۆیەکـەم جـار لەسـەر دەسـتی ئیخوانەکان هاتە ئارا.

## بۆچی دەوڵەتی ئاینی لەگەڵ دەوڵەتی عەلمانیدا ناگونجێت؟

لەبەرئەوەی دەوڵەتی ئاینی، دەوڵەتی سەدەکانی ناوەڕاستە و لەو سەردەمەشدا هەموو شتەکان ئاینی بووە. بەڵام دەوڵەتی سەردەمی مۆدێرن دەوڵەتێکە بەشێوەیەکی شێلگیرانە کایەی ئاینی لە کایەی سیاسی جیا کردووەتەوە، ئەم دوو کایەیەش دژ بەیەکتری نین، بگرە یەکتری تەواو دەکەن. بەمەرجێک هەریەکەیان سەرقاڵی بواری خۆی بێت و دەخالەت لە کاروباری ئەوی تردا نەکات. دەوڵەتی ئاینی لەگەڵ دەوڵەتی عەلمانیدا پێچەوانەی یەکترین، بە تایبەت لە بواری هاووڵاتیبووندا. لە دەوڵەتی ئاینیدا جیاوازی نێوان ژن و پیاو و موسڵمان و غەیرە موسڵمان، جیاوازییەکی جەوهەرگەرایە Essentialiste و ژنان و کەسانی غەیرە موسڵمان مافی هاووڵاتیبوونیان نییە. بەڵام لە دەوڵەتی عەلمانیدا ژن و پیاو، ئیماندار و هاووڵاتی، چونیەکن و کەسیان لەوی تریان زیاتر نین.. دەوڵەتی ئاینی لەگەڵ هاووڵاتیانیدا بە لۆجیکی سەدەکانی ناوەڕاست مامەڵە دەکات و مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی دەستەوستان سەیر دەکات کە ناتوانێت یاساگەلێکی وا دابنێت تا یاساکانی ژیانی هاوبەشی پێ ڕێک بخات، واتە پێوەندیی هاووڵاتیان بە یەکتریەوە هەروەها ڕێکخستنی پێوەندیی نێوان وڵاتانی جیهان بەیەکترییەوە دیسپلین بکات.

## بۆچی ئیسلامیستەکان عەلمانییەت بە ئیلحاد دەدەنە قەڵەم؟

بۆ ئەوەی خەڵکیان لێ هان بدەن، لەبەرئەوەی بەهانەی دروستبوون و مانەوەی ئەوان بەندە بە دژایەتیکردنی مۆدێرنەوە و عەلمانییەتیش یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی مۆدێرنە. ئەی بە چی ئیسلامیستەکان مۆدێرنە تەکفیر دەکەن؟ بەناوی حاکمییەتی ئیلاهییەوە کە کرۆکی پرۆژە ئاینی و سیاسییەکەیانە و هەروەها بەناوی فیقهی "ئیبن تەیمیە"وە کە هەموو لاساییکردنەوەیەکی کافران، واتە پۆشینی جلوبەرگ و پێڕەوکردنی بەها و زانست و هەڵسوکەوت و نەریت و سیستەمی دامەزراوەکانیان، بە کوفر دەزانن و تەکفیری دەکەن. بەڵام لەسەر ئێمەی عەلمانی پێویستە لە بەرامبەر ئیسلامگەراکاندا قەناعەتەکانی خۆمان بە بوێرانە بڵێین، چونکە لە واقیعدا ئیسلامگەرا پەرچە کردارێکی فۆبیا ئامێزە لە دژی مۆدێرنەی نێو دەوڵەتی و ئەگەرەکانی هاتنە ناوەوەی بۆ سەرزەمینی ئیسلام. بێگومان ترس و بیمی ئیسلامییەکان لە جێی خۆیدایەتی، لەبەرئەوەی مۆدێرنە لەمڕۆدا بووەتە ڕەوتێکی مێژوویی و کەس ناتوانێت بەری پێ بگرێت. درەنگ یان زوو بە ئێمەش دەگات، وەک چۆن بە خێڵەکانی ئاسکیمۆ گەیشت!

لێرەدا پرکێشی دەکەم و دەڵێم ڕەنگە ئیسلامگەراکان ببنە ئامرازێکی مێژووی ناخود ئاگا، بۆ هێنانی عەلمانییەت بۆ سەرزەمینی ئیسلام. ئەوەتا دوای چارەکە سەدەیەک لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، خوێندکارانی ئەو وڵاتە شانازی دەکەن بەوەی عەلمانیین. هەروەها بەپێی ئامارەکانی شارەوانی تاران، ٧٥٪ خەڵکی شارەکە و ٨٦٪ خوێندکاران وازیان لە نوێژکردن هێناوە. ئەو موسڵمانەی سرووتە ئاینییەکان بەجێ

ناهێنێت، موسڵمانێکی عەلمانییە.. ئەو مزگەوتانەی لە سەردەمی "محەمەد ڕەزا" شادا، ٣٠٠٠-٥٠٠٠ نوێژکەر نوێژیان تێدا دەکرد، ئەمڕۆکە لە بەیانییاندا تەنیا ١٠کەس و نوێژی نیوەڕوانیش ٢٥ کەسێک ڕووی تێ دەکەن. لە مانگی ڕەمەزانیشدا تەنیا ٢٪ی میللەتی ئێران بەڕۆژوو دەبن. ئەمە لە کاتێکدا بەر لە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتەدا، تێکڕای ئێرانییەکان بەڕۆژوو دەبوون! سوودانیش وەک دەوڵەتێکی عیرفانی، بەشێکی گرینگی گەنجەکانی بەهۆی حوکمی ئیسلامگەراکانەوە، وازیان لە ئاینی ئیسلام هێنا. پێویستە عەلمانییەکان لە هاتنە سەرکاری ئیسلامگەراکان نەترسن، چونکە هەندێ لە وڵاتان خێرا و دەستبەجێ ناچن بەرەو عەلمانییەت و ئیسلامی سیاسی و سەلەفی و جیهادی جێ ناهێڵن، گەر بێتو چەشەی حوکمی تاڵ و پڕ لە ناسۆری ئیسلامگەراکان نەکەن، ئەو کات لێی بێزار دەبن و تەرێزی لێ دەکەن. ئەو تێزەیەی لە فەلسەفەی مێژووی هیگلیزمدا دەڵێت: (ناتوانین قۆناغێکی مێژوویی تێپەڕێنین، گەر بێتو ئەو قۆناغە پێ نەگەیشتبێت و سووری خۆی تەواو نەکردبێت). ڕووداوەکانی ناو مێژوو، ڕاستی و دروستیی ئەو تێزەیەی "هیگڵ" یان سەلماند. ئەو ماڵوێرانییە گەورەیەی "لینین" بەسەر بزاوتی سۆسیالیزمدا هێنای، بڕوابوونی بوو بەوەی دەکرێت سیاسەتی بە سووتماککردنی قۆناغەکان پێڕەو بکرێت، بە مەرجێک لاوازترین پنتی سەرمایەداری بکرێتە دەستپێک کە ڕووسیایە. "مارکس" وەکو "هیگڵ" پێی وابوو مەحاڵە بکرێت باز بەسەر قۆناغە مێژووییەکاندا بدرێت و دەبێت هەموو قۆناغێکی مێژوویی سووڕی خۆی تەوا کات، ئەوکات هەوڵی تێپەڕاندنی بدرێت. هەر لەبەرئەوەش بوو دژی شۆڕشی کرێکارانی پاریس وەستایەوە کە لە ساڵی ١٨٧١ بەرپابوو، چونکە پێی وابوو چوون بەرەو قۆناغی سوسیالیزم لە فرەنسا پرۆسەیەکی مەحاڵە، لەبەرئەوەی سیستەمی سەرمایەداری لەو وڵاتەدا نەگەشتبووە دوا قۆناغی پێگەیشتنی خۆی کە بە مەزەندەی "مارکس"

بەریتانیا تاکە وڵاتێک بوو، سەرمایەداری تێیدا گەیشتبووە ئەو قۆناغە پێشکەوتووە.

عەلمانییەت وەکو ئەوەی ئێستا لە جیهاندا هەیە، ئاقارێکی مێژوویی سەرتاسەرییە و ئیسلامگەراکانیش لە بەردەمیدا زۆر خۆیان پێ ناگیرێت. لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی ئێمە گەر لە مێژوودا بگەڕێینە دواوە، دەبینین موقەدەس تەواوی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و هەموو سەر گۆی زەوی داپۆشیبوو. لەو سەردەمانەدا هەموو شتێک موقەدەس بوو، مرۆڤ گەمەی دەستی خواکان بوو، ئەو خوایانەی هەموو شتێکی گەورە و بچووکیان بەدەست بوو. بەڵام بابزانین بۆچی ژیان بەم جۆرە بوو؟ لەبەرئەوەی زانست و تەکنۆلۆجیا لەو ئاستە پێشکەوتووەدا نەبوو، بتوانێت لە جیهان بگات و تەفسیری بکات و پاشان هەوڵی گۆڕینی بدات. کەواتە مرۆڤ ناچاربوو پەنابەرێتە بەر فیکری جادووگەرانە و پاشان بەر فیکری میتۆلۆجی و دواجار بەرفیکری ئاینی، بە مەبەستی ئەوەی لە دنیا تێ بگات و لێکی بداتەوە و پاشان گۆڕانکاری تێدا بکات.

لە سەدەی شەشەمی پ. زدا، ئەقڵی ئینسان قەڵەمبازێکی چۆنایەتی دا و بووە مایەی ئەوەی ئەقڵی شیکاری و ئەزموونگەری بکەوێتە کێبڕکێ لەگەڵ ئەقڵی ئیلاهیدا، بەمەبەستی بە تێگەیشتن و تاوتوێکردن و گۆڕینی جیهان.. ئەگەرچی ئەقڵ لە بەرامبەر ئەفسانەدا دووچاری شکست بوو، بەڵام جەنگ و کێشمەکێشی نێوان ئەقڵ و ئەفسانە هەر بەردەوام بوو.. هێندەی نەبرد ئەقڵ لەو شکستەی هەستایەوە و کەوتەوە کێبڕکێکردن، بەڵام ڕەوتی مێژوو بەرەو ئەوە دەچوو کە ئەقڵی ئینسانی ڕووبەری بەرفراوانتر لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و سەرگۆی زەوی کۆنترۆڵ بکات و کار بکات بۆ ئەوەی، کایەی ڕۆحی لە کایەی سیاسی جیا بکاتەوە. ئەقڵی مرۆڤ وەک چۆن دەسەڵاتی ڕەهای پاشاکانی سنووردار کرد، بەهەمان شێوەش دەسەڵاتی ڕەهای ئەقڵی ئیلاهیشی سنووربەند کرد. بۆ ئەوەی تەنیا پێوەندیی بە لۆجیکی ڕۆحییەوە

هەبێت و تێکڕای کایەکانی تریش، بۆ لۆجیکی ئەقڵی شیکاری و ئەزموونی زانستی جێ بهێڵێت. کەواتە ئەقڵی ئینسانی تەندروست و دیموکراسی، ئەوەی هی یەزدانە دەیداتە یەزدان و ئەوەی هی قەیسەرە دەیبەخشێت بە قەیسەر.. ئەقڵی مرۆڤایەتی چۆن توانی ئەم فتووحاتە عەلمانییە لە جیهانی هاوچەرخدا بکات؟ بێگومان بە چەکی زانست و تەکنۆلۆجیا ئەو پرۆسەیەی بە ئەنجام گەیاند، چونکە هەردوکیان یارمەتی ئەقڵی مرۆڤیان دا بۆ ئەوەی، ئەوەی بەلای مرۆڤەوە نهێنی و موعجیزە بوو، پەی پێ ببات و لێیان تێ بگات. بۆ نموونە "دیکارت"ی ڕابەری فەلسەفەی ئەقلانی مۆدێرن، پێی وابوو پەلکەزێڕینە تەفسیری ئەقلانی بۆ ناکرێت، لەبەرئەوەی پەیجوورێکی ئیلاهییە، واتە شتێکە پێوەندی بە ئەقڵی یەزدان خۆیەوە هەیە، بەڵام گەر بێتو لەمڕۆدا خوێندکارێک لە تاقیکردنەوەی بەکالۆریادا و لە وانەی فەلسەفەدا ئەو بۆچوونەی "دیکارت" دووبارە بکاتەوە، ئەوا سفر وەردەگرێت. لەبەرئەوەی زانست لەمڕۆدا فێری دەکات کە پەلکە زێڕینە دیاردەیەکە، پێوەندیی بە کەش و هەواوە هەیە و بەرەنجامی شکانەوە و تیشکی خۆرە لە دڵۆپە باراندا. پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆجیا ڕەوتێکی مێژوویی حەتمییە و تا دێت بەرەو پێش دەچێت، چونکە وڵاتانی پێشکەوتوو کێبڕکێی ئەوەیانە زانست و تەکنۆلۆجیای زیاتر و زۆرتر بەدەست بێنن و وڵاتانی دواکەوتووش لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ ئەوەی بەدەستی بێنن.

ئەقڵی زانستی و تەکنۆلۆجی پڕکێشی دەکات بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی تێگەیشتن و تەفسیری دیاردە کۆمەڵایەتی و گەردوونییەکان بکات، تا بەرگی پیرۆزیان لەبەر دابماڵێت. لەبەرامبەردا لۆجیکی ڕۆحی هەوڵ دەدات تێگەیشتن و تەفسیری دیاردە ڕۆحییەکان کۆنترۆڵ بکات. لەم سەروبەندەشدا ئیسلامی سیاسی دێت بۆ ئەوەی بەرخورد لەگەڵ لۆجیکی زانستی و ڕوحیدا بکات و ڕێگریان بۆ دروست بکات. بەڵام بەرخوردێکی لەم جۆرە مەحکوومە بە شکست، لەبەرئەوەی ئەقڵی مرۆڤایەتی لە سەدەی

شـەشـــەمی پ.ز، لە هـەڵکشــان و بەرەو پێـشــچـووندایە و ڕەوتی مـێـژووی مــرۆڤــایەتیش ڕاســتــیی ئەو قــســەیە دەســەلمێنێت. هەروەها لەبـەرئەوەی ئیسلامی عیرفانی ئیسـلامێکی میللییە و تا ئێستاش ئیسـلامی سیاسی نەیتــوانیـوە، شــەرعـیــیـەت لە پەیامــەکـەی دابماڵێت کــە پەیامـێکە لەســەر ناتوندوتیژی و قەرە نەکەوتنی سیاسەت کار دەکات.

## ئایا عەلمانییەت بۆ کۆمەڵگە عەرەبییەکان پێویستە؟

بەڵێ عەلمانییەت پێویستە چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و چ لەسەر ئاستی جیهانیش، بۆ ئەوەی گروهە جیاجیاکانی کۆمەڵگە توانای پێکەوە ژیانیان هەبێت. زۆربەی زۆری کۆمەڵگەکانی جیهان، لە چەندین ئاین و ئاینزای دژ و ناکۆک بەیەک دروست بوون. لەم حاڵەتەدا گەر بێتو دەوڵەت ببێتە هەڵگری ئاین و ئاینزایەکی دیاریکراو کە بەشێک لە هاووڵاتییانی بڕوایان پێیەتی، ئەوا ئەو هاووڵاتییانەی تر کە سەربە ئاین و ئاینزای ترن هەست بە نائومێدی دەکەن، لەبەرئەوەی لە مافی تەواوەتی هاووڵاتیبوون بێبەش کراون. بۆ دەربازبوون لەم تەڵەزگەیەش کە هەڵگری جەنگێکی ئاینییە، دەبێت پرۆسەی بە عەلمانیکردن دەست پێ بکەین.. لە دەوڵەتی عەلمانیدا ئەوەی هاووڵاتیان پێکەوە کۆ دەکاتەوە ئاین یاخۆ ئاینزا نییە، بگرە پەیمانێکی کۆمەڵایەتییە. بەم جۆرە دەوڵەتی عەلمانی شەرعییەتی خۆی لە پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە وەردەگرێت، نەک لە ئاین. ئەمەش بەو مەبەستەیە تا ژیانی کۆمەڵگە ڕێک بخات و ئاشتی لە نێوان ئاین و کولتووره جیاجیاکانیدا دەستەبەر بکات. هاوکات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە ژمارەیەک ئاین و ئاینزای بێشومار پێکهاتووە و یەک ئاین نییە زۆربەی خەڵکی سەرگۆی، بەلایانەوە پەسند بێت. کەواتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر چ بنەمایەک لەناو خۆیاندا ڕێک دەکەون؟ ڕەنگە ڕۆژێک بێت و ئەنجوومەنی ئاسایش فراوانتر بکرێت و ببێتە حکوومەتێکی جیهانی.. تەنیا شتێک بتوانێت ژیانی گشتی لەناو کۆمەڵگەی نەتەوەیی و کۆمەڵگەی جیهانیدا دروست بکات، ئەقڵی مرۆڤ و بەرژەوەندی هاوبەشە.

دەوڵەتی عـەلمانی کـاتێک خـۆی لە مـەسـەلەی باوەڕ و بیـر و بۆچوون هەڵدەقـورتێنێت کـە بزانێت ئەندام و گـرووپەکـانی کـۆمـەڵگە، بەناوی ئایدیۆلۆجیا و بیـر و باوەڕیانەوە قانوون شکێنی دەکەن. دەوڵەتی عـەلمانی ڕێگە نادات بەناوی نەریتی فیـرعـەونییـەکانەوە کـچان خـەتەنە بکرێن، یان بەناوی شـەریعـەتـەوە ئەو ژن و پیـاوانە بەردباران بکرێن کـە پێوەندی لەگەڵ یەکتریدا دەگرن.

جێبەجێکردنی شـەریعـەتی ئیسلامـی، ئەو شـەریعـەتەی ئیسـلامیسـتێکی وەک "مـحـەمـەد عـۆدە" دەڵێت: (بێ هیچ کـەموکـوڕییـەک هاتووەتـە خـوارێ)، دەبێـتـە مـایەی ناڕەزایی شـوێنکەوتووانی ئاینەکـانی تر و ئەمـەش شـەڕ و ئاشووبی لێ دەکەوێتەوە. سـەرەڕای ئەوەی سزا و حوکمە شـەرعییەکان کۆن بوون و لەگەڵ ڕۆحی یاسا نوێیـەکاندا ناگونجێن، چونکە یاسـا نوێیـەکان دژ بە سزای جـەستەیین، وەک: (لێدان بە قـامچی و دەستبڕین و بەردبارانکردن و کوشـتنی هەڵگەڕاوەکان لە ئاین..). کـەواتە چار نییـە و دەبێت پـەنابەرینە بەر یاسـای وەزعی، بۆ ئەوەی لەو مەترسـییانە خـۆمان بەدوور بگرین. ئەگەر حکوومەت خوێندنێکی ئیسلامی (ترادسیۆنی و جیهادی) هەڵبژارد، ئەوا بەم کارەی ئەوانەی موسـڵمان نین یاخۆ موسـڵمانی عەلمانی و ڕۆشنگەرن، تووڕە دەکات. سـەرەڕای ئەوەی زانسـتە ئیسلامـییەکان کۆن بوون و بەسـەرچوون. زانسـتە شـەرعییـەکان بەڕادەیەک کۆن بوون کە خـوێندنیان لە بری بەرنامـە نوێیەکانی خوێندن، جۆرێک دەبێت لە مازۆخییەت.

دەبێت هـەر نـەتەوەیەکی مـۆدێرن بەهاگـەلێکی ئەخـلاقی هـەبێت، بۆ ئەوەی بیکاتـە پێوەرێک بۆ ڕێکخـسـتنی پێـوەندیی نێوان ئـەندامـەکانی. ئـەگەر ئەو سـیـسـتـەمـی بەهایە بـەهای حـەڵاڵ و حـەرام بێت، ئەوا تەنیـا هوشـیـاری دەسـتـەجـەمعی مـوسـڵمـانان قبـووڵی دەکات و هـاووڵاتییـانـی تر تەریزی لێ دەکـەن، لـەبەرئەوەی لـەگـەڵ مـۆراڵی تایبـەتی ئەواندا یاخـۆ لەگـەڵ بـەها ئینسـانییـە عـەلمانییـەکـەیاندا ناگـونجـێت. لێـرەوە بەناچاری دەبێت

سیستەمێکی مۆراڵی جیهانی پەیڕەو بکرێت کە هەمووان پەسندی بکەن. ئەمەش تەنیا دەبێت سیستەمێکی مۆراڵی عەلمانی وەک مافەکانی مرۆڤ بێت کە لەمڕۆدا و بە کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی، بووەتە مۆراڵێکی گەردوونی بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە. بەم جۆرە شەریعەتی ئیسلامی و مۆراڵی ئاینی و پەروەردەی ئیسلامی بەتایبەت (فۆرمە تەقلیدی و جیهادییەکەی)، بوونەتە سەرچاوەیەک بۆ جەنگی ئاینی و ئاشووب و تێکدانی یەکرێزی نەتەوە.

عەلمانییەت کلیلی مۆدێرنەی سیاسییە، لەبەرئەوەی دەتوانێت ئیماندار لە هاوولاتی جیا بکاتەوە.. باوەڕ و ئیمانی کەسی ئیماندار بۆ خۆیەتی و شتێکە پێوەندی بەخۆیەوە هەیە و پێوەندی بە ئەرک و مافەکانییەوە نییە وەک هاوولاتییەک. مرۆڤی ئیماندار لە مزگەوت یان کڵێسا یاخۆ لە کەنیسەدا، مومارەسەی ئیمانداری و خواپەرستی خۆی دەکات. لە کاتێکدا هاوولاتی مومارەسەی هاوولاتیبوونی خۆی (وەک ئەرک و ماف)، لە چوارچێوەی هەموو نیشتماندا دەکات. لەبەرئەوەی هاوولاتیبوون مافێکی ڕەوای هەموو هاوولاتییەکە، بێ هیچ هەڵاوێردێک.

بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، چۆن بتوانین بگەینە ئەوەی ئیماندار لە هاوولاتی جیا بکەینەوە؟ واتە چۆن هاوولاتییەکی مۆدێرن دروست بکەین کە تەنیا ئینتیمای بۆ نیشتمان هەبێت؟ یان چۆن دەوڵەت لە فەزای عەرەبی ئیسلامیدا وا لێ بکەین، بەپێی یاسا وەزعییەکان و پێودانگە نێو دەوڵەتییەکان حوکمی هاوولاتیانی بکات؟ بە چەندین ڕێگە ئەم کارانە دەکرێت، لەوانە:

١- نوێکردنەوەی بواری خوێندن و چاکسازیکردنی ئیسلام، ئەویش لە ڕێی چاکسازیکردن لە بواری پەروەردە و خوێندنی ئاینیدا.

٢- هەوڵێکی بێوچان بدرێت ئەمە وەسیەتی منە بۆ هاوڕێیان و خوێنەرانم، بۆ ئەوەی کەناڵێکی ئاسمانی عەلمانی لەبەرامبەر کەناڵی

(جەزیرە)ی ئیسلامی جیهادیدا دابنرێت. دەوڵەمەندە عەلمانییەکانی عەرەب، سەرەڕای ئەوەی بە ژمارەش کەمن، دەتوانن وەک چاکە نیشاندانێک بۆ فیکری مۆدێرن، کۆمەک بکەن لە پێناو دامەزراندنی کەناڵێکی ئاسمانی لەم جۆرەدا.

هەروەها ئەو ئەقڵە عەرەبییانەی لە تاراوگە دەژین، ئەوانیش دەتوانن کۆمەڵەیەکی ڕاگەیاندن پێک بهێنن و سەرمایەی پێویستیش بۆ یارمەتیدانی کەناڵێکی ئاسمانی لەو شێوەیە کۆ بکەنەوە. بۆ ئەمەش دەبێت زۆر بە چڕی تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و پێگەکانی ئەنتەرنێت بخرێنەگەڕ. "د.ئیقبال مەغریبی" مامۆستای سۆسیۆلۆجیا و پیسکۆلۆجیا لە زانکۆی زەیتوونە پێی ڕاگەیاندم کە ١٢٤ پێگەی ئەنتەرنێت، هەریەکەیان لاپەڕەیەک بۆ نووسینەکانم تەرخان دەکەن و ژمارەی ئەو سایتانەی بە بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوونە عەلمانییەکانمەوە خەریکن، بەرامبەر بە ژمارەی ئەو پێگە ئیسلامییانەیە کە ڕەواج بۆ فیقهی دەوڵەتی ئاینی پەیدا دەکەن. دەزانم ئەم دنیایە جێ دێڵم، بەڵام ئومێدم زۆرە بەوەی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی (کە تەمەنی خۆم بۆ بە خەرجدان تا بەشداری لە نوێکردنەوەی ئەقڵ و بەهاو داوودەزگاکانی و ریفۆرمکردنی ئاینەکەیدا بکەم)، ئاینەکەی وەک ئاینەکانی تر دژایەتی مۆدێرنە نەکات و دەست لە دژایەتیکردنی ژن و کەسانی غەیرە موسڵمان هەڵبگرێت و، نەکەوێتە جەنگ و کێبڕکێ لەگەڵ ئاینەکانی تردا.

هەنگاوی یەکەم و سەرەکیش بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەیەکی لەم جۆرە، ئەوەیە چاکسازی لە ئیسلامدا بکەین، ئەویش لە ڕێگەی ڕیفۆرمکردن لە بواری خوێندنی ئاینی و گوتاری ئاینیدا. ئەرکی دووەممان بەتاڵکردنەوەی ئەو خود ئەڤینییە ئاینییەیە کە ئیسلام بە تەنیا ئاینی سەر گۆی زەوی دادەنێت. هەرچی یەهوودییەت و مەسیحییەتیشە، وەک دوو شەریعەتی بەر لە ئیسلام سەیر دەکات و پێی وایە بە هاتنی ئیسلام هەردووکیان نەسخ بوونەتەوە. یان پێی وایە سەرجەمی پێغەمبەران هەر لە ئیبراهیمەوە تا

عیسا موسڵمان بوون. یەكێک لە نهێنییە ئاینییەكانی تیرۆری ئیسلامی لێرەدایە. بەم جۆرەش دەتوانین لەوە تێبگەین بۆچی سەرۆكی پێشووی لێژنەی فەتوا لە ئەزهەر ساڵی ٢٠٠١ ڕایگەیاند كە: (دیالۆگی ئاینەكان هیچ مانایەكی نییە، تەنیا بەوە نەبێت كە پاپای ڤاتیكان بانگەشەی چوونە ناو ئیسلام بكات)!.

چاكترین ڕێگەیەک بۆ بەتاڵكردنەوەی خودئەڤینی ئاینی، خوێندنی ئاینی مۆدێرنە كە لەم ئایەتانەوە سەرچاوە دەگرێت: (ان الذین آمنوا والذین هادوا والنصاری والصابئین، من آمن بالله والیوم الآخر، وعمل صالحاً فلهم اجرهم عند ربهم، ولاخوف علیهم و لاهم یحزنون)، (البقرة–٦٢) كە لە (المائدة –٦٩) و (الحج –١٧)دا دووبارە دەبێتەوە. چونكە ئەم ئایەتانە ئەو بۆچوونە دەچەسپێنێت كە یەهوودییەت و مەسیحییەت دوو ئاینن، نەک بە تەنیا دوو شەریعەت بن كە بە هاتنی شەریعەتی ئیسلامی نەسخ بووبنەوە، وەک ئەوەی فیقهی ئیسلامی كۆن و فیقهی ئیسلامی سیاسی و جیهادی هاوچەرخ باسی لێ دەكەن. سەیركردنی یەهوودییەت و مەسیحییەت وەک دوو شەریعەتی نەسخكراو و لە قەڵەمدانی ئیسلام بە تەنیا ئاینی سەرگۆی زەوی كە تەنیا ئەوانە سەرفراز دەبن دەچنە ناویەوە، یان بە پێویست زانینی ئەوەی تا ڕۆژی قیامەت جیهاد بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی تێكرای مرۆڤایەتی بەزۆر بێت یان بە خواستی خۆیان ئیسلام بن.. یەكێكە لە هەرە سەرەكیترین هۆكارە ئاینییەكانی تیرۆری ئیسلامی و ڕێگری گەورەشە لەبەردەم ئەوەی، بەشێكی بەرفراوانی موسڵمانانی ڕۆژئاوا تێكەڵ بە كۆمەڵگە عەلمانییەكانی ئەوێ بن. خوێندنی دیالۆگی ئاینەكان بۆ مرۆڤی موسڵمان پێویستە، تا بتوانێت فێری لێبوردنی ئاینی بێت و لەگەڵ سەردەمەكەیدا خۆی بگونجێنێت. ئەم پرۆسەیەش ئەركێكی سەرەكی قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئاینییە. حكوومەتی توونس دەركی بە گرینگیی ئەم مەسەلەیە كردووە، بۆیە لە زانكۆی توونسدا كورسی "بن عەلی" بۆ دیالۆگی ئاینەكان هەیە، هەروەها

له زانكۆی زەیتوونەشدا خوێندكار له وانەی كتێبه پیرۆزەكاندا (ئینجیل و قورئان) وەک دوو كتێبی پیرۆزی ئاسمانی دەخوێنێت.

چڕكردنەوەی دیالۆگی ئاینەكان لەگەڵ یەهوودییەت و مەسیحییەتدا، له ڕێی كۆنگرەی ئاینی و زانستی یاخۆ له ڕێی كەناڵه ئاسمانییەكان و مشتومڕی هاوبەش له دەزگاكانی ڕاگەیاندندا، له بارێدایه بیرۆكەی گفتوگۆی ئاینەكان بچەسپێنێ و موسڵمانیش وشیار بكاتەوە لەوەی ئیسلام ئاینێكه لەناو ئاینەكانی تردا، نەک تاكه ئاینێک بێت كه تەواوی ئاین و شەریعەتەكانی پێش خۆی سڕیبێتەوە.

وەرگێڕانی ئەو لێكۆڵینەوانەی باس له ئاینه جیاجیاكانی تری وەک: (بوودایی و هندۆسی و شانتۆنی) دەكەن، دەتوانن ئاسۆی ئاینی مرۆڤی موسڵمان بەرفراوانتر بكەن و وای لێ بكەن بەشێوەیەكی مێژوویی و ڕێژەگەرایی و له سیاقی دیاردەی ئاینی جیهانیدا له ئاینەكەی خۆیان بگەن. ئەمەش دەبێته دەستپێكێک بۆ ئاساییكردنەوەی پێوەندیی نێوان دەوڵەتانی ئیسلامی لەگەڵ بەها نێودەوڵەتییەكان و یاسا جیهانییەكان، هەروەها سەرەتایەكیشه بۆ ئاساییكردنەوەی پێوەندیی ئیسلام وەک ئاین لەگەڵ یەهوودییەت و مەسیحییەت و تێكڕای ئەو ئاینانەی تر كه له جیهاندا هەن.

ئیسلامی هاوچەرخ دەتوانێت لەگەڵ بوودایییدا پێوەندییەكانی تۆخ بكاتەوە، بووداییەت وەک ئاینێكی ئاشتیخواز كه توانی هوشیاریی دەستەجەمعی هاووڵاتیانی ژاپۆن ساز بكات بۆ وەرگرتنی مۆدێرنەی ڕۆژئاوایی و نەهێڵێت بكەونه تەڵەی جیهاد و شەهیدبوون، وەک ئەوەی ئێمەی موسڵمان تێی كەوتین. ئەویش بەهۆی كولتووری جیهاد و شەهیدبوونەوە كه زۆر له مێژه ڕەگوڕیشەی له هوشیاریی ئێمەدا داكوتیوە. هەر دەوڵەتێكی ئیسلامی بیەوێت پرەنسیپەكانی عەلمانییەت لەگەڵ واقیعی كۆمەڵایەتی و كولتووری خۆیدا بگونجێنێت، پێویسته خەسڵەته سەرەكییەكانی عەلمانییەت

بپارێزێت، خەسڵەتە سەرەکییەکانیش بریتین لە:

١- ئیعترافکردن بە مافی هاووڵاتی بێ هیچ کەم و کورییەک. واتە ژن بۆی هەبێت خۆی بۆ حوکمڕانیکردنی پیاوان کاندید بکات. هەروەها کەسی غەیرە موسڵمانیش مافی ئەوەی هەبێت، خۆی بۆ حوکمکردنی موسڵمانان هەڵبژێرێت. ڕەنگە لە سەرەتادا ئەم مافە ڕەمزی بێت، بەڵام لەگەڵ جێگیربوونی زیاتری عەلمانییەت لە هوشیاریی موسڵماناندا، ئەو مافە دەبێتە مافێکی فیعلی و کاری پێ دەکرێت.. ئەی نابینین سەرکۆماری بەنگلادیش ژنە و "بەنازیر بۆتۆ"ش دوو جار بۆ سەرۆکی حکوومەتی پاکستان هەڵبژێردرا؟ کەواتە بۆ لە داهاتوودا ژنێک یان قیبتییەک، نەبێتە سەرکۆماری وڵاتێکی وەک میسر؟

٢- ئازادیدان بە ڕێوڕەسمە ئاینییەکان. واتە بوار بە سەرجەم هاووڵاتیان بدرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئازاد، ڕێوڕەسمی ئاینیی خۆیان بەجێ بهێنن و بێ هیچ جیاوازیکردن و زۆر بۆهێنانێک، ڕێگەیان بدرێت مزگەوت و کڵێسا و شوێنی خواپەرستی تایبەتی بە خۆیان دروست بکەن. ئەو دەوڵەتەی هانی دروستکردنی مزگەوت دەدات و ڕێگری لە دروستکردنی کڵێسا دەکات، بێ چەند و چوون ئازادی مومارەسەکردنی ڕێوڕەسمە ئاینییەکان پێشێل دەکات.

٣- کارکردن بە یاسا دنیاییەکان لە هەموو بوارەکاندا. تەنانەت پێشنیازی ئەوە بۆ ڕۆشنبیرانی عەرەب دەکەم، داوا لە کۆمەڵگەی مەدەنی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و میدیای جیهانی و دیپلۆماسییەتی نێودەوڵەتی بکەن، کارکردن بە یاسای سزادانی ئیسلامی بە تاوان بدەنە قەڵەم و یاساغی بکەن. ساڵی ٢٠٠١ لە کەناڵی (الجزیرة)دا داوای ئەمەم کرد، بۆیە شازادە "خالید بن سوڵتان" بڕیاری دا کە نەهێڵێت چیی تر لە ڕۆژنامەی (الحیاة)دا بنووسم!.

٤- چەسپاندنی پرەنسیپی ئازادیی بیرورِا و ئازادیی هەڵبژاردنی ئاین. ئەمەش مانای وایە مرۆڤ مافی ئەوەی هەبێت چ ئاینێک هەڵدەبژێرێت و باوەرِ بەچی دێنێت، یاخۆ هیچ ئاینێکی قبووڵ نەبێت. قورئان ئەم مافەی بەمرۆڤ داوە، ئەوەتا دەڵێت: (فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر). "محەمەد عەبدە" ئەم ئایەتە بەم جۆرە تەفسیر دەکات: (کێ دەخوازێت بێتە ناو ئیسلام بابێت، کێش دەیەوێت وازی لێ بێنێت باوازی لێ بێنێت و دەستبەرداری بێت). ئیمامی "شافعی" پێی وایە تا تەمەنی پازدەساڵی موسڵمان مافی ئەوەی هەیە، ئەو ئاینەی پێی باشە هەڵی بژێرێت. ئەی بۆچی ئێمە لەمرۆدا کە رۆژگاری مافەکانی مرۆڤە، ئەو بەربەستەی سەر تەمەن هەڵنەگرین و نەیکەینە مافێکی مرۆڤی موسڵمان، ئیتر تەمەنی هەرچەندێک بێت؟

٥- چاکسازیکردن لە بواری خوێندنی ئایندا، بەو جۆرەی من لەسەرەتای ئەم نووسینەدا باسم لێ کرد. هەروەها خوێندنی مافەکانی مرۆڤ وەک ئەوەی لە توونسدا هەیە، بۆ ئەوەی هوشیاریی ئیسلامی بەسەر بەها ئینسانییە یۆنیڤێرسالییەکاندا بکرێتەوە. ئەو بەهایانەی لەگەڵ گوتاری ئاینی- رۆحانی و لەگەڵ رەوشتە چاکەکانی وەک راستگۆیی و هاوکاری و سۆزدا ناکۆک نییە، بەڵکو لەگەڵیاندا دێتەوە. پراکتیزەکردنی ئەم پێنج بنەمایە، جەوهەری عەلمانییەت لەسەر زەمینی ئیسلام دادەرِێژێت.

بەڵام لێرەدا پرسیاری گەورە و گرینگ ئەوەیە کێ دەتوانێت ئەم ئەرکە قورسە جێبەجێ بکات کە رِیفۆرمی ئیسلامی پێوە بەندە و یارمەتی هوشیاری ئیسلامیش دەدات، بۆ ئەوەی تەبەننی پرۆژەی مۆدێرنە بکات؟ نابێت لەم مەسەلەیەدا گرەو لەسەر رژێمەکان بکەین، بەڵکو ئەوانەی خاوەن بەرژەوەندین دەتوانن هوشیاری ئیسلامی و واقعی عەرەبی ئیسلامی لە بەردەم عەلمانییەتدا بکەنەوە. بەڵام ئەوانە کێن کە بەرژەوەندییان لە جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت و ئاین لە زانست و ئاین لە ئەفراندنی هونەری و ئەدەبیدایە؟ ئەڵبەتە ئەو کەمایەتییە نەتەوایەتی و ئاینی و ژنانەن

کە هەر هەموویان، دەوڵەتی ئاینی لە مافی هاووڵاتی تەواوەتی بێبەشی کردوون. لەگەڵیشیاندا ئەدیبان و زانایان و لێکۆڵیاران و هونەرمەندان و داهێنەران و لایەنگرانیان، واتە خوێنەواران و ڕۆشنگەرانی کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکان. تێکڕای ئەمانە بە عەلمانییەت ڕزگاریان دەبێت، چونکە عەلمانییەت دەتوانێت دەمارگیری و تیرۆری ئاینی ڕیشەکێش بکات و دەرفەتی ژیان لەبەردەم هەمووواندا بڕەخسێنێت، تا بە ئازادی و بەبێ ترس تەعبیر لە قەناعەت و ڕاو بۆچوونی خۆیان بکەن. ئەم هێزە زیندوو ئۆرگانییانە تا هەنووکەش لە کۆمەڵگەدا لاوازن و بە ژمارە کەمن، ئەویش بەهۆی تەقلیدییەت و دواکەوتوویی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانەوە.

لێرەدا گرینگیی پێکهاتنی بەرەیەکی نێودەوڵەتیمان بۆ دەردەکەوێت، تا عەلمانییەت لەسەر زەمینی ئیسلام بڵاو بکاتەوە. ئەو بەرەیەش لەمانە پێک دێت: (کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانی، ڕاگەیاندنی جیهانی، دیپلۆماسیەتی نێودەوڵەتی). تەواوی ئەم هێز و لایەنانە دەبنە پاڵپشت و هاوکاری هێزە زیندووەکانی ناو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی. ئەم هێزە نێودەوڵەتیانەش بەرژەوەندییان لەوەدایە عەلمانییەت لە وڵاتانی ئێمەدا جێگیر بێت، لەبەرئەوەی دەبێتە مایەی وشککردنی سەرچاوەکانی تیرۆر. دەوڵەتی ئاینی و خوێندنی ئاینی تەقلیدی و ڕقبوونەوە لە بەرامبەر و ڕەتکردنەوەی گفتوگۆی نێوان ئاینەکان و تەکفیرکردنی هەر کەسێک لاسایی ڕۆئاوا بکاتەوە یاخۆ هاوکاری بکات، هەر هەموویان سەرچاوەیەکی ئاینی لەبن نەهاتوون بۆ تیرۆری ئیسلامی.

پێشنیاز بۆ ئەو هێزە جیهانی و نێودەوڵەتییانە دەکەم، ئەو سیستەمی خوێندنی ئاینییەی لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا لە ئارادایە، بە سەرچاوەی هاندانی تیرۆری بدەنە قەڵەم. هەروەها ئەو ڕاگەیاندنە ئاینییەشی ئەمڕۆ لە کاردایە، وەهای دابنێن کە کار لەسەر جیاوازیی ئاینی و دروستکردنی ڕق و ئافەرۆزکردنی ئەوی تر دەکات. هاوکات پێشنیازی

ئەوە دەکەم ڕێکەوتنی هاوبەشی نێوان ئەمەریکی و ئەوروپاییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی ئێمەدا، چەند برگەیەکی تێدا بێت کە هەموو جۆرە هەڵاوێرد و جیاوازییەکی ئاینی لە دژی ژنان و ئەوانەی موسڵمان نین یاساغ بکات. سەرچاوەی ئەم جیاکاری و جیاوازیکردنەش ئەوەیە، شەریعەت دەکرێتە سەرچاوەی یەکەمی یاسادانان. شەریعەتیش ژن وەک بوونەوەرێکی نوقسان و کەم ئەقڵ حساب دەکات و ئەو هاووڵاتیانەشی موسڵمان نین، وەک ئەهلی زیمە سەیر دەکرێن و هیچ مافێکی هاووڵاتییان نابێت. بەم جۆرە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یارمەتی جیهانی ئیسلامی دەدات بۆ ئەوەی، لەو دواکەوتووییە مێژووییە قوتاری بێت و پێ بخاتە ناو مۆدێرنەوە، ئەو مۆدێرنەیەی ڕۆئاوا لە پاش ڕیفۆرمی ئاینی مەسیحی لە سەدەی شازدەهەمەوە لێی بەهرەمەندە و ئێمەش لەناو دۆگمایەکی ئاینیدا نوقم بووین و لەڕەوتی شارستانییەت جێ ماوین.

## ئایا دیموکراسی بەبێ عەلمانییەت دەبێت؟

نەخێر، لەبەرئەوەی دیموکراسی و عەلمانییەت یان پێکەوە دەبن یان نابن. لەبەر چی؟ چونکە لە سیستەمی دیموکراسی پێگەیشتوودا، دەبێت ژنان و ئەوانەی موسڵمان نین یاخۆ بڕوایان بە ئاینێکی دیاریکراو نییە، وەکو هاوولاتی سەیر بکرێن و هەموو مافێکیان هەبێت.. ئەمەش پێویستی بەوەیە عەلمانییەت لە ئارادا بێت، واتە دادان بە مافی هاوولاتیبوونی سەرجەم هاوولاتییاندا بنرێت. ئەوە چ دیموکراسییەتێکە لە ولاتێکی وەک کوەیتدا هەیە کە نیوەی دانیشتوان (ژنان)، لە مافی هاوولاتێتی، واتە لە مافی دەنگدان و خۆ کاندیدکردن بێبەش کراون؟ لەبەرئەوەی پیرەمێردە ئیسلامییەکان و ریشسپی خێڵەکان، رێک کەوتن لەسەر ئەوەی ئەو پرۆژەیەی حکوومەت رەت کەنەوە کە پێشکێشی پەرلەمانی کردبوو، بۆ ئەوەی دادان بە مافە سیاسییەکانی ژناندا بنێن بۆ رەتکردنەوەی ئەم پرۆژەیەش پشتیان بەو فەتوا ئاینییە بەست کە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی کوەیت لە ساڵی ١٩٨٥دا دەری کرد و تێیدا رای دەگەیەنێت، ژنان ناتوانن کاری سیاسی بکەن و بۆ ئەو بوارە دەست نادەن. یان دیموکراسی لە کوەیتدا چ دیموکراسییەتێکە کە شیعەکانی ئەو ولاتە لە رووی سیاسییەوە پەراوێز خرابن؟ یاخۆ ئەوە چ دیموکراسییەکە لە ئوردوندا کە ئیسلامییەکان و سەرەک هۆزەکان، پەرلەمانی ئەو ولاتەیان کۆنترۆڵ کردووە و دژایەتی ئەو یاسایەی حکوومەت دەکەن کە سزای توندی ئەوانە دەدات، بەناوی شەرەفەوە تاوانی گەورە لە دژی ژنان ئەنجام دەدەن. لێرەدا دیموکراسی هیچ مانایەکی نابێت ئەگەر دادان بە مافەکانی ژنان و ئەو

کەسانەدا نەنێت کە موسڵمان نین و بێباوەڕن. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش دەزانێت هۆکاری تیرۆری ئیسلامی، نەبوونی دیموکراسییە.. ئەڵبەتە ئیدارەی سەرۆک "بۆش" لە ڕێی سندووقەکانی دەنگدانەوە، دەیەوێت ئیسلامییەکان بێنە سەر حوکم، هەروەک "کۆندۆلیزا ڕایس"ی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە هەفتەی یەکەمی مانگی نیساندا ڕایگەیاند. ئەمەریکا لاری لەمە نییە، مادامەکی هاتنە سەرکاری ئیسلامییەکان لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، زەمینە لە بەردەم عەلمانییەتدا خۆش دەکات. هیچ میللەتێکی ئیسلامی لە میللەتی ئێرانی عەلمانیتر نییە، کە بەر لە چارەکە سەدەیەک میللەتێک بوو لە ئاخوند و مەلاکان. بەڵام باجی ئەم پرۆسەیە قورس و گران دەبێت. عەلمانییەکان سەرکوت دەکرێن و لەسێدارە دەدرێن، بە هەزاران ژن بەردباران دەکرێت و کەمایەتییە ئاینی و ئەتنییەکان تارومار دەکرێن خەریکە وڵاتانی ئیسلامی دەبنە بنکەیەک بۆ ڕێکخراوی قاعیدە، وەک لە ئێران و سوودان و ئەفغانستاندا بینیمان. بۆ ئەوەی ئەمە ڕوو نەدات دەبێت چی بکەین؟

بۆ ئەوەی ئەو مەرگەساتە ڕوونەدات، پێویستە ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیارێک دەربکات کە لە چوار حاڵەتدا ڕێگە بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بدات:

١- ئەگەر ئیسلامییەکان دەستیاندایە بەردبارانکردنی ژنان.

٢- ئەگەر کەوتنە پاکتاوکردنی کەمایەتییە ئاینی و ئەتنییەکان.

٣- ئەگەر سوپای نیزامییان هەڵوەشاندەوە و لە جێگەیدا میلیشیای ئیسلامییان پێک هێنا. ئەو میلیشیا ئیسلامییانەی دەبنە چەکی دەستیان، پاش ئەوەی میللەت لێیان نائومێد دەبێت و هیچ هیوایەکیان پێیان نامێنێت.

٤- ئەگەر ڕازی نەبوون بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە ئاڵوێردی دەسەڵات بکەن.

ئەو کات هاتنە سەرکاری ئیسلامییەکان، سەرەتایەک دەبێت بۆ هاتنی مۆدێرنە و عەلمانییەت، چونکە میللەت تێ دەگات دەوڵەتی ئیسلامی کارتێکی دۆڕاوە. دەزانێت ئایندەی بەشێکی دانەبڕاوە لە داهاتووی جیهان، نەک بەشێک بێت لەو ڕابردووەی ڕۆشت و ناگەڕێتەوە. ئەمەش ئەو شتەیە دواجار "مونیر شەفیق" دەرکی پێ کردووە و مۆجیاری ئیسلامییەکان دەکات هەر لە ئۆپۆزسیۆندا بمێننەوە وەک گرووپی فشار و قەرەی دەسەڵات نەکەون، چونکە دەزانێت مەحاڵە پرۆژەکەیان جێبەجێ بکەن، ئەو پرۆژەیەی مێژوو جێی هێشتووە.

## بۆچی ئیدارەی ئەمەریکی ڕێگە دەدات وڵاتانێک سەرلەبەر ببنە بنکەیەک بۆ ڕێکخراوی قاعیدە؟

"ئەنتۆنی بێرگەر"ی سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە کابینەی یەکەمی سەرۆکایەتی "بیل کلینتۆن"دا، لە وتارێکیدا کە لە ساڵی نەوەتەکاندا لە (فۆرین ئەفرێز)ی تایبەت بە سیاسەتی دەرەوەدا بڵاوی کردبووەوە، دەڵێت: (لە سەردەمی حەمەڕەزا شادا خوێندکارانی ئێران لە زانکۆکانی ئەمەریکا، هەواداری کۆمۆنیزم بوون. بەڵام لە سایەی کۆماری ئیسلامیدا، شێوازی ژیانی ئەمەریکایی بووەتە نموونەی باڵای گەنجانی ئێران). هەر لەو وتارەدا "بێرگەر" پشتیوانیکردنی واشنتۆن لە هێنانە سەرکاری بەرەی ئینقازی جەزائیری، بەوە پاساو دەداتەوە کە (لە سایەی حوکمڕانیی بەرەی ئینقازدا گەنجانی جەزائیر دەبنە دڵخوازی شێوە ژیانی ئەمەریکایی، لە کاتێکدا ئەمڕۆ ئەو گەنجانە نەیارن بە ئێمە و دژایەتیمان دەکەن).

لەم ماوەی دوایدا کەسایەتییەکی ئەمەریکی لە گفتوگۆیەکی تایبەتیدا لەگەڵ باڵوێزی یەکێک لە وڵاتانی عەرەبیدا، ڕایگەیاندبوو کە سەرەک "بۆش" لە ئێراندا جەماوەری زۆر لە "خاتەمی" و "خامنەیی" زیاترە. گومانی تێدا نییە شێوە ژیانی ئەمەریکایی لە سایەی حوکمڕانی ئیسلامییەکاندا، دەبێتە نموونەی هەرە بەرزی گەنجانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، بەڵام کورتبینییەکی سیاسی گەورەیە گەر ناوەندە بڕیار بەدەستەکانی ئەمەریکا، بڕیارێکی ستراتیجی لەو جۆرە تەنیا لەبەر ئەوە بدەن کە گەنجانی جیهانی ئیسلامی پەیڕەوی شێوە ژیانی ئەمەریکی بکەن! بەڵام ئەی چارەنووسی ژنان و کەمایەتییە ئاینی و ئەتنییەکان و تەشەنەسەندنی تیرۆر؟

نەبوونی ستراتیجییەتێکی ڕوون و ئاشکرا سەبارەت بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایش یان ناتۆوە لەو چوار حاڵەتەدا کە پێشتر باسمان لێ کرد، وا دەکات ئەمەریکا بێ چەند و چوون سەرنجی گەنجی موسڵمان بەلای شێوازی ژیانی خۆیدا ڕابکێشێت، چاکترین نموونەشمان ئێرانە.. بەڵام ئەمەریکا و جیهانیش لەگەڵیدا زەرەرمەند دەبن، گەر بێتو جیهانی عەرەبی بۆ حوکمڕانی ئیسلامی سیاسی جێ بهێڵن و ئەوانیش ئەو وڵاتانە بکەنە مەڵبەندی تیرۆر و نائارامییەکی خوێناوی کە دوو گەورەترین هەڕەشە و مەترسین بۆ سەر شارستانییەت و جیهانی هاوچەرخ.

# عەلمانییەتی فەرەنسی دژ بە ئاین نییە

## عەلمانییەت چییە؟

عەلمانییەت وەکو لە فەرهەنگی (رۆبێر)ی فرەنسیدا هاتووە، بریتییە لە رێکخستنی سیاسیی کۆمەڵگە بە جۆرێک کە دەوڵەت مومارەسەی هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی ئاینی نەکات و کڵێساش هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی سیاسی نەبێت. لە واقیعدا سێ پرەنسیپی سەرەکی هەن کە عەلمانییەتیان لەسەر دادەمەزرێت، ئەو سێ پرانسیپەش بریتین لە:

یەکەم/ بێلایەنی دەوڵەت لە کاروباری ئاینیدا.

دووەم/ بێلایەنی قوتابخانە لە ئاست مەسەلەی ئایندا.

سێیەم/ رێزگرتنی ئازادی ویژدان و بیر و باوەڕ.

بێلایەنی دەوڵەت لە کاروباری ئاینیدا، مانای وایە دەوڵەت یەکێک لە ئاینی هاووڵاتیانی خۆی ناکاتە ئاینی رەسمی، وەکو ئەوەی لە قۆناغی فیودالیزمدا وڵاتانی ئەوروپی دەیانکرد و ئاینی کڵێسایەکیان دەکردە ئاینی رەسمی خۆیان، بەم کارەشیان ئەو کەسانەیان لە مافی هاووڵاتیبوون بێبەش دەکرد کە سەر بە ئاینەکانی تر بوون. بەمەش ئەو خەڵکانە تەنیا دەبوونە میوانێک لەو وڵاتەدا یاخۆ حسابی (ذمي)یان بۆ دەکرا، وەکو ئەوەی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی پەیڕەوی دەکرد. دەوڵەتی عەلمانی وەک چۆن رێ بەخۆی نادات دەست بخاتە کاروباری ئاینییەوە، رێگەش نادات بە پیاوانی ئاینیی (ئیتر شێخ بن یان قەشە) خۆیان لە سیاسەت هەڵبقورتێنن. ئەمەش بۆ ئەوەیە تا هیچ یەکێک لەوان سیاسەت نەخەنە خزمەت ئاینی خۆیانەوە لە دژی ئاینی هاووڵاتیانی تر، کارێک کە رەنگە ببێتە مایەی چەوسانەوەی ئاینیی یاخۆ هەڵایسان و بەرپابوونی شەڕی ئاینی.

بەم جۆرە یەکەمین پرەنسیپی عەلمانییەت وەکو "محەمەد عەبدە" بە کورتی باسی لێ کردووە، بریتییە لە: (نە ئاین لە سیاسەتدا هەیە و نە سیاسەتیش لە ئاین)دا. یاخۆ وەکو ئەوەی "سەعد زەغلوول" چڕتری کردووەتەوە و دەڵێت: (ئاین بۆ یەزدان و نیشتمانیش بۆ هەمووان).

بێلایەنی قوتابخانە بەرامبەر بە تەواوی ئاینەکان.. کاتێک لە سەردەمی پاشایەتیدا کاتۆلیکییەت ئاینی رەسمی دەوڵەت بوو لە فرەنسادا، ئەرکی قوتابخانەکانی ئەو وڵاتە مێشک داشۆرینی خوێندکارەکانی بوو بە پرەنسیپ و بەها و سرووتی ئاینیی رەسمیی دەوڵەت، بەڵام شۆڕشی گەورەی فرەنسا ئەم بارودۆخەی گۆڕی.. لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە تەنیا لە سایەی کۆماری سێیەمدا قوتابخانەی عەلمانی هاتە ئاراوە و بووە چوارچێوەیەک بۆ لەخۆگرتنی تەواوی گرووپە ئەتنیکی و ئاینیی و مەزهەبییەکان لە ژێر ناوی هاووڵاتیدا، ئەمەش خاڵی هاوبەشی هەرە گرینگی سەرجەم پێکهاتەکانی نەتەوەی فرەنسایە و لەسەروو هەموو تایبەتمەندییەکی مەزهەبی و ئەتنیکییەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەوانە دووچاری چەوساندنەوە بکات یاخۆ فەرامۆشیان بکات و بیانسڕێتەوە.

بابزانین قوتابخانەی عەلمانی فرەنسی چۆن چۆنی ئەم دەسکەوتە مۆدێرنە مەزنەی بەدەست هێنا؟ سەرەتا بە ڕێگرتن لە هەموو پڕوپاگەندەیەکی ئاینی لە بەرنامە و پرۆگرامی خوێندندا ئەم کارەی کرد.. هەروەها ئەوەی فرەنساییەکان دەیخەنە بەردەست خوێندکارەکانیان، تەنیا زانیاری زانستی و بەهای ئینسانی یۆنیڤرسالییە کە سەر بە هیچ ئاینێک نییە و دژایەتی هیچ ئاینێکیش ناکات. زانستەکان دژایەتی ئاین ناکەن، بگرە ئەوەی ئەوان دەیکەن تاوتوێکردنی ئاینە بەشێوەیەکی بابەتی تا تێی بگەن. واتە زانست وەک هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مێژوویی لە ئاین دەکۆڵێتەوە، بۆ ئەوەی پەی بە میکانیزم و رۆڵ و یاسا تایبەتییەکانی بەرێت. ئەی بۆچی قوتابخانەی عەلمانی فرەنسی هەموو پڕوپاگەندەیەکی ئاینی یاساغ کرد؟ بۆ

ئەوەی ڕێگە نەدات ئاینێک ئاینێکی تر سەرکوت کات و نەهێڵێت شەڕ و کێشەی ئاینی ڕوو بدات. هەروەها بۆ ئەوەی هاووڵاتییەک دروست نەبێت ئاینەکەی بخاتە پێش هاووڵاتیبوونی و پێش بەرژەوەندی نیشتمانەکەیەوە، وەکو ئەوەی لەمڕۆدا بزاوتە ئیسلامییە توندڕۆکان دەیکەن.

سێیەمین پرەنسیپی دەوڵەتی عەلمانی، ئێشکگرتنە بەدیار پاراستنی مافی ئازادی ویژدان و بیروباوەڕی هاووڵاتیانەوە. واتە دەبێت دەوڵەتی عەلمانی مافی تەواوی هاووڵاتیانی خۆی بپارێزێت لەوەی بتوانن، ڕێوڕەسم و سرووتە ئاینییەکانی خۆیان بەجێ بهێنن و ئازادیش بن لەوەی بڕوا بە چ ئاینێک دێنن یاخۆ هەر بڕوا بە هیچ نەهێنن و پەیڕەوی هیچ ئاینێک نەکەن.

دەوڵەتی فرەنسی وەکو تەواوی وڵاتانی عەلمانی، کاری بەوە نییە بکەوێتە پشکنینی دڵ و دەروونی خەڵک (وەک لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا هاتووە) و مافی ئەوەش بە خۆی نادات، چاودێر بێت بەسەر ئەقڵ و بیرکردنەوەی هاووڵاتیانییەوە یان ئەوانەی لەو وڵاتەدا پەناهەندەن. هاوکات ڕێ بە خۆشی نادات لە هەست و نییەت و بیر و بۆچوونیان بپێچێتەوە، بگرە تەنیا لە کار و کردەوەکانیان دەپێچێتەوە گەر هاتوو یاساشکێنییان کرد.

دروشمی دەوڵەتی عەلمانی لە فرەنسا و جیهاندا ئەو ئایەتەی قورئانە کە دەڵێت: (لا إكراه في الدين)، هەروەها پێڕەوکردنی ئەو تەفسیرەشە کە "محەمەد عەبدە" لە (تفسير المنار)دا بۆ ئەم ئایەتەی دەکات و دەڵێت: (واتەکەی ئەوەیە: کێ ویستوویەتی با باوەڕ بهێنێ و کێش نایەوێت با دەستبەرداری بێت و واز بهێنێت). بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە فیدراسۆنی کۆمەڵە ئیسلامییەکانی فرەنسا (ئەمانە سەر بە گروهی ئیخوان موسلمین)، ئەم پرەنسیپە (قورئانییە - عەلمانییە)یان پێ قبووڵ نییە کە تەئکید لەسەر ئازادی بیروباوەڕ دەکاتەوە، لەبەرئەوەی بە مەزەندەی ئەوان ڕەنگە ئەمە ببێتە مایەی هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام لە فرەنسادا! ئەوان

ئەوە لەبیر دەکەن کە دەوڵەتی عەلمانی بە هاووڵاتیانی خۆی ناڵێت چی حەلاڵە و چی حەرامە لە ئاینی هەریەکەیاندا، چونکە ئەمە مەسەلەیەکە پێوەندی بە ئیمانداران خۆیانەوە هەیە. ئەوەی دەوڵەت بە ڕێک و ڕاستی بە هاووڵاتیانی دەڵێت ئەوەیە (چی لە ڕووی یاساییەوە نەک ئاینییەوە، ڕێ پێدراوە و چیش یاساغە و ڕێگەی پێ نادرێت).

لە وڵاتی عەلمانیدا یاسای گشتی وەکو یەک بەسەر هەمووواندا جێبەجێ دەبێت (هاووڵاتی بێت یان پەنابەر)، ئیتر ئینتمای ئەتنیکی و مەزهەبی و ئاینیی هەرچییەک بێت.. سەبارەت بە حەلاڵ و حەرامی ئاینیش ئەوا مەسەلەیەکە پێوەندی بە گرووپی ئاینییەوە هەیە. پابەندبوون و پێڕەوکردنیشی جێهێڵراوە بۆ ویژدانی هەر ئیماندارێک خۆی و دەوڵەت و یاساکانی دەوڵەت، دوور و نزیک پێوەندییان پێوەی نییە.

فرەنسا بە خواست و ویستی خۆی نەبوو بە دەوڵەتێکی عەلمانی، بگرە بەناچاری ملی بۆ مەسەلەیەکی وا دا. هەروەکو فەیلەسووفی هاوچەرخی فرەنسی "ئەندرێ گلۆکسمان" دەڵێت: (دوورخستنەوەی ئاینزا بەشەڕهاتووەکان لەسەر کۆنترۆڵکردنی دەسەلات، بە تایبەتیش ئاینزای کاتۆلیکی و پرۆتستانتی لە دەوڵەت، مەرجی یەکەمین بوو بۆ ئەوەی فرەنسا وەکو نەتەوەیەک مانەوەی مسۆگەر بێت و هەروەها ئەمەش یەکەمین هەنگاو بوو بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە داخڵ بە مۆدێرنە بێت).

ئەو هەلومەرجەی زۆربەی وڵاتانی سەرزەمینی ئیسلام (وەکو ئێران و عێراق و سعوودیە) تێیدان، بە هەلومەرجی دوێنێی فرەنسا دەچێت و دەرەتانێکیش بۆ خۆلادان لە چەوسانەوەی ئاینی و ئەگەری هەلایسانی شەڕی ئاینی، ئەو چارەسەرەی فرنسایە کە لە ئەمڕۆدا وڵاتانی شارستانی یان ئەوانەی ڕێگەی شارستانیبوونیان گرتووەتەبەر، پەیڕەوی دەکەن.

فرەنسا چۆن چۆنی بوو بە دەوڵەتێکی عەلمانی؟

فرەنسا لە ڕێی ئەو قوتابخانە عەلمانییەوە بەو پرۆسەیە گەیشت کە ئاین بە خوێندکارانی ناڵێتەوە، بگرە ئەوەی پێیان دەخوێنێت زانستی نوێیە. زانستێک یارمەتییان دەدات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی لە ئاین تێ بگەن و بەم جۆرەش لە (دەمارگیری ئاینیی)، دەمارگیرییەک کە دەبێتە مایەی تیرۆر و ئاژاوەگێڕی ڕزگاریان دەکات.

یەکەمین دیکۆمێنتی مێژوویی لە جیهاندا کە نێوانی دەوڵەت و کڵێسای لەیەکتری جیا کردبێتەوە و بواری کارکردنی هەریەکەیانی دیاری کردبێت، ئەو دیکۆمێنتە عەلمانییەیە کە ساڵی ١٩٠٥ پەرلەمانی فرەنسی بڵاوی کردەوە و تێیدا خەتێکی تۆخ لە نێوان کارکردنی هەریەک لە دەوڵەت و کڵێسا دەکێشێت و لێکیان جیا دەکاتەوە.

یەکەمین بڕگەی ئەم بڕیارە پێ دادەگرێت لەسەر ئەوەی: دەوڵەت ئازادی بیر و باوەڕ دەپارێزێت و ڕێگاش لە مومارەسەکردنی ڕێوڕەسم و سرووتە ئاینییەکان بەشێوەیەکی ئازادانە ناگرێت (...).

بڕگەی دووەم/ دەوڵەت وەکو ئاینی ڕەسمی ئیعتراف بە هیچ ئاینێک ناکات و یارمەتی دارایی‌یش ناداتە هیچ ئاینێک (...)، بەڵام دەکرێت خەرجی تایبەت بخرێتە لیستی بودجەی (دەوڵەت و هەرێم و شارەوانییەکان)، بۆ کۆکردنەوەی خێر و کۆمەک و ئەمەش تایبەتە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادیی مومارەسەکردنی ڕێوڕەسمە ئاینییەکان، لە داوودەزگا گشتییەکانی وەک قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی و بێلانەکان و نەخۆشخانە و گرتووخانەکان. دەوڵەتی عەلمانی فرەنسی وەکو ئاینیی ڕەسمی ئیعتراف بە هیچ ئاینێک ناکات و وەکو یەک بە مافی تەواوی ئاینەکان و لەوانەش ئاینی ئیسلامی دەزانێت کە لەو وڵاتەدا خۆیان ڕێک بخەن و ئازادانە سرووت و ڕێوڕەسمی خۆیان جێبەجێ بکەن.

بە پشتبەستن بە بڕگەی دووەم، دەوڵەتی فرەنسی یاسایەکی کۆنی

هەڵوەشـاندەوە کـە جـەخـتـی لەسـەر ئەوە دەکـردەوە، مـەترانی کـڵـێـسـای کاتۆلیکی وەک ئەندام لە ئەنجوومەنی پیرانی وڵاتدا حسابیان بۆ دەکرێت، بەڵام ئـەمـڕۆ وەکـو نووسـەر و ڕۆژنامـەنـووسـی فـرەنـسـی "A.gresh" دەڵێت: (دەوڵەت دوودڵ نیـیـە لەوەی بەشـدارییـان لە لێـژنەکـانی بیـرکـردنەوەدا پێ بکات، وەکـو لێـژنەی بیـرکـردنەوە لە چاککردنی ڕەفـتـار و هـەڵسـوکـەوتدا و دەشێت لەم ڕووەوە بەشدارییەکی ئیجابی و کاریگەریان هەبێت).

هـەروەها دەوڵەتـی عـەلمانی فـرەنسـی لـە جێـبـەجـێکردنی ئیلتـزامی خـۆی، بەرامـبـەر بەوەی پارمـەتی دارایی نەداتە داوودەزگـا ئاینیـیـەکـان، دەسـتـی کێشـایەوە و ٣٠٠ هەزار عەقاری خـستـە سـەر مـوڵک و مـاڵاتی کڵـێسـای کاتۆلیکی و ساڵی ١٩٢٠ هەستا بە تەرخـانکردنی سەرمایەیەکی پێویست بۆ مـزگـەوتـی بەنـاوبانگـی پاریس، ئەو مـزگـەوتـەی وەک ڕێزلـێنانێک بـۆ ئەو سـەربازە موسـڵمانانە دروست کرا کـە لە جـەنگی جیـهـانیی یەکەمدا، وەکو خۆبەخشێک چووبوونە ریزی سوپاوە بۆ بەرگریکردن لە فرەنسا. ئەمەش بۆ خـۆی بەڵگەیە لەسـەر ئەوەی عـەلمانیـیـەتی فـرەنسی دژی ئاین نیـیـە، بگرە خزمـەتگوزاری پێشکێش بە ئاینی تەواوی هـاووڵاتیـیـەکانی دەکـات، ئەگـەر ئەوە بـە پێـویست بزانێت. هەروەها ئـازادی جـێـبـەجـێکردنی سـرووت و ڕێوڕەسمە ئاینییەکانیان بۆ فەراهەم دەکات لە هەر بارودۆخێکدا بێت، بەو مـەرجـەی ئاسـایشـی گـشـتـی نەشـێـوێنن و هەوڵی ئەوە نەدەن دەوڵەت و قـوتابخـانە بکەنە لایەنگیـر لە کـاروبـاری ئاینیـدا، وەکـو ئەوەی هەنـدێک ڕێکخـراوی تاریکخـوازی ئیـسـلامی کاری بـۆ دەکەن. وەک هەڵـخەڵەتاندنی هەندێک کچانی مـوسـڵمانی فرەنسایی یان کچـانی پەنابەر لەوێ، بۆ ئەوەی حـیـجـاب بپـۆشن و چارشـێـو بدەن بەسـەر خـۆیاندا، ئەمـەش وەک تەحەداکردنێکی یاساکانی ڕێگەنەدان بە پڕوپاگەندەی ئاینی لە قوتابخانەی عەلمانییدا.

هەنووکـە پێنج ملیـۆن مـوسـڵـمـان لە فـرەنسـادا دەژین، دوو ملیـۆنیـان

فرەنسین و نیو ملیۆن لەوانە مومارەسەی ڕێوڕەسم و سرووتە ئاینییەکانی خۆیان دەکەن. با ئەمە بە رەوشی شیعەکانی عێراق لە سەردەمی "سەدام حسێن"دا بەراورد بکەین. ساڵی ١٩٧٦ فڕۆکەکانی بەعس کەوتنە بۆردمانکردنی ئەو شیعانەی بەرەو شاری کەربەلا دەچوون بۆ بەرزڕاگرتنی یادی "ئیمام حوسێن"، لەو بۆردمانەدا ١٠٠ کەس کوژران و دوای ئەوەش "سەدام حسێن" سەردانی کەربەلای لە یادی "ئیمام حوسێن"دا لێ قەدەغەکردن. ئەم حاڵەتەش بەردەوام بوو تا رۆژی هەرەسهێنانی سیستەمە خوێنرێژەکەی لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٣دا. لە کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا، ملیۆنان موسڵمانی سوننە مەزهەب بە جۆران چەشن دەچەوسێنرێنەوە و سەرکوت دەکرێن. بۆ نموونە سوننە مەزهەبەکانی شاری تاران لە کاتی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، بێ پەروا لە هەوڵی ئەوەدان مۆڵەتی ئەوەیان پێ بدرێت مزگەوتێکی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن تا نوێژی هەینی تێدا بکەن، بەڵام هەوڵەکانیان بێهوودە بوو.

سەروەختێکیش بێ وەرگرتنی مۆڵەت مزگەوتێکی لەو جۆرەیان دروست کرد، کەسانێکی نەناسراو کەوتنە تێکوپێکدانی و رووخاندیان بەسەریەکدا! هەروەها شیعە مەزهەبەکانی عەرەبستانی سعوودیە کە رێژەی لە ١٠٪ی دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێک دەهێنن، حاڵیان لە حاڵی سوننە مەزهەبەکانی ناو ئێران چاکتر نییە. منداڵی شیعەکانی سعوودیە رۆژانە لە قوتابخانەکاندا ئەو وانانەیان پێ دەوترێت کە "محەمەد بن عەبدولوەهاب و ئیبن تەیمیە" ئەوانی پێ تەکفیر دەکەن، هەرکەسێکیش گومان لە تەکفیرکردنی ئەوان بکات، ئەوا ئەو کارەی وەک کوفرکردن بۆ لە قەڵەم دەدرێت، وەکو لە فەتواکانی "ئیبن تەیمیە"دا هاتووە. قورئان خواردنی تەواوی گۆشتی ئەو باڵندە و پەلەوەرانەی بۆ موسڵمان حەڵاڵ کردووە کە ئەهلی کیتاب (واتە جوولەکە و مەسیحی) سەریان دەبڕن، بەڵام زانا ئاینییەکانی عەرەبستانی سعوودیە لە سەرەتای ساڵانی نەوەتەکانەوە،

خواردنی ئەو جۆرە شتانەی شیعەیان حەرام کردووە!

بۆ ئەوەی شەڕ و ئاشووبێکی ئاینیی لە نێوان شیعە و سوننە و لە نێوان موسڵمان و غەیرە موسڵماندا نەقەومێت لە وڵاتانی ئیسلامیدا، ئەوا پرۆسەی عەلمانییەت باشترین ڕێگەچارەیە کە بۆ ڕێگرتن لەو هەرایە. کاری ڕێکەوتیش نییە کە ئەستێرەی بەختی عەلمانییەت لە نێوان لاوانی عەرەبستانی سعوودیە و رووناکبیرانی ئەو وڵاتە و سەرجەم بوارەکانی خوێندن لە درەوشاندنەوەدایە. هەروەها پرۆژەیەکی دەستووری عێراقیش کە لەم مانگەدا بڵاو کرایەوە، جەخت لەسەر جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت و یەکسانی نێوان پیاو و ژن و هەڵگرتنی سزای لەسێدارەدان دەکاتەوە. هاوکات زۆربەی زۆری لایەنگرانی سەرۆک "خاتەمی" و ٣٠٠ ئایەتوڵڵا (کە ئایەتوڵڵا مونتەزیریشیان لەگەڵدایە) و رۆژی ٦ی ئەیلوولی ئەمساڵیش "مستەفا خومەینی" نەوەی ئایەتوڵڵا "ئیمام خومەینی"یش چووە پاڵیان، داوا دەکەن کۆماری ئیسلامی وەکو کۆماری فرەنسا ببێت بە کۆمارێکی عەلمانی. واتە ئاخوندەکانی ئەویَ دەستبەرداری دەسەڵاتی دەوڵەت بن و بگەڕێنەوە ناو حەوزە ئاینییەکانی خۆیان. هۆکاری ئەمەش چییە؟

هۆکاری ئەوەیە ئەمانە دەرکیان بەوە کردووە کە کۆماری ئیسلامی هەڕەشە و مەترسییە بۆ سەر ئیسلام. لە ساڵی ١٩٩٤ ئێرانییەکان وازیان لەوە هێناوە ناوی "عەلی و حسێن" لە منداڵەکانیان بنێن و دوو ناوی ئاگرپەرستی وەک "داریوش و ئارش" یان بەلاوە پەسەندترە. هەروەها حوجەتولئیسلام "عەلی زوم" جێگری سەرۆکی شارەوانی تاران ددان بەوەدا دەنێت کە ٧٥٪ کۆی خەڵکی ئێران و ٨٦٪ خوێندکاران وازیان لە نوێژکردن هێناوە و هامشۆی مزگەوتەکان ناکەن. بەڵام بابزانین کۆماری ئیسلامی بە چ شێوەیەک کەوتە وەڵامدانەوەی ئەم دوو مەترسییەی رووبەڕووی بووەتەوە؟

بۆ یەکەمیان هەستا بە قەدەغەکردنی ناونانی منداڵ بە ناوی غەیرە

ئیسلامی و ئەمەش وای کرد زۆربەی منداڵان دوو ناویان هەبێت، ناوێکی رەسمی لەسەر ناسنامەکانیان و ناوێکی میللیش لەناو خەڵکیدا. بۆ رووبەڕووبوونەوەی حاڵەتی دووەمیشیان کەوتە تەرخانکردنی مانگێکی تەواو لە ساڵدا، تا خەڵکی تێدا هان بدرێت بگەڕێنەوە مزگەوت و لەسەر نوێژکردن و هامشۆی مزگەوتەکان بەردەوام بن. لەو مانگەشدا داوودەزگاکانی راگەیاندن دەخرێنەگەڕ بۆ هاندانی هاوولاتیانی ئێران، تا رووبکەنەوە مزگەوتە چۆڵ و هۆڵەکان.. هەنووکە تەواوی مزگەوتەکانی ئەو وڵاتە لە بەیانییاندا ١٠ نوێژکەر و لە نیوەڕوانیشدا ٢٠ نوێژکەری تێدا دەبینرێت، کەچی لە سەردەمی دەسەڵاتی شاهنشادا مزگەوتەکان جمەیان دەهات.

تا ئێستاش فیدراسیۆنی کۆمەڵە ئیسلامییەکانی فرەنسا کە سەر بە رێکخراوی ئیخوان موسلمینی نێودەوڵەتین، سوورن لەسەر رەتکردنەوەی پرەنسیپی ئازادی ویژدان و بیر و باوەڕی قورئانی عەلمانی..

بۆ زیاتر ئاشنابوون و ئاگاداربوون لەم مەسەلەیە کتێبی (عەلمانییەت لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە) کە لە نووسینی "د. عەزیز ئەلعەزمەیە" و لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی (الوحدة العربية - بيروت) لە چاپ دراوە، بخوێنەرەوە.

# تیرۆر لەژێر پەردەی ئایندا

تیرۆر لە ڕووی ستراتیجییەوە بریتییە لەپەنابردن بۆ جۆرێک توندوتیژی کە هیچ یەک لەسێ شەرعییەتە مێژووییەکە پاساوی نادەنەوە، ئەو سێ شەرعییەتەش بریتین لە: (شەرعییەتی یاسایی نێودەوڵەتی، شەرعییەتی جیهانی، شەرعییەتی سیاسیی ئەقلانی) کە شۆڕشەکان، لە شۆڕشی ئینگلیزی و لە سەدەی حەڤدەوە پشتیان پێ بەستووە. کەواتە هەموو توندوتیژییەکی بەرگری ئامێز لەخۆکردن، هەموو هەوڵێک بۆ گۆڕینی ئەو هەلومەرجەی لە ئارادایە بەزەبری هێز و لە ڕێی توندوتیژییەوە لای زۆربەی زۆری خەڵک، شەرعییەت و رەوایەتی خۆی لە ڕووی مێژووییەوە لەدەست داوە.

ئەو توندوتیژییە تیرۆرستییەی سەرکۆنە دەکرێت، توندوتیژییەکە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێکی رەوا نییە بەشێوەیەکی سیاسی و ئەقلانی، بگرە تەنیا بەتوندوتیژییەکی بێئامان و خوێناوی دەمێنێتەوە. بەتایبەتی کاتێک نەخشە بۆ ئەوە دەکێشێت تا زەبر لە هاوڵاتییانی مەدەنیی بێگوناه بوەشێنێ و مافەکانی ئاسایش و ژیانی مرۆڤ پێشێل بکات.

توندوتیژیی رەوا تەنیا ئامانجی سەرکەوتنە، بەڵام توندوتیژیی تیرۆرستی مەبەستی یەکەمی نمایشکردنی خۆیەتی. لەمڕۆشدا شۆڕشی ئاڵوگۆڕ و پێوەندیکردن، چاکترین ئامرازێکی بەردەست خستووە کە ئەو لێی دەگەڕێت، بۆ ئەوەی کارەکەی دەنگدانەوەیەکی جیهانی هەبێت و بگات بەهەموو ئەوانەی بەو کردەوانە سەرسامن یاخۆ لێی دەترسن. تاوانباران چەندە لە هەوڵی شاردنەوە و سڕینەوەی شوێنەواری تاوانەکانیاندان، تیرۆرستان (بۆ ئەوەی بەمەرامی خۆیان بگەن)، ئەوەندە لە هەوڵی نیشاندان و ئیعلانکردنی

کردەوەکانی خۆیاندان بەدنیادا. هەر بۆ ئەم مەبەستە ئەنجامدەرانی پرۆسە خۆکوژییەکان لە (مانهاتن) و (پەنتاگۆن)، کاتژمێر نۆی سەر لەبەیانییان بەکاتی ئەمەریکا دەستنیشان کرد، لەبەرئەوەی ئەو کاتە کاتێکی گونجاوە بۆ جیهانی ئیسلامی و زۆرترین رێژەی خەڵک دەتوانن رووداوەکە (بەگەرم و گوڕی) لە رێی شاشەی تەلەفزیۆنەکانیانەوە ببینن. ئەمەش بۆ ئەوەی متمانەی جەماوەری عەرەبی و ئیسلامی بەدەست بهێنن، ئەو خەڵکەی هیچ متمانەیەکی بەخۆی نەماوە، بەتایبەتی لە دوای شکستی ١٩٦٧، زۆر جار تیرۆر، کۆمەڵێک گرووپی بچووکی نهێنی پێی هەڵدەستن کە بەشێوەیەکی سەربازی رێکخراون و دژی دەوڵەت کار دەکەن، مەبەستیشیان بەدیهێنانی ئامانجگەلێکە کە نەیتوانیوە بەئاشکراو لە رێی کاری جەماوەرییەوە بەدی بهێنن.

لە کاتی جەنگی ساردەوە تیرۆر بوو بەتیرۆری دەوڵەت، ئیتر ئەو دەوڵەتە لە رێی دەزگا سیخوڕی و هەواڵگریەکانییەوە ئەنجامی دابێت، یاخۆ بەهۆی چەند دەستە و تاقمێکەوە کە لە پشتەوە خۆی چەکداری دەکردن و یارمەتی دەدان پێی هەستابێت. بەم جۆرە هەر گرووپێکی تیرۆریست دەوڵەتێکی لەپشت نەبێت سەرکەوتوو نابێت و شکست دێنێت، لەبەرئەوەی تیرۆری هاوچەرخ پێویستی بەدوو سەرچاوەی سەرەکی هەیە:

- پارە و پوولێکی زۆر و زەوەند.
- زانیاریی هەواڵگری.

جگە لە دەوڵەتیش کەس دەستی بەسەر ئەوەدا ناشکێت.

ئەمڕۆکە تەواو دڵنیاین لەوەی تیرۆری چەپڕەوەکان لە هەریەک لە ئەڵمانیا و ئیتالیا، (کەی. جی. بی) لەپشت بوو. لە پەنجاکانیشدا فەرەنسای کۆلۆنیالی دەستی دابووە تیرۆر، لە دژی سەرکردەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی لە توونس و جەزائیر. بۆ نموونە (چنگی سوور)

سـەرکـردەی توونـسـی "فـەرەحـات حـەشـاد"ی تیـرۆر کـرد و سـاڵی ١٩٥٥ "ئەحمەد بن بلە"ی سـەرکردەی سوپای رزگاریخوازی جەزائیر، بەشێوەیەکی سـەیر لە هـەوڵێکی تیرۆرکاری قوتاری بوو. بەهەمـان شـێوە لە پەنجاکاندا ئیسرائیل تیرۆری دەوڵەتی لە دژی هاووڵاتیانی فەلەستینی پەیڕەو کرد، بۆ ئەوەی ناچاریان بکات خـاک و ئـاوی خـۆیان جـێ هێـڵن و دەسـتـبـەرداری وڵاتەکـەیان بن. ئـەم پرۆسـەیەش تـا ئەمـڕۆ لـە دژی سـەرکـردە و ئەنـدامـە چالاکەکانی (فەتح و حەماس و جیهادی ئیسلامی) درێژەی هەیە.

ماوەیەک بەر لە ئێستا "شیمۆن پێریز" زانیاری ئەوەی دایە رۆژنامەکان کە "موشی یەعلون"ی جێگری سەرەک ئەرکانی سوپای ئیسرائیل، لە هەوڵی ئەوەدایە "یاسر عەرەفات"ی سـەرۆکی دەسەڵاتە ئۆتۆنۆمییەکەی فەلەستین تیـرۆر بکات و بەیەکـجـاری رێکەوتننامـەی (ئۆسلۆ) گۆڕ بکات. هەریەک لە مەراکیش و جەزائیر، لە سالانی شەست و حەفتاکاندا تیرۆری دەوڵەتیان دژی هەندێک لە سـەرانی ئۆپۆزسیۆنی وەک: (مەهدی بن بەرەکە و محەمەد خیسەر و کەریم بلقاسم) بەگەڕخست. هەروەها کۆماری ئیسلامی ئێرانیش ئەم پرۆسـەیەی لە دژی بەرهەڵستکارەکانی، لە ناوەخۆی وڵات و لە ئەورووپا جێبەجێ کرد. لە ئەورووپا (٦١) پەنابەری تیرۆر کرد، لەوانە "عەبدولرەحمان قاسملۆ"ی سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستـانی ئێران. شایەنی باسە هەریەک لە ئێـران و سـوودان و ئەفغـانسـتـان، تیـرۆری دەوڵـەتیـان لە دژی وڵاتانی (عەرەبی و رۆئاوایی) بەکار هێناوە، بۆ جێبەجێکردنی مەرامگەلێکی وا کە وڵاتانی تر بەشێوازی دیپلۆماتی بەدەستی دێنن.

لێرەدا دەکرێت بپرسین بۆچی ئەوانە پەنا بۆ تیرۆر دەبەن؟ لەبەرئەوەی لاوازی ئەو وڵاتانە لـە رووی سـەربازییـەوە، رێیان پێ نـادات بچنە جـەنگێکی کلاسیکییـەوە دژ بەو وڵاتانەی ناکۆکن لەگەڵیاندا، بۆیە پەنا بۆ دەسـتـە و تاقمە تیرۆرستە ئاینییەکان دەبەن تا لە دژی ئەو وڵاتانە بەکاریان بهێنن کە دەیانەوێت ئاسایش و ئارامییان تێک بدەن.

تیرۆری ئاینی و عەلمانی چونیەکن لە بەکارهێنانی توندوتیژی کوێرانە و سیاسەتی شەڕانگێزانەدا، بەڵام ئەوەی لێکیان جیادەکاتەوە ئەوەیە تیرۆری ئاینی پەنا بۆ شەرعیەتی ئاینی دەبات کە پێی وایە لە ڕێی ئەم سێ ئامرازەوە بەرجەستە دەبێت: (بەرقەرارکردنی ئیرادەی یەزدان لەسەر زەوی، تەکفیرکردنی مۆدێرنە، پشتبەستن بەفەتواداان بۆ پاساودانەوەی تاوانەکان).

گرووپێکی تیرۆرستی ئاینی هەر هێندەی پێی وابوو تەواوی حەقیقەت لای ئەوە، ئیتر دەگاتە قەناعەتی ئەوەی ئاسمان (ئەوی هەڵبژاردووە) تا پەیامی رزگارکردنی جیهان لە گومڕایی (بەتیرۆرکردن) بگرێتە ئەستۆ، ئەویش بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئیرادەی یەزدان لەسەر زەوی. هەر ئەمەش بوو گرووپە یەهوودییە ئەرسۆدەکسەکان (زەلوت) لە سەرەتای سەدەی یەکەمی زاینیدا ئەنجامیان دەدا. هەروەها (حەشاشەکان) و دواتریش کڵێسای کاتۆلیکی بەدرێژایی پێنج سەدە لە دژی مۆدێرنە بەگەڕیان خست، بەڵام دادگەکانی پشکنین بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن لەبری ئەوەی مۆدێرنە لەباربەن، ڕێگەیان لەبەردەمدا کردەوە.

بەم جۆرە ئەقڵی مۆدێرن بەسەر عەقڵی تەقلیدیدا سەرکەوت، گەورەترین سەرکەوتنی مۆدێرنەش لەوەدا بوو دوژمنە مێژووییەکەی هێنایە ژێر باری ئەوەی پەیڕەوی پرەنسیپەکانی بکات و خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت. دوای ئەوەی کڵێسای کاتۆلیکی نەیتوانی ڕێگە بەمۆدێرنە بگرێت و لەبەرامبەریدا دوچاری شکست هات، ڤاتیکان ناچار بوو لە نێوان ساڵانی ١٩٦٢-١٩٧٠ پێک بێت لەگەڵیدا و پێوەندی خۆی لەگەڵدا ئاسایی بکاتەوە.

گەر تا دوێنێ کڵێسا لە هەوڵی گۆڕکردنی مۆدێرنەدا بوو بێت (مۆدێرنە وەک ئەوەی بریتییە لەدیموکراسییەت و عەلمانییەت و یەکسانیی نێوان نێر و مێ و تەواوی رەگەزەکان)، ئەوا ئەمڕۆ تیرۆری ئیسلامی درێژە بەو پرۆسەیە دەدات و دەیەوێت ڕێگە نەدات مۆدێرنە بێتە ناو خاکی ئیسلام و

عەلمانییەکانیش کە هەڵگری پرۆژەی مۆدێرنەن لەناو بەرێت. بزاوتە ئیسلامییەکانی (میسر و جەزائیر)، دەیان رۆشنبیر و کارمەندی بوارەکانی راگەیاندنیان تیرۆر کردووە.

سەرکردەی ئەو بزاوتە ئیسلامییانە فەتوایان لەسەر ئەو مەسەلەیە داوە و بکوژانیان دەسکراوە کردووە، بۆ ئەوەی خوێنی قوربانییەکانیان (لە رۆشنبیران) بڕێژن. فەتوادان لە تیرۆری ئاینیدا مەسەلەیەکی جەوهەرییە، لەبەرئەوەی ناهێڵێت کەسی تیرۆریست هەست بەگوناه بکات و رووگیر بێت، هەروەها لەو فەرمانەشی ناچاری دەکات (کەس نەکوژێت) قوتاری دەکات.

لە کاتی دادگاییکردنی بکوژانی "د. فەرەج عەلی فۆدە" دا، دادوەر پرسیارێکی ئاراستەی "شێخ محەمەد غەزالی" کرد (بۆ زانیاری ئەم پیاوە سیمبولی میانڕەوییە لەناو سەرکردەکانی ئیخوان موسلمیندا) و لێی پرسی: حوکمی ئیسلام دەرهەق بەوانەی هەستاون بەکوشتنی "فەرەج فۆدە" چییە؟ بێ هیچ دوودڵییەک و وەکی فەقیهێکی سەدەکانی ناوەڕاست کە ویژدانی ئەخلاقی مردبێت، شێخ لە وەڵامدا وتی: ئەوانە حوکمی هەڵگەڕانەوە لە دینیان بەسەردا جێبەجێ کردووە، حوکمێک کە ئیمام خۆی لە جێبەجێکردنی دزیوەتەوە. لەو کاتەدا کە بکوژەکە هەستی کرد لە هەموو گوناهێک بێبەرییە، هاواری کرد: (ئێستا بەویژدانێکی ئاسودەوە دەمرم و ژیان بەجێ دێڵم). واتە بکوژەکەی "فەرەج فۆدە" دوای ئەوەی گوێ بیستی فەتواکەی "شێخ غەزالی" بوو، هەستی کرد گوناهێکی گەورەی نەکردووە، بەوەی (هەستاوە بەکوشتنی کەسێک کە خوا حەرامی کردووە)، بگرە کارێکی چاکی کردووە و شایانی ئەوەیە پاداشتی بدرێتەوە. ویژدانی بکوژەکە زۆر ئاسوودەتر بوو کاتێک سەرلەنوێ دادوەرەکە لە "غەزالی" پرسی: (ئەی سزای ئەوانە لە ئیسلامدا چییە؟) "شێخ" لەوەڵامدا وتی: (ئەوان لەبەرامبەر ئیمامدا لەسەر رای خۆیان سووربوون و دەستبەرداری

ڕای خـۆیان نەبوون – أفـتـئـات–یش لە ئیـسـلامـدا، سزای لەسـەر نیـیـە). بەکورتییەکەی "شێخ محەمەد غەزالی" داوای ئازادکردنی دەکردن.

هەر بەفـەتوای لەم جـۆرەی شـێخ، ئیـسـلامـیـیـەکـانی جـەزائیـر حـوکـمی هەڵگەڕانەوەیان بەسەر (٦١) رۆشنبیر و ژورنالیستدا جێبەجێ کرد، لەوانە "جـەلال یابس"ی ئەکـادیمست. "ئەنوەر هـەدام"ی نوێنـەری بەرەی ئینقـازی ئیسلامی لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی دەنگوباسی فرەنسی، بەرپرسیارێتی رێکخـراوەکـەی لە تیـرۆرکـردنی "یابس" راگـەیاند. هەر سـەبارەت بەو مـەسـەلەیە، رابەری ئیـسلامـیـیـەکـانی توونس لەسـەر وتاری (المتوسط)دا تەئکیدی کردەوە: (عەلمانییەکانی توونس کە دەستیان لەگەڵ دەوڵەتدا تێکەڵ کردووە، هەمان چارەنووسی– یابس– یان دەبێت).

"راشد غەنووشی" لە کتێبەکەیدا (ئازادییە گشتییەکان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا  بەیروت، ١٩٩٣)، فەتوایەکی بڵاو کردووەتەوە کە تیرۆرکردنی "ئەنوەر سادات" لە رووی شـەرعـیـیـەوە، بەکـردەوەیەکی رەوا دەزانێت: (حوکمڕانی موسڵمان هەر کاتێک لە شەریعەت لای دا، کوشتنی رەوایە. بۆیە ئەرکی سەر شانی هەموو کەسێکە بەو کارە هەستێت و هەوڵ بدات بۆ ڕزگاربوون لێی، لەبەرئەوەی مانەوەی ئەوانە لەسەر کورسی دەسەڵات دەبێتە مایەی ئاشووب و نائارامی). فیقـهی مـەرگ کـە ئەم فـەتوا خوێناوییـانەی بەرهەم هێناوە، بەردەوام و تائێستاش لە قوتابخانەکانی جیهانی ئیسلامی و زانکۆکـانیـاندا (جگە لە توونس و تورکـیـا)، دەخـوێنرێت و جگەر گـۆشـەکـانمانی پێ گـۆش دەکـرێت. (فـیـقـهی مـەرگ) بەردەوام لەناو خوێندکارەکاندا پەرە بە (مایکرۆفاشییەت) دەدات، ئەو (مایکرۆفاشییەت)ەی سایکۆلۆجیای ناخی مرۆڤ باسی لێ دەکات و پێی وایە، لە ناخود ئاگای هەریەکێکماندا خۆی مات داوە و هەر هێندەی هەلێکی بۆ رەخسا بەئاگا دێت و دەکەوێتە گەڕ.

تەنانەت ئەو وڵاتانەشی لە شەڕی دەستە و یەخەدان لەگەڵ تیرۆر (وەکی میسر و جەزائیر)، تائێستاش خوێندنگا و زانکۆکانیان مەڵبەندی پێگەیاندنی ئەو تیرۆرستانەن کە تیۆلۆجیای سەدەکانی ناوەڕاست غەریزەی مەرگدۆستییان تێدا دەچێنێ و لە ئاگایی و ناخود ئاگایاندا، ژیانی خۆیان و ژیانی خەڵکی تریش بە شتێکی سووک و بێ بایەخ سەیر دەکەن. دواتر و بەچێژێکی سادی- مازۆخییانە و لە دیمەنێکی تراجیدییانەدا، هەردوو لا دەکەونە کوشت و بڕی یەکتری.

ئەم تیۆلۆجیا جیهادییە شەڕانگێزەی لە خواست و پێداویستییەکانی کات و شوێن بێ ئاگایە، هەر ئەوە کە تیرۆرستانی دەسکراوە کردووە، تا تاوانە قیزەونەکانیان بەجۆش و خرۆشێکی ئاینیی کەم وێنەوە ئەنجام بدەن. هەر ئەویشە دەتوانێت دەیان هەزار لە ئیسلامییەکان و ئەوانەی لایەنگری پڕۆژە خۆکوژییەکانیان لە جیهانی ئیسلامیدا بهێنێتە سەر شەقامەکان، لە ڕێی بانگەشەکردنیانەوە بۆ جیهادکردن، بەمەبەستی داکۆکیکردن لە پیاوکوژەکانی تاڵیبان و "بن لادن"و ئەو خوێنڕێژانەی بە فەرمانی ئەو کار دەکەن.

هەموو ئەمانەش بۆیە روو دەدەن، چونکە پرۆگرامە کۆنەکانی خوێندن مێشکی داشۆریون و هەر لە منداڵییەوە فیقهی شەڕی سەردەمی خاچ پەرستانیان پێ ئەزبەر دەکرێت کە دەڵێت: (جیهاد ئەرکی سەر شانی هەموو موسڵمانێکە، هەر کاتێک جەنگ ڕووبەڕووی وڵاتێکی ئیسلامی بووەوە). ئەم تیۆلۆجیا توندڕۆ و دەمارگیرە، خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو ئەوانەیە کە باس لە بێتاوانی "بن لادن" دەکەن، بەرامبەر ئەو تاوانەی دژ بەمرۆڤایەتی ئەنجامی داوە. هاوکات هەر تیۆلۆجیای دەمارگیری و توندڕۆی بوو وای کرد، ٢٠ هەزار خوێندکاری میسری بڕژێنە سەر شەقەماکان و خۆپێشاندان لە بەرامبەر جەنگی ئەمەریکا دژ بەئیسلام ڕێک بخەن.

لەو خـۆپێـشـاندانـەدا خـوێندكـاران داوایان لە حكوومـەتـی مـیـسـری كـرد (دەرگـای جـیـهـاد ئاوەڵا بكات)، هـەروەهـا حكوومـەتەكـانی جـیـهـانی ئیـسـلامـیـشـیـان هان دا بـۆ ئەوەی (هـاوپەیمـانەتیـەكی ئیـسـلامی)، بۆ یارمەتیدان و پشتیوانیكردنی تاڵیبان و "بن لادن" پێک بهێنن. دروشمی ئەو خۆ پیشاندانانەش، كتومت لەو كتێبە زەردانەوە وەرگیرابوو كە دەیخوێنن.

لەلایەكی ترەوە (لێژنەی بەدواداچوونی كۆنگرەی نەتەوەییی ئیسلامی) لە لەندەن، لای خـۆیەوە رایگەیاند كـە: (ولاتە یەكگرتووەكـانی ئەمـەریكا هەڵمـەتێكی دوژمنكارانەی لە دژی ئەفـغـانسـتـان دەست پێ كـردووە، بەمـەبەستی پاكتـاوكردنی تەواوی هـاوولاتییـانی ئەو ولاتە)، چونكە ئەوانە پێیان وایە "بن لادن" ئەركی ئاینی خۆی جێبەجێ كردووە، كاتێک جیهادی لە دژی ئەمەریكا ڕاگەیاندووە.

هەمـوو ئەو لێـدوان و دروشم و قـەنـاعـەتانەی بەلای مـرۆڤی ژێرەوە وەک وڕێنەیەكی شـەڕانگێـز و خـوێناوی دێتـە بەرچاو، بـەلای قـوربانـیـانی تیـۆلۆجیـای سـەدەكـانی ناوەڕاست و فـەتواكـانیـانەوە، بەڕووی ڕاست و دروستی ئاین دەدرێتە قـەڵەم و پێیان وایـە ئیـسـلامیـیـەتی مرۆڤی مـوسـڵمـان تەنیا بەوە تەواو دەبێت.

# وشککردنی سەرچاوەکانی
# کلتووری جیهاد و شەهیدبوون

ساڵی ١٩٩٦ لە ڕۆژنامەی (الحیاة)دا وتارێکم بە ناونیشانی (وشککردنی سەرچاوەکانی تیرۆر) بڵاو کردەوە، لەو وتارەدا باسم لەوە کردبوو کە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی سیستەمی پەروەردە، هەنگاوێکی گرینگە بەرەو قۆناغی گەشەسەندن و بەرەو پێشچوون. ئەم قۆناغەش پێویستی بە ڕیفۆرمێکی ئاینی ڕاستەقینە و نوێکردنەوەی فیکر و بەها و کولتوور و دەستپێداهێنانی بواری یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی هەیە. لەو بەروارەوە تا ئەو کاتەی خاوەنی (الحیاة) لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٢دا نووسینی لە ڕۆژنامەکەدا لێ قەدەغە کردم، من هەر لەسەر وریاکردنەوەی دەستەبژێری جیهانی عەرەبی بەردەوام بووم ئەو دەستەبژێرەی هیچ ئازایەتییەکی فیکری و سیاسی و ئاینی نییە، بۆ ئەوەی لە بواری یاسادانان و پەروەردەدا چاو لە ئەزموونی توونسی بکات.

ئەزموونی وڵاتی توونس لە بواری یاساداناندا، ژنی لە کۆیلایەتی فیقهی سەدەکانی ناوەڕاست ڕزگار کرد و لە بواری پەروەردەشدا، نەوە نوێکانی لە دەست ئەو خوێندنە تەقلیدییە قوتار کرد کە بۆ ماوەی چەندین سەدە عەقڵی موسڵمانانی لە بیرکردنەوەی ئەقلانی و زانستی و سیاسی و ئابووری دابڕیبوو. سیستەمی پەروەردە لە توونسدا چۆن توانی سەرچاوەکانی توندڕۆیی و دەمارگیری ئاینی وشک بکات، کە دژایەتییەکی سەرسەختی ژن و ئەقڵ و مۆدێرنە و ئەوی تر دەکات؟ ئەم پرۆسەیە بەهێنانی فەلسەفە بۆ ناو سیستەمی خوێندن (مۆدێلی خوێندنی فەرەنسی) دەستی پێ کرد و لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە، فەلسەفە وەک وانەیەکی سەرەکی لە دوو ساڵی کۆتایی قۆناغی ئامادەییدا دەخوێندرێت. لە زانکۆشدا تێکڕای

کۆلێج و بەشەکان، هەر لە کۆلێجی پزیشکییەوە بۆ بەشی خوێندنی ئاینی، فەلسەفە دەخوێنن. بۆ ئەوەی خوێندکاران ببنە خاوەنی فیکرێکی ڕەخنەیی وا کە نەهێڵێت دووچاری دۆگمابوونی عەقڵی و خودئەڤینی دەستەجەمعی بن و ڕێگر بێت لەوەی خۆیان بەهەڵگری حەقیقەتی ڕەها بزانن، بگرە دەبێت وەها فێر بکرێن کە هیچ حەقیقەتێک ڕەها نییە و هەموو حەقیقەتێک بەشێکە لە حەقیقەتێکی گەورەتر و بەرفراوانتر. هەروەها لە ڕێی خوێندنی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤەوە، توانرا بیرکردنەوەی گەنجی موسڵمان لە جەبری حەڵاڵ و حەرام ئازاد بکرێت و لە بری ئەوە بەها ئینسانییە یۆنیڤێرسالییەکانی تێدا بچێنرێت و فێر بکرێت لە ئاست پێشێلکردنیاندا، بێدەنگ نەبێت و بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ بکات.

هاوکات زانستە مۆدێرنەکان بەسەر دیاردەی ئایندا پراکتیز کرا، بۆ ئەوەی ئەقڵ بتوانێت پەی بە نهێنی و دەلالەتە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی بەرێت. بەراوردکردنی ئاینەکان بەیەکتری، ڕەوتی مێژوویی دروستبوون و پەرەسەندن و تێکەڵبوونیان لەگەڵ یەکتری ڕوون دەکاتەوە. ئێمە ناتوانین بەشێوەیەکی مێژوویی لە ئاینە یەکتاپەرستییە زیندووەکانی وەک (یەهوودییەت و مەسیحییەت و ئیسلام) تێ بگەین، بەبێ بەراوردکردنیان بە ئاینەوە سنییە مردووەکانی وەک ئاینی (میسری و بابلی). هەروەها دەتوانین لە ڕێی سۆسیۆلۆجیای ئاینەوە چاکتر لە وەزیفەی ئاین تێ بگەین و لەوەش بگەین، بۆچی بکەرە کۆمەڵایەتییەکان زۆر جار ئاین بۆ ئامانجی دنیایی بەکار دێنن. یان دەکرێت دیاردەی ئاینی لە ڕێی پیسکیۆلۆجیاوە بخوێنینەوە، تا بتوانین پەی بەو دوو پێداویستییە سەرەکییە بەرین کە ئاین بۆ مرۆڤی دەستەبەر دەکات:

١- ئەو مرۆڤەی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە شێواو و نائارامە، پێویستی بە پەناگە و چاودێرییەکی باوکانە هەیە و ئەمەشی لە ئایندا بۆ فەراهەم دەبێت.

٢- حەز و ئارەزووی خود ئەڤینییانەی مرۆڤ بۆ نەمری و بۆ ژیانێکی تر لە پاش مردن، ئاین ئەم خواست و غەریزەیەی مرۆڤیش تێر دەکات.

تا ئێستا هیچ دەستەبژێرێکی جیهانی عەرەبی لەبەر ترسی سیاسی و ئاینی، ئەم ئەزموونە کەم وێنەیان نەکردووەتە بەرنامە بۆ بنەبڕکردنی سەرچاوەکانی کولتووری تەکفیر و جیهاد و شەهیدبوون، لەبەرئەوەی ئەم توێژە دەستەوستانە لە چارەسەرکردنی کێشە یەک بەدوا یەک و بەردەوامەکاندا و چاوەڕوانی بەردەوامیشی بۆ ئەوەی هەلومەرجی چارەسەرکردنیان بڕسکێت، وای لێ کردوون نەتوانن لە کاتی خۆیدا سەرکێشی بکەن و چارەسەری کێشە و قەیرانەکان بکەن. بەڵام هەر کاتێک فشاری ناوەخۆیی نەیتوانی بگاتە ئاستی چارەسەرکردنی قەیرانەکان و دروستکردنی گۆڕان، ئەوا فشاری دەرەکی دێتە پێشێ و بەو ئەرکە هەڵ دەستێت. لێرەوە دیپلۆماسیەتی نێودەوڵەتی و ڕاگەیاندنی جیهانی و کۆمەڵگەی مەدەنی نێودەوڵەتی، کەوتنە خۆیان بە مەبەستی نوێکردنەوەی سیستەمی پەروەردە و بواری یاسادانان لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا. تەنانەت لە وڵاتێکی وەک ئێراندا ئەگەر فشاری یەکەتی ئەوروپا نەبوایە، ئەوا یاسای بەردبارانکردنی ژنان هەڵنەدەگیرا. خوێندنی ئاینی بەو پێیەی ئاوێنەیەکە وێنەی ئایدیۆلۆجیای ڕەسمی وەکو خۆی دەخاتە ڕوو، کەواتە دەبێت هەموو ریفۆرمێکی ڕاستەقینە لەوەوە دەست پێ بکات. ئەوەی لە خوێندنی ئاینی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا هەیە بە کەمەکێک جیاوازییەوە، دژایەتیکردنی ژنان و ئەوەی تر و برەودانە بە کولتووری جیهاد و خۆ بە کوشتدان. ئەم کولتوورە مێشکی گەنجان دەشواتەوە و هانیان دەدات ببنە بکوژ و کوژراو و جەماوەری بکوژان.

بێگومان ئەوەی دەکوژێت و خۆشی وێران دەکات، کەسێکی بێئومێد و بێ چارە و دڵتەنگە و نەیتوانیوە لە ژیاندا مانایەک بە بوونی خۆی بدات. لێرەوە و بە شێوەیەکی ناخود ئاگا ئەو کەسە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوە، مانا بە

ژیانی دوای مـردنی خـۆی دەدات. بۆ ئەوەی لەوێدا هـەرچی چێـژ و خـۆشی ژیانـە لە دەسـتی چووە، وەری گـرێتـەوە. هـاوكـات ئەم كـەسـە گـیـرۆدەی هەسـتـێكە بە گـونـاهێكی قـوولّ، ئـەم هـەسـتـەشی لە منداڵـیـیـەكی پڕ برینداریـیـەوە بۆ مـاوەتەوە. بەڵام نـابێت ئەوەشـمـان لە یاد بچێت كـە قـات و قڕیی جنسی و ستایشكردنی شەهیدبوون و باسكردنی لایەنە ئیجابییەكانی لە بواری خـوێندن یان دەزگاكـانی ڕاگـەیانـدن یاخـۆ لە وتاری ڕۆژی هـەینیدا یان فـەتوای تەكـفـیـركردن و هـاندانی خـەڵك بـۆ كوشـتنی كـەسانی غـەیرە موسـڵـمان، بێگومان ڕۆڵێكی گەورەی گێڕاوە لەوەی غـەریزەی مـەرگدۆسـتی بەسـەر غـەریزەی ژیان دۆستیدا زاڵ بێت لە مرۆڤی تیرۆرسـتدا . لەم بارەیەوە بڕوانە نموونەكانیان لە فەلەستین و ڕیاز و داربەیزاو نیویۆرک و واشنتۆن.

هۆكـارێكی تری خـۆبەكوشـتدان، قـاتوقڕی جنسـیـیـە. سـەرانی گـرووپە تیرۆرسـتییەكـان چاک ئەمە دەزانن و زیرەكانـەش بەكاری دەهێنن. بۆ نموونە "ئەبونیـزاڵ" شـەش مـانگ بەر لە ئەنجـامدانی هـەر كردەوەیـەكی تیـرۆرسـتی، تیرۆرسـتان لە یەكتر جیا دەكاتەوە و هـەر جۆرە تەماس و هـەڵسوكـەوتێكیان لەگـەڵ ژناندا ، لێ قـەدەغـە دەكات. "حـەسـەن تورابی" بەخـۆی هـەڵدەسـتێت بە مـارەبڕینی حـۆرییـەكـانی بەهـەشت لـە وانەی لـە قـەتڵـوعـامكردنی مـەسـیـحـیـیـەكـانی باشـووری سـوودانـدا شـەهـیـد دەبن. یەكـێک لە ڕۆهەڵاتناسەكانی ئەڵمانیا لە كتێبێكیدا ، باس لەوە دەكات كە خۆكوژەكانی بزووتنەوەی حـەمـاسی فـەڵەسـتینی بـەر لەوەی خـۆیان بتـەقێننەوە، ئەندامی زاوزێی خـۆیان دەپارێزن بۆ ئەوەی لە شـەوی پەردەدا لەگـەڵ حـۆرییـەكـانی بەهـەشـتدا بەكاری بهێنن! سـاڵی ١٩٩٦ ژنێكی جەزائیری لە مامـۆستـایەكی زانكۆ دەپارێتـەوە بەهـانـایەوە بێت و قـەناعـەت بە كـوڕەكـەی بكات كـە لە تاقیكردنەوەی بەكالۆریادا دەرنەچووە، تا پێوەندی بە چەكدارەكانی كۆمەڵی ئیسـلامـیـیـەوە نەكات و سـەرەنجـام ئەم گـفـتوگـۆیە لە نێـوان مـامـۆسـتـا و خوێندكارە دەرنەچووەكـەدا دروست دەبێت. مامۆستا: مستـەفا دەزانیت گەر

پەیوەندیت بە کۆمەڵی ئیسلامییەوە کرد، تەمەنی درێژت نۆ مانگ دەبێت؟ مستەفا: نا مامە، من ئومێدم بە ژیان لەگەڵ ئەواندا حەوت مانگ زیاتر نییە. گەر خوا ویستی لەسەر بێت و ئەمجارە بە فیعلی بەسەر هێزی کافراندا سەرکەوین، ئەوا بەهەشت لەسەر خاکی جەزائیر دروست دەکەین، بەڵام گەر ئەجەلم هات و لە پێناو یەزداندا کوژرام، ئەوا شەهیدیم بە نسیب دەبێت. ئەو کات نەسزای قورسی گۆڕ دەچێژم و نەچاوەڕوانی ڕۆژی قیامەتیش دەکەم بۆ چوونە بەهەشت، نەخێر دەستبەجێ دەچمە بەهەشت و ئازاری مردن ناچێژم. دواجار ئەم ئایەتەش بۆ مامۆستا دەخوێنێت: (ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله امواتاً بل احياءً عند ربهم يرزقون فرحين بما اتاهم الله يستبشرون بالذين لم يلحقوا بهم من خلفهم ولا خوف عليهم ولا هم يحزنون)، (آل عمران ١٦٩-١٧٠). با بە کورتی زانستە مۆدێرنەکان پراکتیزە بکەین، بۆ ئەوەی ئەفسانەی شەهیدبوون لەبەریەک هەڵوەشێنین. سۆسیۆلۆجیای ئاینی فێرمان دەکات ئاین پێدراوێکی بێلایەن نییە، بەڵکو دەخرێتە خزمەتی ستراتیجگەلێک کە هەندێ جار ئاشکرایە و هەندێ جاریش شاراوەیە.

ئامانجی ئەو دوو ئایەتەی لە پای شکستی شەڕی ئوحوددا دابەزین، لەبارەی هاتنە خوارەوەی ئەو دوو ئایەتە (هۆکاری هاتنە خوارەوە سەرچاوەیەکی گرینگە بۆ تەفسیرکردنی ئیسلام بەشێوەیەکی سۆسیۆلۆجی)، موفەسرین دەڵێن: (بۆ ئەوە بووە تا ورەی موسڵمانان بەرز بکاتەوە، چونکە دوای شکست هێنانیان لە جەنگی ئوحوددا ورەیان ڕووخابوو، پێغەمبەریش دەترسا لەوەی لە جیهادکردن ساردببنەوە. بۆیە پێویستی بەوە دەکرد ورەیان بەرز بکرێتەوە و قەرەبووی ئەو زەرەر و زیانانەشیان بۆ بکرێتەوە کە لە پای ئەو جەنگەدا لێیان کەوتبوو. واتە دەسکەوتی بەنرخی وەک موتعەی بەهەشتیان نیشان بدات، بۆ ئەوەی لە دەستدانی ماڵ و سامانی دنیایان بیر بچێتەوە.. پێغەمبەر لە سەروەختی

خۆسازداندا بۆ جەنگی ئوحود و بەدر، تێبینی ئەوەی کردبوو ئەنسارەکان و هەندێک لە موهاجرینیش وەک عوسمانی کوڕی عەفان گەرموگوڕییان تێدا نییە و بەجۆش نین بۆ جیهادکردن). ساردبوونەوەی موسڵمانان لە جیهاد و شەهیدبوون، دوای ئەوە و تەنانەت پاش فەتحکردنی شاری مەککەش کە سەرکەوتنی یەکجارەکی بۆ ئیسلام مسۆگەر کرد، چەند جارێکی تر دووبارە دەبێتەوە.

لە شەڕی تەبووکدا دژی ڕۆمە بیزەنتینییەکان، موسڵمانان وەکو "تەبەری" لە تەفسیرەکەیدا باسی دەکات، لە جیهادکردن سارد بووبوونەوە. ئەوەتا لەم بارەیەوە دەڵێت: (خورما پێگەیشت-کاتی ڕنینی هاتووە)، بەرەکەی پێگەیشتووە، حەزیان لە سێبەرە، دەرچوونیان زەحمەت بوو. وتیان: لە ناوماندا لەشقورس و خاوەنکاری پێویست و (الضیعة) جۆرە کارێکە لەناو عەرەبەکاندا باو بووە، خاوەنکار هەیە. لە پای ئەمەدا خواوەند ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە: (یا ایها الذین آمنوا ما لکم اذا قیل لکم انفروا في سبیل الله اثاقلتم الی الارض، ارضیتم بالحیاة الدنیا من الآخرة فما متا ع الحیاة الدنیا في الآخرة الا قلیل)، (التوبة - ٣٨). ستراتیجییەتی هاندانی خەڵک بۆ جیهادکردن بە پاداشتی ئەو دنیا، کاریگەری گەورەترە لە هاندانیان بە پاداشت و دەسکەوتی ئەم دنیا. ئەمەش دوای ئەو دوو ئایەتەی لە ئەنجامی شکستی شەڕی ئوحوددا هاتنە خوارێ، بوو بە ستراتیجێکی نەگۆڕ. "تەبەری" لە "ئیبن عەباس"ەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر فەرموویەتی: (کاتێک برایەکتان یان هاوڕێیەکتان شەهید دەکرێت، یەزدان ڕۆحیان دەئاخنێتە ناو سکی باڵندەیەکەوە و بەسەر ڕووبارەکانی بەهەشتدا دێت و دەچێت و لە بەروبوومی دەخۆن و دەچنە بەرچرا ئاڵتونینەکانی و لە سایەی عەرشی خوادا دەحەسێنەوە. کاتێک بەو جۆرە دەگەنە چاکترین جۆری خواردن و خواردنەوە و حەوانەوە، دەڵێن: بریا براکانمان بیانزانیایە خوا چی ڕژاندووە بەسەرماندا و چی بۆ دروست کردووین، بۆ ئەوەی چیی تر خۆیان لە جیهاد

بە دوور نەگرن و لە شەڕ خۆیان نەدزنەوە. خوا فەرمووی من لە بری ئێوە پێیان ڕادەگەیەنم و ئەم ئایەتانەی نارده خوارەوە بۆ پێغەمبەرەکەی).

ترس لە (ساردبوونەوەی ئیمانداران لە جیهادکردن و خۆدزینەوە لە جەنگ)، مەسەلەیەک بوو بیرکردنەوەی پێغەمبەریان داگیر کردبوو، بە تایبەت دوای کۆچکردنی بۆ شاری مەدینە و گۆڕینی ستراتیجییەتی خۆی لەوەی خەڵکی مەککە و هۆزە هاوپەیمانەکانیان بە زەبری شمشێر ناچار بکات ئیسلام قبووڵ بکەن، نەک قەناعەت پێکردنیان بە شێوەیەکی نەرمونیان. بەراوردکردنی خۆشی و لەزەتی کورت و کەم خایەنی ژیان بە چێژی زۆر و زەوەند و نەبڕاوەی بەهەشت، چەکی دەستی پێغەمبەر بوو لەو قۆناغەدا بۆ ئەوەی نەهێڵێت موسڵمانان لە جیهادکردن سارد ببنەوە. ڕیوایەتەکەی "ئیبن مەسعود" باس لە بەرزی و پلە و پایەی شەهید دەکات لە بەهەشتدا، لە ڕیوایەتێکی "ئیبن عەباس"دا هاتووە: (خوا دەچێتە لایان پێیان دەڵێت: حەزتان لە چییە بۆتان زیاد بکەم؟ ئەوانیش دەڵێن: لە سەروو بەهەشتەوە هیچی ترمان ناوێت. لە هەر شوێن و کاتێک ئارەزوومان کرد دەخۆین، ئەوەندە نەبێت دەخوازین جارێکی تر ڕۆح بکەیتەوە بە بەری لاشەکانماندا، تا بچینەوە دنیا و جارێکی تر لە پێناوی تۆدا بجەنگینەوە. ئەویش دەڵێت: بڕیارم داوە کە نەگەڕێنەوە. ئەو بڕیارەش جێی داخە، چونکە ئەگەر بگەڕانایەتەوە بۆ دنیا و براکانیان تێ بگەیاندایە لەو هەموو خۆشی و چێژەی بەهەشت، ئەوا دەستیان دەدایە جیهادکردن و خەڵکی پۆل پۆل دەهاتنە ناو ئیسلامەوە، بەهۆی ئەم موعجیزەیەوە کە هیچ بوارێک بۆ گومانکردن لە بوونی خوا و بەهەشت و دۆزەخ و.. هتد، ناهێڵێتەوە).

لە ئایەتی (١٧٠)ی سوورەتی (التوبة)دا بە ئاشکرا دیارە، موسڵمانان دڵگران بوون بەوەی دوای مردنیان تێکڕای ئەو ئامرازانەی ژیان بەجێ دێڵن کە لێی بەهرەمەند بوون. لێرەوە قورئان لەو ترسەیان کەم دەکاتەوە و دەڵێت:

(ولا خوف عليهم و لاهم يحزنون). "تــەبەری" دەڵێت: (و لاهم يحزنون)، واتە خـەفـەت ناخـۆن بۆ ئەو شـتـانەی لە دنـیـادا بەجێیـان هێشـتـووە لە دەوڵەت و مـاڵی زۆر، بەڵام هەمـوو مـوسـڵـمـانان بە خـێرایی باوەڕ بەو پاڵنەرە ئاینییـە ناکەن، واتە سێبەری دارخورماکان جێ بهێڵن بۆ چرای ئاڵتوونین لە سایەی عەرشـدا، لە دوای شەهیدبوون. لەگەڵ ئەو جۆرە گومانکارانەدا قورئان پەنا بۆ هەڕەشە دەبات لە ژیاندا بەر لە مردن: (ئەگەر نەچن) بۆ جیهاد، خوا زۆر بە سەختی سزاتان دەدات و دەتانگۆڕێت بە گەلێکی تر). (الا تنفروا للجهاد يعذبكم عذاباً أليماً ويستبدل قوماً غيركم)، (التوبة – ٣٩). قورئان چەکی تۆقـاندن و خـۆشـەویسـتکردنی جـیـهـادی لای مـوسـڵـمـانان بەکـار هـێنا، خۆشـەویستکردنی جـیـهاد لای ئـەو مـوسـڵـمـانانەی ترسـیـان لە جـیـهـاد و شـەهیدبوون هەبووە، ئەویش بە پاداشـتدانەوەیان بە بەروبوومی خۆش و پڕ تامی بەهەشت. لەلایـەکی ترەوە تۆقـاندنیـان بە سـزایەکی توند لە دواڕۆژدا و فـەرامۆشکردنیـان لە ژیاندا بەوەی بەنـەتەوەیەکی تر بیـانگۆڕێت، کاری خـۆی بە چاکی کـرد و بەڵگەش ئەوەیە ئـیـسـلام بەهۆی ئەم دوو چەکـەوە بەسـەر عەرەبدا زاڵ بوو.

دوای پرسـیـارکردنی سـۆسـیـۆلۆجیـای ئاینی لە دەلالـەتی ئەو دوو ئایەتەی باس لە شـەهیـدبـوون دەکەن، هەنووکە با لە بارەیانەوە پرسـیـار ئاڕاسـتـەی مـێـژووی بەراوردکـاری ئاینـەکـان بکەین، بۆ ئەوەی ئـەو ئەفـسـانانە بـەتاڵ کەینەوە و تەفسیرێکی ئەقڵانی باوەڕپێکراو بۆ شتەکان بکەین. بەهەشت لە زۆربـەی ئـاین و ئـەفـسـانەکـانـدا بـاسـی هـاتـووە، تـەنـانـەت لـەو ئاینـە بتپەرستیانەی پێش ئیسلامیش هەبوون. بەڵام جێ و شـوێنی ئەو بەهەشـتە لەسـەر زەمـیـندا بووە، وەکـو بەهەشـتی عـەدەن کـە لە تەوراتدا هـاتووە. هەروەها بەهەشتی چینییە کۆنەکان وەکو بەهەشتی موسڵمانان، پڕیەتی لە باڵندەی سـەوز کـە سـیـمـبـولی فـریشـتـەیە. یان بەهەشـتی ئەفـسـانە شەهوانییەکانی فارس کە "ڤۆڵتێر" پێی وایە، ئیسلام بەهەشتی خۆی لەسەر

ئەم مۆدێلە فارسییە دارِشتووەتەوە. بە هەمان شێوە دۆزەخیش هەر لە دێرزەمانەوە، میسرییە کۆنەکان و یۆنان و ڕۆمانەکان باسیان لێ کردووە و ناویان لێناوە (مەملەکەتی مردووەکان). مەملەکەتێک لێوانلێو بووە لە دڕندە و شەیتان و "هادیس"ی خواوەندی دۆزەخ ئەرکی سزادانی مردووانیان پێ سپاردوون.

هەر لێرەدا لە پیسکۆلۆجیا دەپرسین، هۆکاری دەروونی چییە لەوەی مرۆڤ خەیاڵی لە دۆزەخ و بەهەشت کردووەتەوە؟ لە وەڵامدا پێمان دەڵێت: (بەهەشت ئاماژەیە بۆ منداڵدانی دایک کە کۆرپە بۆ ماوەی هەشت نۆ مانگ بێ هیچ ڕەنجێک ژەمە خۆراکی خۆی دەدرێتێ و دوای لەدایکبوونیش مەمکی دایک جێگەی منداڵدان دەگرێتەوە. بەڵام ئاگری دۆزەخ تەعبیرە لە گڕی جیابوونەوە لە دایک و لەوەش سەختتر ئەو شۆکەیە منداڵ لە ئەنجامی بڕینەوەی شیری دایکی لێی دوچاری دەبێت، ئەمەش لە هەموو شۆکەکانی تر قورسترە و هەستی ڕقبوونەوە لەوانی تر لە مرۆڤدا دروست دەکات و هەڵوەدای جیهاد و شەهیدبوون دەبێت لە پێناو یەزداندا. بۆ ئەوەی تۆڵەی تاوانی لە شیر بڕینەوەی بکاتەوە، ئەو تاوانەی دایکێکی نەزان بێ یارمەتی پزیشکێکی پسپۆڕ کردی تا لەو شۆکە سەخت و ترسناکەی کەم بکاتەوە). هەر لە کۆنیشەوە وتراوە: (ئاگری گەورە لە پزیسکی بچووکەوە دەکەوێتەوە).

ئاخۆ ئەوانەی شیوەن بۆ تەقینەوەکانی ڕیاز و دارلبەیزا دەکەن، ئازایەتی دەدەنە بەرخۆیان و زانستە مۆدێرنەکان دێننە ناو خوێندنی ئاینییەوە، بۆ ئەوەی موسڵمانی ژیر و ئاقڵ پێ بگەیەنن؟ هەوڵێکی لەم جۆرە چاکترین شتە بۆ دەرچوون لەو گەمە عەبەسییەی بڕستی لەبەر بڕیوین: گەمەی پڕکردنی مێشکی منداڵ و هەرزەکار و گەنجان لە کولتووری جیهاد و شەهیدبوون، بە درێژایی ساڵانی خوێندن و پاشان تەیارکردنی پۆلیس و سوپا و دەزگاکانی ئاسایش بۆ ڕاوەدوونان و دەسگیرکردنیان، هەر کاتێک کردەوەیەکی خۆکوژی ئەنجام بدەن!. سەروەختێک تیرۆرمان دەنارده

دەرەوە، هەموو ڕێنوێنی و ئاگادارکردنەوەیەک بۆ نوێکردنەوەی سیستەمی خوێندن، بەلای میانڕەوەکانەوە شۆخیکردن و بۆ توندڕۆکانیش بیدعەکاری بوو، بەڵام ئێستا تیرۆر بەرۆکی خۆمانی گرتووە و مەسەلەکە بۆ ئێمە لەم ڕووەوە بووەتە ئەوەی: یان دەبێت تیرۆر بەرهەم نەهێنین یان نابین.

# هەژاری و توندڕەوی ئاینی

له ماوەی کۆنگرەی ڕۆشنبیریی قاهیرەدا کە مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٣ لە میسر بەڕێوەچوو، ڕۆژنامەنووسێک پرسیاری لە چاکترین ڕێگەیەک بۆ بەرگرتن لە توندڕۆیی ئاینی لێ کردم و منیش لە وەڵامدا پێم گوت: بۆ بەرگرتن لە توندڕۆیی ئاینی پێویستمان بەمانە هەیە:

١- دیاریکردنی ڕێژەی منداڵبوون.

٢- چاککردنی بواری پەروەردەی ئاینی.

٣- نەهێشتنی هەژاری.

هەستم کرد وەڵامدانەوەکەم تووشی نائومێدی کردبێت، لەبەرئەوەی چاوەڕێی نەدەکرد وەڵامێکی وای بدەمەوە، بەڵام پاش سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە وەڵامەکانم، پێم وابوو کە وەڵامێکی واقیعییانەیە و ئەزموونی وڵاتی توونسیش کە ئەزموونێکی تایبەت و کەم وێنەیە لەو بوارەدا، پشتگیری قسەکانم دەکات..

ئەگەر لە توونسدا ڕێژەی منداڵبوون دیاری نەکرایە، ئەوا ژمارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە لە ئێستادا لە بری ئەوەی ١٠ ملیۆن کەس بێت، دەگەیشتە ٢٥ ملیۆن کەس. هەروەها گەر لە ساڵی ١٩٩٠دا چاکسازی لە بواری خوێندندا نەکرایە، ئەوا خوێندنگەکانی توونس وەک خوێندنگەی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی، دەبوونە مەڵبەندی دەمارگیری ئاینی و تیرۆر. هاوکات ئەگەر سندووقی نەتەوەیی بۆ هاوکاریکردن نەبوایە کە ساڵی ١٩٩٣ "زەینەلعابدین بن عەلی" سەرۆکی ئەو وڵاتە پێشنیازی کرد، بۆ نەهێشتنی ئەو هەژارییەی لە سەرەتای ساڵانی نەوەتەکاندا ١٣٪ دانیشتوانی توونس

واته نزیکەی ملیۆنێک کەس تێیدا دەژیان، ئەوا لە ئێستادا ئەو ڕێژەیە زیاتر دەبوو. بەڵام بوونی ئەو سندووقە وای کرد لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠١ ڕێژەی هەژاری لەو وڵاتەدا بۆ ٤٪ دابەزێت و پێشبینیش دەکرێت لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥دا، هەژاری لەو وڵاتەدا نەمێنێ.

ئەرکی ئەو سندووقە نەتەوەییە کە هاووڵاتیانی توونس سندووقی (٢٦-٢٦)ی پێ دەڵێن، ئەوەیە لاوانی توونس بە کۆمەڵگەکەیانەوە ببەستێتەوە. یەکێک لە گرینگترین خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی دینامیکی ئەوەیە، بتوانێت لە ڕێی دۆزینەوەی هەلی کارکردنەوە گەنجەکانی بەخۆیەوە گرێ بدات، ئەمەش هەستێکی قووڵی ئینتیماکردن بۆ کۆمەڵگە لای ئەو گەنجانە دروست دەکات. هەستکردن بەو ئینتیمایەش بە مەرجێکە، هاووڵاتی و بە تایبەتی گەنجان، هەست بکەن مافی هاووڵاتیبوونیان هەیە، لە پێش هەمووشیانەوە مافی دابینکردنی داهاتووی خۆیان، واتە مافی کارکردن و بوونی شوێنی نیشتەجێبوون و دروستکردنی خێزانیان هەبێت.

لە نەبوونی ئەم پەیمانە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەدا، گەنج ئەو هەستە قووڵەی ئینتماکردنی بۆ کۆمەڵگە لا نامێنێت و بگرە مەیلی تۆڵەسەندنەوەی لەلا دروست دەبێت، بۆ ئەمەش پەنا دەباتە بەر توندڕۆترین و عەدەمینترین گرووپ، وەک گرووپە ئیسلامگەراکان. گرووپە ئاینییە توندڕۆکان لاوازی هەستکردن بە ئینتیما بۆ کۆمەڵگە لای گەنجان دەقۆزنەوە، بە تایبەت ئەو گەنجانەی زۆر هەژارن و لە ڕووی سۆزدارییەوە وێرانن و لە ڕووی سێکسیشەوە چەپێنراون، ئەمانە پەلکێش دەکەنە ناو پرۆژە خۆکوژییەکەیانەوە. ڕۆژنامەی (الاحداث المغربية) لە یەکێک لە ژمارەکانیدا ئەوەی دووپات کردبووەوە کە سەرجەم ئەوانەی لە کارە خۆکوژییەکانی شاری (الدار البیضاء)دا بەشداربوون، لە ناوچە هەژارنشینەکانی شارەکانی مەغریبەوە هاتوون. لە ڕووی ستراتیجییەوە گرووپە ئاینییە توندڕۆکان ئەو بۆشاییە پڕ دەکەنەوە کە گەنجان بەهۆی بێ ئینتیماییەوە

هەستی پێ دەکەن، بەڵام چۆن؟ بێگومان لە ڕێی ئەوەی مژدەی ئاینده بەو گەنجە نائومێدانە دەدەن و لە بری نەبوونی هیچ ئینتیمایەک بۆ نەتەوەکەیان، ئەو نەتەوەیەی نەیتوانی ئەمانە تێکەڵ بە کۆمەڵگە بکات، ئینتیمایان بۆ (نەتەوەی ئیسلامی) لا دروست دەکەن و قوربانیدانیان لە پێناو ئەو نەتەوەیەدا لا جوان و پیرۆز دەکەن، نەتەوەیەک کە هەمووان گوێبیستی دەبن و کەسیش لە واقیعدا نایبینێت. ئەو گرووپانە فیزای چوونە بەهەشت دەدەنە ئەو گەنجانە، گەر بێتو ئامادەی قوربانیدان بن بۆ (نەتەوەی ئیسلامی) و لەو پێناوەدا خۆیان بە کوشت بدەن.

گرووپە ئاینییە توندڕۆکان بە پێشکێشکردنی یارمەتی مادی بەوانەی نەدار و هەژارن، ئەوانەش زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی وڵاتانی عەرەبی پێک دێنن، توانییان ئەوانە بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و بیانکەنە هەواداری خۆیان. ئەو گرووپانە لە کۆمەڵگە عەرەبییەکاندا لە پای غیابی ڕۆڵی دەوڵەتدا، بەکاری دەوڵەت هەڵدەستن.. فێندەمێنتالیزمی شیعە لە ئێران، بەهۆی زەکاتدانەوە توانی هاوسۆزی دانیشتوانی باشووری تاران بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و هەر ئەوانیش توانییان ئاخوندەکان بگەیەننە دەسەڵات، بەڵام هەر کە گەیشتنە سەر کورسی حوکمڕانی، ڕێژەی هەژاری ١٩٪ بووبە ٦٥٪ و لە ماوەی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران عێراقیشدا، مەلاکانی ئەوێ ٧٠ ملیار دۆلاریان ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کرد. لەلایەکی ترەوە بەرەی ئینقازی ئیسلامی توانی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان و پەرلەمانی جەزائیر بباتەوە، ئەویش بەهۆی ئەو یارمەتییە زۆرانەوە بوو کە پێشکێشی هەژارانی ئەو وڵاتەی کرد و سەرچاوەکەشی ئەو لێشاوە دۆلارە بوو کە هەندێک لە دەسەڵاتدارانی وڵاتانی کەنداو تەرخانیان کردبوو بۆ ئەو پرۆسەیە.

ئیخوان موسلمینیش لە میسر بەدەرنین لەم حاڵەتە و لەمڕۆشدا جەماوەریان لە تەواوی حزبە دیموکراسییەکانی ئەو وڵاتە زیاترە، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و ڕۆڵی ڕاگەیاندن و

سیستەمی پەروەردە (بەتایبەت پەروەردەی ئاینی) و هەژارییەکی لە ڕادەبەدەر، لەگەڵ ئەو هێندە یارمەتییانەی ئەم گرووپە دەیداتە هەژاران لە بری دەوڵەت و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان. لە توونس ئەگەر سندووقی نەتەوەیی بۆ هاریکاریکردن نەبوایە، ئەوا گرووپی (النهضة)ی توندڕۆ دەیتوانی هەژاران بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و کۆمەڵگەی توونسیان پێ وێران بکات، وەک چۆن "خومەینی" کۆمەڵگەی ئێرانی و بەرەی ئینقازی ئیسلامیش کۆمەڵگەی جەزائیری وێران کرد. لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٣-٢٠٠٠، پلانی سندووقی هاریکاریکردن توانی ئەو خانووانە نەهێڵێت کە شایستەی ژیانی مرۆڤ نەبوون و نزیکەی ١٨١ هەزار خانەوادەی تێدا بوو. هاووڵاتییانی توونس تەنانەت ئەوانەشی دەستکورت بوون بڕی ٥٠٠ ملیۆن دیناریان کۆ کردەوە و دایانە سندووقی هاریکاری، وەک پشتیوانیکردنێک لەو پرۆژەیە بۆ ڕیشەکێشکردنی هەژاری لە وڵاتدا. ئامانجی پلانی ئەو سندووقە ئەوەبوو دانیشتوانی ناوچە هەژارنشینەکان لە شوێنی خۆیاندا بمێننەوە و شاڵاوی کۆچکردن لە لادێوە بۆ شارەکان ڕابگرن، ئەم کارەشیان بەوە کرد کە سەرچاوەی نان پەیداکردن لەو ناوچانەدا دەستەبەر بکەن و هەلومەرجی ژیانی خەڵکەکەش چاک بکەن. دوای ئەوە حکوومەت لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١-٢٠٠٤، دەستی بە جێبەجێکردنی پلانی چوار ساڵی کرد کە ئامانج لێی تێکدانی خانووە کۆن و سەرەتاییەکانە و گۆڕینیانە بە خانووگەلێک شایستە بێت بە مرۆڤێک کە لە بەراییەکانی هەزارەی سێیەمدا دەژی و ڕێگاوبان و ئاوی خواردنەوە و.. هتد، بۆ دابین بکرێت.

سەرکەوتنی ئەو ئەزموونە لە توونس، وای کرد ببێتە نموونەیەکی جیهانی و نەتەوە یەکگرتووەکان لە شێوەی سندووقی هاریکاریکردنی نێودەوڵەتیدا تەبەنی بکات، بۆ نەهێشتنی دیاردەی هەژاری کە زیاد لە نیوەی دانیشتوانی سەر زەوی بە دەستییەوە دەناڵێنن. خۆزگە سەرجەم وڵاتانی عەرەبی

پەیڕەوی ئەو ئەزموونەی وڵاتی توونسیان دەکرد، بۆ ئەوەی هەژارییان لە وڵاتەکانیاندا پێ ڕیشەکێش بکردایە، ئەو هەژارییەی کەرەستەیەکی لەبارە بۆ توندڕۆیی ئاینی. لە ڕووی مێژووییەوە نەهێشتنی هەژاری لە ئەورووپادا بەدوو قۆناغدا تێپەڕیوە:

قۆناغی یەکەم/ ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەناوی هاوکاری ئەخلاقی لەگەڵ هەژاراندا، شانیان دایە بەری و ڕووبەڕووی بوونەوە. بەم جۆرە لە سەدەی نۆزدەمەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی چەندین ڕێکخراوی کۆمەککردن بە هەژاران دروست بوون و کاریان ئەوەبوو، سەرشانی هەژاران کەمێک سووک کەن و لە ڕێی چاککردنی گوزەرانی ژیانیانەوە تۆزێک هیوایان بۆ بگێڕنەوە.

قۆناغی دووەم/ لە سەروەختی جەنگی دووەمی جیهانییەوە دەست پێ دەکات، کاتێک ئەم ئەرکە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی پێی هەستا. بەتایبەت کە لە ڕووی ئابوورییەوە بەهێز بوو دەیتوانی کۆمەک بە هەژاران بکات. لێرەوە یارمەتیدانی نەداران لە ئەرکێکی ئەخلاقییەوە بوو بە ئەرکێکی یاسایی، واتە گۆڕا بە مافێک لە مافەکانی مرۆڤ.

# ئیسلامییەکان و ڕۆشنبیران

ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ هەموو ئەو شتانەی ناو کەلەپووریان دەمەزەرد کردەوە کە دژی رۆشنبیری و ژیانن، ئەمەش بە مەبەستی تەکفیرکردنی بیرکردنەوە و ناوزەدکردنی هەموو داهێنانێک بوو بە بیدعەکاری.. فەقیهەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، وێنەکێشان و گرافیک و فەلسەفە و تەنانەت لۆجیکیشیان قەدەغە کردبوو. لەم بارەیەوە "سیووطی" دەڵێت: (ئەوەی لۆجیک بێژبێت کافرە)، هەروەها "ئیبن سەلاح" دەڵێت: (لۆجیک دەتباتەوە سەر فەلسەفە کە کوفرە، چوونەوە سەر کوفریش کوفرە). سەروەختێکیش "ئیبن روشد" دوچاری راوەدوونان هات، فەقیهەکانی قورتوبە بە کۆرس دەیانوت: (بە لۆجیک کاریان کردو وتیان ئەمە حەقیقەتە، بەلاکان دەچنەوە سەر لۆجیک).

ئیسلامییەکان شانیان دادایە سەر ئەم کەلەپوورە تاریکەی، دوژمنی رووناکی ئەقڵە و دوو چەکی ترسناکیشیان لێ خواست بۆ بێدەنگکردنی رۆشنبیران. ئەو دوو چەکەش بریتی بوون لە: سانسۆر و تیرۆر.. نووسەری ئێرانی "سەرکۆهی" باسی ئەو شیزۆفرینیایە دەکات کە رۆشنبیرانی ئێران، بەهۆی سانسۆری زۆری حکوومەتی ئیسلامییەوە دووچاری بوون: (لە ناخی هەر نووسەر و رۆژنامەنووسێکی ئەم وڵاتەدا دوو کەس هەن، یەکێکیان دەنووسێت و ئەوی تریشیان هەڵدەستێت بە سڕینەوە، یاخۆ لە باشترین حاڵەتدا مانای رستەکان بەڕەمز و میتافۆر بارگاوی دەکات)، (ئێکسپرێس-٢٠٠٠/٦/٨). لەلایەکی ترەوە حزبوڵلای ئێرانی- کە پێشبینی ناکرێت رێ بە چی دەدات و چی قەدەغە دەکات-، زۆرجار کتێبی وەهای سووتاندووە کە دەوڵەت بە چاپکردنی رازی بووە و مۆڵەتی رەسمی پێدراوە، بەڵام حزبوڵلا

گوێی بەوە نەداوە و جگە لە سووتاندنی کتێبەکە، دەستیان داوەتە گرِدانی ئەو خانەی بڵاوکردنەوەیەی چاپی کردووە و هەروەها کەوتوونەتە راوەدوونانی نووسەرەکەشی.

ئیسلامییەکان هەر تەنیا بە دانانی سانسۆر رۆشنبیرانیان سەرکوت نەکردووە، بگرە ئەم پرۆسەیەیان بە تەکفیرکردن و تیرۆر درێژە پێداوە. بۆ نموونە "خومەینی" بە درێژایی ژیانی (شانازی بە دەرکردنی فەتوای کوشتنی ئەحمەد کیسرەوییەوە دەکرد لە ساڵی ١٩٤٧دا)، (بڕوانە: ئەمیر تاهیری). ساڵی ١٩٧٩ کاتێک پرسیاری ئەوەیان لە "خومەینی" کرد بۆچی فەرمانی بە لە سێدارەدانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی داوە بەبێ دادگاییکردنیان، لەوەڵامدا دەڵێت: (لەبەرئەوەی ئەوانە تاوانبارن و پێویست ناکات کاتی خۆمانیان لەگەڵدا بکوژین و بکەوینە دادگاییکردنیان)، (هـ.س.پ). بەناوی شەریعەتی ئیسلامییەوە جێنشینە توندڕۆکانی "خومەینی" لە ناوەوە و دەرەوەی ئێراندا، دەستیان دایە جێبەجێکردنی یاسای جەنگەڵ بەسەر رۆشنبیراندا. بڕگەی ٢٢٨ لە یاسای سزادانی ئیسلامی دەڵێت: (ئەگەر بۆ دادگە ساغ بووەوە ئەو کەسەی کوژراوە، خوێنی حەڵاڵ کراوە -واتە مورتەدە-، ئەوا بکوژەکەی ئازاد دەکرێت و بە بێتاوان دەدرێتە قەڵەم).. هەر بە ناوی ئەم یاسای جەنگەڵەوە، دەزگای شەهیدان کە سەر بە رابەری شۆڕشی ئیسلامییە، خەڵاتێکی بە بڕی دوو ملیۆن دۆلار بۆ کوشتنی "سەلمان روشدی" رۆماننووس تەرخان کرد.. دواجار هەر لە سایەی ئەم یاسایەدا، ئیتلاعات ناوی ١٨٠ رۆشنبیری ئێرانی خستە لیستی رەشەوە بە مەبەستی تیرۆرکردنیان، بەڵام تەنیا دەستیان بە چوار کەس لەوانە گەیشت و ئەگەر سەرۆک "محەمەد خاتەمی" نەهاتایەتە ناو مەسەلەکە، ئەوا کۆی ئەوانی تریش بە دەردی ئەو چوار رۆشنبیرە دەچوون!

ئەو رووباری خوێنەی ساڵی ١٩٧٩ شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران لەگەڵ خۆیدا هێنای، ڕک و کینەی لە ناخی ئیسلامییەکانی دەرەوەی ئێراندا بێدار

کـردەوە، تا نەیارەکـانیـان وەک دوژمن ببـینن و بکەونە پاکتـاوکـردنیـان. بۆ نموونە سـاڵی ١٩٨٥ بـە تۆمـەتی (هـەڵگەڕانـەوە)، "حـەسـەن تورابی" بڕیاری لەسـێدارەدانی فـەیلەسـووفی عـارف "مـحـەمـەد مـەحـموود تەها"ی دا. سـاڵی ١٩٩٩ دادگـەی ئیسـتـیـئناف لە خـەرتووم بە تۆمـەتی (سـووکایەتیکردن بە ئاین)، هونەرمـەندێکی بـە لێـدانـی ٢٦٠ قـامـچی حـوکم دا. لە لوبنانیش ئیسـلامییەکانی سەر بە حزبوڵڵا، هەسـتان بە تیرۆرکردنی "مەهدی عامل" و "حسین مروه"! شایەنی باسە "حسین مروه" هێندە کەنفت بوو، لەسەر جێدا چاوەڕێی مردن بوو. لە میسر ئیسلامییەکان "محەمەد عەبدولوەهاب"یان بە هەڵگەڕانەوە لە دین تاوانبـار کـرد، لەبەرئەوەی گـۆرانی (من غـیـر لیـه؟)ی وتبوو. هەمـان حـوکمیشـیـان بەسـەر "نەصر حـامد ئەبوزێد"دا دا. لە پێناو ڕۆمانی (اولاد حارتنا)، تیرۆرستێکی ئیسلامی "نەجیب مەحفوز"ی دایە بەر چەقۆ و یەکێکی تر بەپێی فەتوایەک، "فەرەج فۆدە"ی تیرۆر کرد.

لە سـەروەختـی دادگەییکردنی ئەو تیـرۆریسـتـەی "فـەرەج فۆدە"ی تیـرۆر کـردبوو، دادوەر لێی دەپرسـێت بۆچی کـوشـتت؟ ئەویش لە وەڵامـدا دەڵێت: لەبەرئەوەی عـەلمـانی بوو.. کـە دادوەر دەپرسـێت عـەلمانی یانی چـی؟ دەڵێت: نازانم! کاتێک دادوەر رووی پرسیـار دەکاتە "مـحـەمـەد غـەزالی"، یـەکێک لە سەرکردەکانی ئیخوان موسلمین، لـەبارەی ئەوەی حوکمی خـوا چییـە لەسەر ئەوانەی خـەڵک دەکوژن؟ وەکی کـەسێکی توندڕۆ بە تەواوی یەقینەوە دەڵێت: (ئەوانە حوکمی هەڵگەڕانەوە لە ئاینییان بەسەر ئەو کەسەدا داوە، کارێک کە دەبوو دەسـەڵاتداری یەکـەمـی دەوڵەت بیکردایە و نـەی کـرد). جـارێکی تر دادوەر لێی دەپرسێت: (کەواتە حـوکمی ئەوانە چییـە؟) لەوەڵامـدا "غـەزالی" وەکی سومبولی میـانڕەوی دەڵێت: (ئەوانە حوکمی خـوایان جێبـەجێ کردووە و ئیسـلام سزای ئەوانە نادات). تیـرۆریستـەکە کاتێک گوێبیستی فـەتواکەی "محەمەد غەزالی" دەبێت کە رشتنی خوێنی "فەرەج فۆدە" بە حەڵاڵ دەزانێت، پڕ بـە هۆڵی دادگـەکـە هاوار دەکـات و دەڵێت: (ئێـسـتـا بە ویژدانێکی

ئاسـوودەوە دەمـرم). ئەرکی فـەتوادان ئـەوەیە بە هەڵگرتنی گـوناھ لەسـەر شـانی کەسـی تـیرۆریست، ویژدانی ئـەخلاقی ئاسـوودە بکات، بۆ ئەوەی سـاز و ئامادە بێت بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەک ئامبازی نێچیرەکەی بێت.

لە جـەزائیریش ئیسلامـیـیـەکان زیاد لە شەسـت رۆشنبیریان تیرۆر کرد، لەوانە: "تاهیر جـەعوتی" شـاعیر و "جیلالی یابسی" ئـەکادیمیست. بەرەی ئینقازی ئیسلامی لەسەر زاری "ئەنوەر هەدام" تەبەنی تیرۆرکردنی "جیلالی یابس"ی کـرد. شـایەنی باسـە لە سـەروبەندی تیـرۆرکـردنی "یابس"دا، توندڕۆیەکی ئیسـلامـی توونسی نووسـیـبووی: (چارەنووسی ئەو عەلمانییە توونسـیـیانەی دەستـیـان لەگەڵ ڕێژیمدا تێکەڵ کـردووە، وەک چارەنووسی یابس دەبێت). دواجـار "یوسف قـەرزاوی" کە بەحسـاب کەسێکی مـیانڕەوە، فەتوای تەکفیرکردنی دەرکرد بۆ "حەیدەر حەیدەر"و ڕۆمانەکەی (خوانێک بۆ گژوگیاکانی دەریا)و هەر کەسێکیش ئەو بەرهەمە بە کارێکی داهێنەرانە بزانێت، (واتە زۆربەی زۆری رۆشنبیران و داهێنەران و ڕەخنەگران لە میسر و وڵاتانی تری عـەرەبی، تەنانـەت ئەوانەشی وەکـو من ناکـۆکن لەسـەر ناوەڕۆکی سـیـاسـیـی ڕۆمـانەکـە)، ئەو فـەتوایە دەیانگرێتـەوە. ئاشکرایە تەکفیرکردن بە مانای حەڵاڵکردنی خوێنی ئەوانە دێت کە تەکفیر دەکرێن و هاندانی هەر ئیمانداریێکیشە بتوانێت ئەو کارە جێبەجێ بکات!

سـەرکوتکردنی رۆشنبیران لەلایەن ئیسلامییەکانەوە، بە قەدەغەکردنی کتێبەکانیـان و راوەدوونانیان و فەتوادان بە کوشتن و بڕین و دادگاییکردن و لەسێدارەدانیـان، لەبەرئەوەی پرۆسـەیەکی بە بەرنـامـەیە و بەردەوام دووبارە دەبێتـەوە، خەریکە دەبێتە حوکمی یاسـا. بێگومـان لێرەدا پرسـیـارێک دێتە پێش کە بۆچی ئیسلامییەکان تەکفیری بیرکردنەوە و بیریاران و داهێنەران دەکـەن؟ وەکی پرۆژە وەڵامـێکی کـراوە بۆ گـفـتـوگـۆکـردن، پێنج گـریمانە بەردەست دەخەم:

١- ئەو توندڕۆی و دەمارگیرییەی لە ناخی دەروونیاندا رەگی داکوتاوە، دەیانخاتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی ئەوان خاوەنی مەعریفەیەکی ئیلاهین و پێویستییان بە هیچ شتێکی تر نییە. ئەو حەقیقەتەی دەمارگیرێکی ئسووڵی خۆی بە خاوەنی دەزانێت، لە واقیعدا جگە لە وەهمێکی گەورە شتێکی تر نییە و پەنا بەم وەهمە دەگرێت، لەبەرئەوەی ناتوانێت رووبەڕووی حەقیقەتە تاڵەکان بێتەوە و بیر لە خۆکوشتن نەکاتەوە. ئەم مرۆڤە پێی وایە پەسەندنەکردنی هەر بۆچوونێکی و بوونی ڕای جیاوازتر لە هی ئەو، مانای سووکایەتی پێکردن و شکاندنی کارەکتەری ئەوە. ئەمەش دەیخاتە حاڵەتێکەوە تا ساز و ئامادە بێت بۆ شەڕانگێزی و پاکتاوکردنی بەرامبەر، وەک ئەوەی لە دۆخی بەرخوردێکی شەرعیدا بێت لە خۆی.

٢- پێیان وایە دەبێت خەڵکی ئاراستە بکەن و بانگیان بکەن بۆ سەر رێگەی راست، ئەم حەز و ئارەزووەش بۆ ئاراستەکردنی خەڵک وەکی دەروونشیکاری باسی دەکات، تێکەڵەیەکە لە سادیزم و خود ئەڤینی و ئەوەشی دوچاری ئەم پەتایە بووبێت، بۆچوونەکانی خۆی وەکی ئیرادەی یەزدان بەسەر ئەوانەدا فەرز دەکات کە باوەڕیان پێی نییە و وەک ئەو بیر ناکەنەوە. لە راستیدا ئەوە نەک هەر تەعبیر نییە لە ئیرادەی ئیلاهی، بگرە گوزارشتە لەو نەخۆشی و هەلوەسانەی لە ناخی ئەو مرۆڤەدا هەن.

٣- ناکارایی و دەسەوسانی دەستەبژێرەکانی جیهانی ئیسلامی، لەوەی بتوانن وەکی پێویست (هاووڵاتی لە ئیماندار و ئاین لە سیاسەت و دواجار ئاین لە توێژینەوەی زانستی و ئەفراندنی ئەدەبی و هونەری) جیا بکەنەوە، ئەمەش بۆ خۆی ناوەڕۆکی پرۆژەی مۆدێرنەیە.

٤- نەگۆڕانی مەرجەعییە فیقهییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و تازە نەبوونەوەیان، بە جۆرێک بتوانێت خۆی لەگەڵ یاساکانی سەردەمدا بگونجێنێت، بە تایبەت مافەکانی مرۆڤ کە بواری ئازادیی بیرکردنەوە و

رادەربڕین دەستەبەر دەکات و وەک یەکی سەیری هەموو بیروباوەڕەکان دەکات. لەم سەردەمەدا هەر یاسا و بیر و بۆچوونێک دژ بە بنەماکانی مافی مرۆڤ بێت، شەرعییەتی خۆی لەدەست دەدات و بۆ ئەوە باشە لە ئەرشیفدا هەڵبگیرێت. پێویستە وڵاتانی ئێمە کە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤیان پەسند کردووە، ڕێزی ئیمزاکانی خۆیان بگرن و سەرلەنوێ فیقهی کۆن لەسەر بنەمایەکی مۆدێرن دابڕێژنەوە. ئەمەش مانای وایە یاساگەلێک دەربکرێت کە بوار بە هەموو ئاقارە ئەدەبی و هونەری و فەلسەفی و زانستییەکان بدات، گوزارشت لە خۆیان بکەن و بە ئازادیش لێکۆڵینەوە و گومان و ئەزموونی شتەکان بکرێت، هەروەها ئەقڵ و خەیاڵ سانسۆر نەکرێن و سنووریان بۆ دانەنرێت.

واتە بە جۆرێک کار بکەین کە میللەتانی دنیا لە سەرتاسەری گۆی زەویدا دەیکەن. خۆدزینەوەمان لە دەسکەوتەکانی مۆدێرنە، ناهەقییەکی گەورەیە دەرهەق بە خۆمان.

٥- ئیسلامییەکان کە سەرکوتکردنی فیکر و داهێنان بووەتە پیشەیان، لە واقیعدا ئەوانە لەیەک کاتدا هەم جەسدن و هەم قوربانیش. جەسدن لەبەرئەوەی بەناوی شەریعەتەوە یاسای جەنگەڵ بەسەر ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیراندا دەسەپێنن و بەم کارەشیان ئازادییان لێ زەوت دەکەن و خوێنیان دەڕێژن.

قوربانیشن، لەبەرئەوەی زۆربەی زۆریان هەر لە منداڵییەوە بە بەرنامەیەکی ئاینی کۆن و نەزۆکی وا پەروەردە کراون، دوور بووە لە سۆسیۆلۆجیا و مێژووی ئاینەکان و سایکۆلۆجیا و زمانەوانی و.. هتد. بەرنامەیەکی ئاینی لەو جۆرە مێشکی پڕ کردوون لە مەرگدۆستی و نەفرەتکردن لە زیندەگی و تەکفیرکردنی ئەو سەردەمەی تێیدا دەژین. دواجار ئەمانە قوربانی دەستی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیشن کە وەک

پەروەردەی ئاینی، خەڵک بەرامبەر ژیانی مۆدێرن رق ئەستوور دەکەن و سووکایەتی بە دەسکەوتەکانی مۆدێرنەوە دەکەن.

لێرەدا ئەوە بە بیر دەهێنمەوە کە یەکێک لەو پارێزەرانەی بەشدار بوو لە فەتواندان بۆ تیرۆرکردنی "فەرەج فۆدە"، بە بەردەوامی لە تەلەفزیۆنی میسرەوە دەردەکەوت و ملیۆنان بینەر دەیانبینی، بۆ ئەوەی مێشکیان بشواتەوە و ئامادەیان بکات ببنە بکوژ و کوژراو، بکوژی رۆشنبیران و کوژراوی دەستی هێزەکانی ئاسایش!.